دێمۆکراسی بۆ ئێران    خودموختاری بۆ کوردستان

# کوردستان

ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران

١٥ی سەرماوەزی ١٣٨٢ | ٦ی دیسامبری ٢٠٠٣ | ژمارە ٣٧٨ | ١٥٠ تمەن

## دیسان جینایەتی کۆماری ئیسلامی لە سەردەشت

سەعات ٥ی دوانیوەڕۆی ١٣٨٢/٩/١٢ی هەتاوی دوو کەس بەناوەکانی ئەحمەد ئەشك شیرین کوڕی حوسێن خەڵکی گوندی وەردێو عەلی کوڕی ڕەسووڵ خەڵکی گوندی وەردێ کە لە گوندی نەڵاس ڕا دەیانەوێ بگەڕێنەوە بۆ شاری سەردەشت لە سێڕێیانەی شاری سەردەشت (خوارەوەی پۆمپی بێنزین بەرامبەر بە پادگانی سەردەشت) فەرمانی ڕاوەستانیان پێدەدرێ. بەڵام لێخوڕی ماتۆر سکلیتەکە لەبەر ئەوەی ماتۆر سکلێتەکەی ژمارەی نەبووە ڕاناوەستێو هەروا بەرەو شاری سەردەشت دەڕوا، ماشێنێکی هەڵگری هێزی ئینتزامیو پۆلیسی هاتوچۆ وەدوایان دەکەونو لە بەرامبەر پادگانی شار وەپێش ماتۆرەکە دەکەونەوەو لە پێشیان ڕادەوەستن. هەرکە ماتۆرەکە دگاتە تەنیشت بەکرێگیراوەکان، فەرمانەدەکەیان دەچێتە پێشو بە پێلاقەیەك ماتۆرەکە لە ڕێگای خۆی لاڕێ دەکاو لە ئاکامدا ئەم دوو لاوە دەکەونە پێش ماشێنێکی مینیبووسو لە ژێر مینیبووسەکەدا زۆر بە سەختی بریندار دەبن. دیارە موسافیرانی نێو مینیبووسەکە شاهیدی ئەم ڕووداوە تاڵە بوون، هەربۆیە گورج ڕایان دەگوێزن بەرەو نەخۆشخانەی شاری سەردەشت. بەداخەوە ئەحمەد بەر لەوە بگاتە نەخۆشخانەکە گیانی لە دەست دەداو نەفەری دوهەمیش بەرەو ورمێ بەڕێ دەکرێ کە بەداخەوە ئەویش لە شاری ورمێ گیانی خۆی لەدەست دەدا. چەند کاتژمێر دوای ڕووداوەکە کەس‌وکاری قوربانی‌یەکانو بەشێك لە لاوانی بەهەستو خوێن گەرمی شاری سەردەشت لەبەر دەرگای پادگانی شار کۆ دەبنەوەو، نارەزایەتیی خۆیان دژی ئەم کردەوە جینایەتکارانەیە دەردەبڕن.

٤

## کێ خائینە، خەیانەت کامەیە؟!



ڕۆژی دووشەممە ١٠ی سەرماوەز، خاتەمی سەرکۆماری ڕێژیمی ئیسلامی ئێران لە کۆبوونەوەی ئەندامانی هەیئەتەکانی بازرەسیی هەشتەمین دەورەی هەڵبژاردنی مەجلیس، وێڕای ئاماژە بە پێویستیی بەشداریی خەڵك لە هەڵبژاردندا و باسی نەخشی مەجلیس، گوتی ڕەخنەگرتن لە قانوونی ئەساسی مەسەلەیەك نیە، بەڵام ڕەخنەیەك کە ببێتە سەرەتا بۆ"نا" گوتن بە کۆماری ئیسلامی، خەیانەتە.

دیارە ئەوە یەکەمجار نیە کە خاتەمی داوای گۆڕینی قانونی ئەساسی بە خەیانەت دەزانێ. ناوبراو پێشتریش لەو بارەوە قسەی کردبوو و گۆڕینی قانوونی ئەساسیی بە خەیانەت ناوبردبوو. ئەوە بەجێیخۆی کە قسەی خاتەمی کە دەڵێ ڕەخنەگرتن لە قانونی ئەساسی قەیدی ناکا بەڵام گۆڕینی خەیانەتە، لەگەڵ یەك ناتەبانو ناگونجێن. چونکە هەر ڕەخنەگرتنێك لە قانونی ئەساسی نیشانەی بوونی کەم‌وکووڕی لەو قانوونەدایە و لە ئاکامدا، مەبەستی، پێداگرتن لەسەر پێویستیی گۆڕانکاری لەو قانوونەدایە. بەکاربردنی وشەی خەیانەت بۆ کەسانێك کە خوازیاری پێکهاتنی ئاڵوگۆر لە قانوونی ئەساسی‌دانو، بە خەیانەتکار ناوبردنی ئەوان لەلایەن سەرکۆمارەوە کە بۆ خۆشی لە جێبەجێکردنو بەڕێوەبردنی بەرپرسایەتی‌یەکانی‌دا، لەگەڵ ئەو قانوونە ئەساسی‌یە گیروگرفتی هەیە، جێگای رامانو لێ وردبوونەوەیە.

گۆڕینی قانوونی ئەساسی کە لە ڕوانگەی ناوبراوەوە، خەیانەت بە کۆماری ئیسلامی‌یە، سەدجار باشتر لە خەیانەت بە خەڵکی ئێرانو پشتکردن لە ویستو داخوازەکانی ئەوانو ئەو بەڵێنیانەیە کە ناوبراو لە کاتی کاندیداتۆری بە مەبەستی گەیشتنی بە پۆستی سەرکۆماری‌دا بە خەڵکی دەدان. خاتەمی کە دەڵێ گۆڕانکاری لە قانوونی ئەساسی‌دا خەیانەت بە خەڵکی ئێرانە، دەبێ بزانێ ئەوە خەڵکی ئێرانو ڕووناکبیرانو ئازادیخوازانی ئەو وڵاتەن کە خوازیاری پێکهاتنی گۆڕانی بنەڕەتی لەو قانوونی ئەساسی‌یەی ئێستادان. بەو پێیە زۆربەی هەرە زۆری خەڵکی ئێران خەیانەت بە بەرژەوەندی و مافو ئازادی‌یەکانی خۆیان دەکەن! دیارە لە ڕوانگەی دەسەڵاتدارانی ڕێژیمو یەکلەوان خاتەمی‌یەوە، ئەمە شتێکی زۆر سەیر نیە. چونکە ڕێژیمێك کە زۆربەی نزیك‌بەتەواوی خەڵك بە "صغیر" دەزانێو پێی‌وایە عەقڵو توانای لێك جیاکردنەوەی چاکەو خراپەیان نیەو وەلیی فەقیە و ژمارەیەك لە جلەوبەدەستانی ڕێژیمو چەند نیهادو دامەزراوێکی سەربەو ڕێژیمە، خۆیان کردووە بە "قیم"و سەرپەرستی ئەوان، لێشی چاوەڕوان دەکرێ کە داواکارانی پێکهێنانی ئاڵوگۆر لە قانوونی ئەساسی‌داکە جگە لە وەدەستهێنانەوەی مافو ئازادی‌یە ڕاستەقینەکانی خۆیان، مەبەستێکی دیکەیان نیە، بە خائین بژمێرێو ئەوانەش کەلەسەر درێژەی حاکمییەتی دیکتاتوری‌و سیستمی ویلایەت فەقیهی پێدادەگرنو لەگەڵ پێکهێنانی ئاڵوگۆر لەو قانوونە ئەساسی‌یە پڕلە بێعەداڵەتی‌و نادێموکراتیکەدا، دژایەتی دەکەن، وەك خزمەتکار ناوببا.

لانی‌کەم خاتەمی دەبێ‌بزانێ کە خەڵکی ئێران لەمێژە خزمەتکارو خەیانەتکاریان لێك جیاکردۆتەوەو خەبات لە پێناوی ڕووخانی کۆماری‌ئیسلامی‌و پێداگرتنیان لەسەر گۆڕینی قانوونی ئەساسییش، ڕاست لێرەوە سەرچاوە دەگرێ. خەبات‌و تێکۆشانی ئەوان ڕاست بۆ لابردنی سێبەری خائینان لەسەر چارەنووسی خۆیانو سپاردنی دەسەڵات بە خزمەتکارانی ڕاستەقینەی مافو ئازادی‌یەکانیانە.

## جینایەتی ڕێژیم لە سەردەشت، بە شێوەیەکی گەورەترلە شاری سەراوانیش دووپات بۆوە




ڕۆژی پێنج شەممە ١٣ی سەرماوەز، شاری "سەراوان" (لە ئۆستانی سیستانو بەلووچستانی ئێران) شاهیدی تێکهەڵچوونو پێك هەڵپڕژانی خەڵكو هێزە ئینتیزامیو ئەمنییەتی‌یەکانی کۆماری ئیسلامی بوو. ئاڵۆزی‌یەکە بوو بە هۆی ئەوە ژمارەیەك بکوژرێنو بریندار بنو حاڵەتی نائاسایی لەو شارەدا ڕابگەیەنرێ. سەرچاوەو سایتە خەبەری‌یەکانی بەلووچ باسی مەرگی دەیان کوژراو و بریندار دەکەن. جەعفەری کامبوزیا نوێنەری زاهیدان لە مەجلیس لە وتووێژ لەگەڵ "ایسنا"دا باسی کوژرانی لانی‌کەم ٥ کەسی کردوە.

ماڵپەڕە ئینتێرنێتی‌یەکانی بەلووچ هەواڵەکەیان بەم جۆرە باس کردوە:

هێزەکانی ڕێژیم تەقەیان لە لاوێك کرد کە خەریکی ماتۆر سلکیت لێخوڕین بوو، بە هۆی ئەو تەقەیەوە دوو ڕێبوار کوژرانو لاوی ماتور سواریش بەو هۆیەوە کە گەواهینامەی ماتور لێخوڕینی پێ‌نەبوو، ڕای‌کرد. هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیم بێ‌بایەخدان بەو دوو کەسەی کوژراون، وەدوای ماتۆر سەوارەکە دکەونو دەیگرنو لەبەر چاوی خەڵك بە قۆنداغی تفەنگو مستو پێلاقە ئەوەندەی لێ دەدەن تا دەمرێ.

دیتنی ئەو دیمەنە لە وەحشیگەریی سەرکوتکەرەکان، دەبێتە هۆی تووڕەیی‌و خرۆشانی خەڵكو خێرا خۆپێشاندان لە شەقامەکان وەڕێ دەخەن. بە دوای نارەزایەتی دەربڕینی خەڵكدا، ڕێژیم دامو دەزگاو هێزە سەرکوتکەرەکانی دێنێتە مەیدان تا بەر بە تەقینەوەی تووڕەیی خەڵکی زۆرلێکراوی بەلووچ بگرێ. خەڵك بەرامبەر دەسەڵاتنواندنی هێزە سەرکوتکەرەکان دژکردەوە نیشان دەدەنو پەلامار دەبەنە سەر ئیدارەو دامودەزگا دەوڵەتی‌یەکانو ئاگریان تێ‌بەردەدەن. هێزەکانی ڕێژیم دوای ئەمە تەقە لە خەڵك دەکەنو ژمارەیەك دەکوژنو بریندار دەکەن. بە هۆی سانسۆری خەبەری‌و زاڵکردنی فەزای خەفەقان، جارێ هەواڵێکی ڕوون لە دەست دانیە. بەڵام بە هۆی ئەو هەواڵو زانیارییانەی بە تەلەفون گەیشتوون، دەیان کەس کوژراون.

بە دوای خۆپێشاندانی بەرینی خەڵك، ڕێژیم حکوومەتی نیزامیی لە شاری سەراوان ڕاگەیەندوەو زۆر لە خۆپێشاندەرانی گرتوونو ڕەوانەی زیندانی کردوون. بە پشتیوانی لە نارەزایەتیی خەڵك، زۆربەی قوتابخانەکان، ئیدارە دەوڵەتی‌یەکانو دوکانو بازاڕەکان لەو شارەدا داخراون.

## به نیشانەی تێگەیشتن لە خەمو ئازارکانی کەم ئەندامانی کوردستان

م. ڕوانپاك



ڕوژی٣ی دیسامبری هەر ساڵێك،ڕۆژی جیهانیی کەم ئەندامانە. لە هەموو ولاتێکی ئەم جیهانە ولە کوردستانەکەی خۆشمان دا، زور مرۆف هەن زگماك یا دواتر بە هوی ڕووداوێکەوە، لە ئەندامێك یا چەند ئەندامی لەشیان بێ‌بەش بوونو ناچار بوون بەو وەزعەوە چەرخی ژیان بەرەو پێش بەرن.

ژیان بۆ ئەو جۆرە مرۆفانە هەمیشە سەخت وپرکوێرەوەرییە، بە تایبەتی لە کۆمەڵگە دواکەوتووەکان دا.چونکە کەم ئەندامی کۆمەڵگەی دواکەوتوو، بەو هۆیەوە کە ئاستی تێگەیشتن و فەرهەنگی‌گشتی لە خوارەوەیە، لەلایەن زۆر لە ئەندامانی کۆمەڵگەکەیەوە بە چاوی ناتەواو وعەیبدار وسەربار سەیرێ دەکرێ. کەم ئەندامان لەو جۆرە کۆمەڵگایانەدا بە هۆی رفتارو هەڵسوکەوتی ناشیرین وناشارستانی،هەستیان بریندار دەکرێ وزەبر لە روحیەیان دەدرێ.لە بارێکی دیکەشەوە،لەم جۆرە کۆمەڵگایانەدا کەسانی کەم ئەندام و نقوستان،ژیانێکی تاڵ ودژواریان هەیە.بەو هۆیەوە کە دەسەلاّت و دام ودەزگا دەوڵەتی‌یەکان کەمترین بایەخ بە تەئمینی کۆمەلاّیەتی وپێڕاگەیشتنی باری ژیانی توێژو بەشە هەژارو زەحمەتکیش وکەم داهاتەکان دەدەن، بەو هۆیەوە دامودەزگا دەوڵەتی وحکوومەتی‌یەکان، وەك زۆر بواری دیکە بە پێویست نازانن لە ئاست داواو چاوەڕوانی یەکانی خەڵك دا وەلاّمدەر بن، کەم وا هەیە دامەزراویکی دەوڵەتی ئەرکی بەخێو کردن وپێڕاگەیشتن، یا دابینکردنی پێویستی‌یە ماڵی ودەرمانی یەکانی‌ژیانی ئەو جۆرە کەسانە بگرێتە ئەستۆ وبە کردەوە ئەو ئەرکە دەکەوێتە سەر شانی‌بنەماڵەو کەسوکاریان. زۆر جاریش ناچارن بۆخۆیان خەم لە خۆیان بخۆن وئەرکی هەڵگرتنی باری قورسی ژیان وبڕینی ڕێگای سەخت وپڕ هەورازو لێژی گوزەران و نان دەرهێنان بخەنە سەر جیسمی ناتەواویان.ئەرکێکی سەخت وبارێکی قورس کە زۆر جار ئەوانەی خاوەنی جیسمی ساغ ولەشی بێ ئازارن، پشتیان لە ژێری‌دا دەچەمی ولاقیان دەنوشتێتەوە.

لە کوردستان بە هۆی دەیان ساڵ شەڕی ماڵویرانکەری ڕێژیمە کوردکوژەکان لە دژی گەلی کورد، یا کردنی کوردستان بە مەیدان و بەرەی شەڕی نارەوا ی خۆیان لەگەڵ یەکتردا، هەروەها بە هۆی ئەو هەموو چەك و تەقەمەنی‌یەی بۆ سەرکوتی ئەو گەلە بە کاریان هیناون، ڕێژەیەکی زۆرلە ژن و پیاو ومنداڵ ولاو، بریندارو نەقوستان بوون و ئەندامێك یا چەند ئەندامی لەشیان لە دەست داوە.لەوش تاڵتر ئەوەیە، ئەو کاتەی گەلەکەمان بەشیك لە نیشتمانەکەی لە هیزەکانی یەك لەو دوژمنانە پاك کردۆتەوە،شوینەواری ماڵویرانکەری ئەوان بە یەکجاری نەبڕاوەتەوە.چونکە هەزاران مینی شاراوە لە ژێرخاکی کوردستان دا ویا بێ ئەژمارگوللە تۆپ و خۆمپارەی نەتەقیو،لە دوایان بە جێ ماوە کە یا هەر چەند شەو ورۆژ جارێك، یەك یا چەند دانەیەکیان تەقیوەتەوە و بووە بە هۆی کوشتن و بریندارو کەم ئەندام بوونی ژمارەیەکی زۆر لە دانیشتووانی کوردستان.

سەدان وهەزاران کەس لەو لاوە کوردو نیشتماپەروەر و خەباتگێرانەش کە لە پێناوی ئازادیی گەلەکەیاندا چەکی پیشمەرگایەتییان کردە شان و لە سەنگەری دێفاع لە ماڵ و مەوجوودییەتی گەلی کوردو پاریزگاری لە خاکی کوردستان دا، بەرەنگاری دوژمنان ، بوونەوە، بریندارو کەم ئەندام بوون.

بە سەرەنجدان بە هەمووی ئەوانە لە کوردستان ژمارەیەکی زۆرمرۆڤی کەم ئەندام هەیە.لە رۆژی جیهانیی کەم ئەندامان دا، هاوپێوەندیی خۆمان لە گەڵ کەم ئەندامانی کوردستان رادەگەینین.بە ئەرکی هەمووتوێژ و بەشەکانی کۆمەڵ و لە سەرەوەی هەموانەوە حکوومەت و دام و دەزگا دەوڵەتی یەکان و حیزبو ڕێکخراوەکانی دەزانین، هاندەرو یارمەتیدەرو پشتو پەنای ئەوان بن وبە دابین کردنی هەلومەرجێکی باشتر بۆ ژیانی ئەوان، لە ئازارو مەینەت و تاڵی وسەختی یەکانیان کەم بکەنەوە.

سڵاو لە کەم ئەندامان، سڵاو لە هیممەت و ورەی بەرزیان کە سەرە ڕای هەوموو سەختی‌یەکان و بێ بەشی لە پشت وپەنایەکی قایمی کۆمەلاّیەتی و حکوومەتی، لە ژیان و تیکۆشان ناهومید نین.بە هیوایەی هەموومان و هەر یەك لە ئاستی بەرپرسایەتی‌یەکانمان دا بۆ دابین کردنی ژیانێکی باشترو داهاتوویەکی دڵنیا بۆ ئەو ئازیزە لە بیر کراو و پشت گوێخراوانەی کۆمەڵ تی‌بکۆشین.

## هێرشی حیزبوڵڵایی‌یەکان بۆسەر شیرین عیبادی



ڕۆژی چوارشەممە ١٢ی سەرماوەزی ١٣٨٢، ڕێورەسمی قسە کردنی خانمی شیرینی عیبادی لە زانستگەی "الزهرا" لە ئاکامی هێرشی حیزبوڵڵایی‌یەکان بۆ سەر ناوبراو، شێوا.

حیزبوڵڵایی‌یەکان کە ژمارەیان نزیکەی ٥٠ کەس دەبوو، پەلاماریان بردە سەر خانمی عیبادی کە دیارە خوێندکاران گرتیانە نێو بازنەی خۆیانو بردیانە ژێرزەمینی شوێنی کۆبوونەوەکە. ئەوانەی هەوڵیان دەدا کۆبوونەوەی قسە تێداکردنی عیبادی بشێوێنن دروشمیان دەدا: "حەیا بتگرێ مونافیق، واز لە زانستگە بێنە، مردن بۆ عیبادی، ئەڵلاهو ئەکبەر، شیرینی ئەمریکایی داوای لێبووردن بکە، فیکەو چەپڵەو هەڵهەلە نەریتی عەمروعاسە".

## "دەنگی پێی فاشیزم دەگاتە گوێمان"

ل ە ڕێورەسمێكدا کە بە بۆنەی پێنج ساڵەی پێکهاتنی "جەبهەی موشارەکەت" لە ڕۆژی ١٤ی سەرماوەز لە شاری یەزد، بەڕێوە چوو، موحسینی میردامادی نوێنەری مەجلیسو جێگری سەرۆکی ئەو بەرەیەو ژمارەیەکی دیکە کەوتنە بەر پەلامارو لێیاندرا. لەو ڕووداوەدا دامادی سەری شکاو ئەوانی دیکەش ئازاریان بینی.

بەپێی ڕاپۆرتەکان ژمارەیەك لە دیواری شوێنی ڕێورەسمەکە کە وەسەرکەوتن، دەرگای دەرەوەیان شکاندو بەزۆری دەرگای ژوورەوەیان کردەوەو هێرشیان بردە شوێنی تریبوون. ئەو تاقمە کە نزیکەی ٥٠کەس دەبوون، لە پێشدا لە بەرامبەر دەرگای ناوەندی فەرهەنگی‌ـ هونەریی زانستگەی یەزد، بە بەرزکردنەوەی هێندێك پلاکارد، نارەزایەتیی خۆیان دەربڕی.

ئەو تاقمە لە کاتێكدا دروشمیان دەدا"مردن بۆ وەکیلی ئەمریکایی، سەرشۆری بۆ مەجلیسی ئەمریکایی"،"هەژاری‌و فەسادو جیاوازیدانان، دەردی خەڵکی ئێمەیە"، چوونە نێو ساڵۆنەکەو لەگەڵ تێکداتی شوێنی وتار پێشکێش کردن، پاڵیان بە میردامادی‌یەوە ناو بەعەرزیان دادا.میردامادی لە جەنگەی کوتەك وێکەوتن‌دا، چاویلکەکەشی شکا.



مستەفا تاج زادە لە وتووێژ لەگەڵ هەواڵدەریی "ایسنا"دا، ئاماژەی بە هێرش بۆ سەر میردامادی کردو گوتی: هاونیشتمانانی یەزدیی ئێمە وەك هەموو هاونیشتمانان، لەوە بە فەرهەنگترن کە دەست بۆ کارو کردەوەی ناقانوونی‌و نائینسانی بەرن. تاج زادە هەروەها گوتی: "وادێتە بەرچاو هێندێك کەس خەریکن جارێکی دیکە فەزای سیاسیی وڵات بشێوێنن. هەربۆیە لێرەوە ئاگادارتان دەکەم کە دەنگی فاشیزم دێ‌و خەریکە دەیبیسین."

٢ قەتڵە زنجیرەیی‌یەکان، درێژەی تاوان لە دژی مرۆڤایەتی
٣ لە ١٦ی سەرماوەزدا، لە بیری سەرەتایەکی دیکە دابین
٥ ٢٥ی نوامبر، ساڵڕۆژی سڕینەوەی توندوتیژی دژی ژنان
٨ بزووتنەوەی کوردستانو بەجیهانبوونی دێمۆکراسی
٨ شۆڕش یا ڕیفۆرم، ئایا ڕێگایەکی سێهەم هەیە
٩ ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستو ڕەوتی دێمۆکراتیزاسیۆن
١٠ کۆماری ئیسلامی ١٩ ساڵ لەگەڵ دنیادا درۆی کرد

# قەتڵە زنجیرەیی‌یەکان، درێژەی تاوان لە دژی مرۆڤایەتی

قادر وریا

**" لە ساڵڕۆژی ١٠ی دیسامبر ڕۆژی دەرچوونی بەیاننامەی جیهانیی مافی مرۆڤو لە بەرەبەری ساڵوەگەڕی قەتڵە زنجیرەیی‌یەکاندا، ساڵڕۆژی شەهیدانی ڕێگای ئازادیی ئەندیشەو قەڵەمو دەربڕینی بیروڕا، محەممەد موختاری، محەممەد جەعفەر پوویەندە، ئەحمەد میرعەلایی، داریووشو پەروانە فرووهەر، سەعیدیی سیرجانی، غەففار حوسەینی، مەجید شەریف، ئەحمەد تەفەززولی، ئیبراهیم زالزادە، حەمید حاجیزادە، جەمشیدی پەرتەوی، پیرووز دەوانیو هتد دا، ڕادەگەیەنین کە ئەو قەتڵە سیاسییانە، درێژەی کوشتارە بەربڵاوو ترسێنەرەکانی ساڵەکانی ٦٠ تا ١٣٦٧ن. خەڵکی ئێران داواکاری موحاکەمە کردنی دەستووردەرانی قەتڵە سیاسی‌یەکانی ئێران بە تاوانی جینایەت لە دژی مرۆڤایەتین. ئێستا کە پێنج ساڵ لە هاتنەگۆڕی داوای گشتیی خەڵکی ئێران لە بارەی ئاشکرا کردنی ڕاستی‌یەکانی پێوەندیدار بەو قەتڵانەو بەڕێوە چوونی عەداڵەت لەبارەیانەوە، ڕابردوە، ڕێژیمی ئیسلامی جگە لە درێژەی سیاسەتی سەرکوت، گرتنو زیندانی کردنو ئەشکەنجەدانی لەقاودەرانی ئەو جینایەتانەو کەسانێك کە ڕاستی‌یەکانیان ئاشکرا کردوون ـ پارێزەرانی بنەماڵەکانی قوربانی‌یەکانی قەتڵە سیاسی‌یەکان ـ هەنگاوێکی دیکەی نەناوە."**

ئەم دێڕانە بەشێك بوون لە بانگەوازی چەندین ناوەندو ئەنجومەنو دامەزراوی دیموکراتیكو مرۆڤدۆستی ئێرانی‌یەکانی دەرەوەی وڵات کە لە پێنجەمین ساڵی کارەساتی قەتڵە زنجیرەیی‌یەکانی ئێراندا، داوایان کردوە "کوشتاری زیندانی‌یە سیاسی‌یەکانی ئێران وەك تاوان لە دژی مرۆڤایەتی بناسرێ"و خوازیاری ئەوە بوون بەڕێوەبەرانی کۆماری ئیسلامی، بە بۆنەی ئەو تاوانانەوە لە دادگایەکی نێونەتەوەیی‌دا موحاکەمە بکرێن. بە دڵنیایی‌یەوە دەتوانین بڵێین ئەوەی لە بارەی قەتڵە سیاسی‌یەکانی ئێران لە پێنج ساڵەی تیرۆری ژمارەیەك لە کەسایەتی‌یە ڕووناکبیر، فەرهەنگیو ئازادیخوازدا دەبێ بگوترێ، لەو بانگەوازەدا زۆر بەجوانی هاتوە:

**قەتڵی نەیارانو موخالیفانی سیاسی، دیاردەیەکە بە درێژایی تەمەنی کۆماری ئیسلامی**

لەنێوبردنی موخالیفانو سەرکوتی هەرچەشنە نارەزایەتی‌یەك بە شێوەی جۆراوجۆر، شتێك نیە تایبەت بە قۆناغێك لە تەمەنی کۆماری ئیسلامی. زۆر لەوانەی چارەنووسیان لە چارەنووسی ئەو ڕێژیمە گرێ دراوەو بەشێکن لەو دەسەڵاتە دیکتاتۆرو دژی ئینسانی‌یە، هەموو هەوڵیان ئەوەیە وا نیشان بدەن کە تەنیا لە قۆناغێك لە تەمەنی ئەو ڕێژیمەو لەبەر هێندێك هۆی تایبەتی، بۆ وێنە خۆخزاندنی کاربەدەستو مۆرەی سەرەڕۆو قانوون شکێن لە دەزگا ئیتلاعاتیو ئەمنییەتی‌یەکاندا، کەسانی ئازادبیرو نارازیو موخالیف لەنێو براون! بەڵام ئەوە درۆیەکی ئاشکرایەو هەوڵێکە بۆ شاردنەوەی نێوەڕۆکی ڕاستەقینەی ئەو ڕێژیمە. سەرکوتی ئازادیخوازانو پیلان دارشتن بۆ لە نێوبردنیان لە یەکەم ڕۆژی هاتنەسەرکاری ئەو ڕێژیمەوە هەر هەبووە. هێرش بۆ سەر هەموو ئەو حیزبو ڕێکخراوانەی داواکاری ئازادیو دیموکراسی بوونو لەمەش زیاتر ڕاگەیاندنی شەڕ لە دژی ئەوانو ئەو خەڵکەی پشتیوانی ویستو داواکانیان بوون، هەموویان بەشێکن لە سیاسەتی لەنێوبردنی موخالیفانو نارازی‌یەکان. شەڕ لە دژی خەڵکی کوردستان، تورکمەن سەحرا، بەلووچستانو لەنێوبردنی هەزاران تێکۆشەرو ئازادیخواز لە زیندانەکاندا لە جەوهەرو ماهییەتدا لەو پیلانانە کە بۆ کوشتنی کەسایەتی‌یە ڕووناکبیرو فەرهەنگی‌یە ئازادبیرەکان دارێژراونو بەڕێوەچوون، جیا نین.

**قوربانی‌یەکانی قەتڵە سیاسی‌یە زنجیرەیی‌یەکان هەر ئەوانە نین کە لە پاییزی ١٣٧٧دا کوژران**

تەنانەت شەخسی خاتەمی، سەرکۆماری ڕێژیمیش کە ڕایگەیاند قەتڵی فرووهەرەکان، موختاریو پوویەندە بە هۆی "عوامل خودسر"ی نێو وەزارەتی ئیتلاعات ئەنجام دراون، هێشتا دانی بەوەدا نەناوە کە ئەم قەتڵانە درێژەی ئەو







مختاری و پوینده

تاوانەن کە پێشتر لە دژی دەیان کەسایەتیی سیاسی، مەزهەبیو فەرهەنگیی نارازیو هەر بە هۆی دامودەزگا ئەمنییەتیو ئیتلاعاتی‌یەکانی ئەو ڕێژیمەوە بەڕێوەچوون. بەڵام کێ هەیە نەزانێ ئەوانەی هەر لە سەروبەندی ئەو قەتڵانەدا ڕفێندرانو تەرمەکانیان لە بیابانەکانو دەرەوەی شارەکان فڕێ دەدرا، هەروەها زۆر کەسایەتیی دیکەی وەك سەعیدیی سیرجانی، ئەحمەد میرعەلایی، برایم زالزادە، مەلا محەممەدی ڕەبیعیو هتد کە بە شێوەیەکی گوماناوی، گیانیان لێ ئەستێندرا، هەموویان بە پێی بەرنامەو ڕاست بەو هۆیەوە کە لە نێوەڕۆکی ئەو ڕێژیمەو سیاسەتەکانی نارازی بوونو ڕەخنەیان لێ دەگرت، لە لایەن دەزگا ئەمنییەتیو ئیتلاعاتیو سەرکوتکەرەکانی کۆماری ئیسلامی‌یەوە، کوژران. خەڵکی ئێران نەك هەر لەو بارەوە کەمترین گومانیان نەبووە، بەڵکوو بە هۆی ناسینی ماهییەتی ڕاستەقینەی دەسەڵاتدارانو ئەو ڕاستی‌یە کە ئەوان بۆ پاراستنی دەسەڵاتو بەرەوپێش بردنی مەبەستەکانیان، دەست لە هیچ جینایەتو پیلانێك ناگێڕنەوە، مەرگی لەپڕو گوماناویی زۆر کەسایەتیی بەستراوە بەو نیزامەشیان، بە کاری دەسەڵاتبەدەستانی‌ڕێژیم زانیوە. بۆ وێنە تا ئێستاش قبووڵیان نەکردوە کە کەسانێکی وەك تاڵەقانی، شەریعەتمەداری، ئەحمەدی خومەینی، بە مەرگی سروشتی مردوون.

**دانانان بە هێندێك قەتڵی سیاسیی پاییزی ١٣٧٥، شتێك بوو لە ڕووی ناچاری‌یەوە**

ئەگەر خاتەمی، دانی بەوەدا نا کە قەتڵی فرووهەرەکانو پوویەندەو موختاری بە هۆی چەند مۆرەیەکی سەرەڕۆ لە نێو وەزارەتی ئیتلاعاتدا بەڕێوە چوون، لە ڕووی ناچاری‌یەوە بوو. گەشەکردنی بزووتنەوەی ئازادیخوازی لە سەرانسەری ئێرانداو بڕوا بەخۆهێنانی ئەو بزووتنەوەیە بە دوای ئەو شکستە تاڵەدا کە لە جۆزەردانی ٧٦دا تووشی دەسەڵاتپەرستانی پاوانخوازی کردبوو، بوونی هەلومەرجێکی نوێ بۆ کارو تێکۆشانی چاپەمەنیی سەربەخۆو ڕۆژنامەنووسە بوێرەکان لەو کاتداو، بەسترانەوەی ئابڕووو ئیعتیباری سەرکۆمار بە هەڵوێستێك کە لەو پێوەندی‌یەدا دەبوو گرتبای، خاتەمییان ناچار کرد بۆ پاراستنی ئابڕووی خۆیو بۆ پێشگیری لە تەقینەوەی ڕقوتووڕەیی خەڵك، بەرپرسایەتیی ئەو چەند قەتڵە بخاتە سەر چەند مۆرەیەکی وەزارەتی ئیتلاعات. بەو حاڵەش ئامادە نەبوو ڕێژیم لە تەواوەتیی خۆیداو تەنانەت وەزارەتی ئیتلاعات بە تەواوی، لەو جینایەتانەدا بە تاوانبارو بەرپرس بناسێ.

**تەنانەت هەر لە پێوەندی لەگەڵ ئەو چەند قەتڵەشدا، هەق بە هەقدار نەگەیشتووەو عەداڵەت بەڕێوە نەچووە**

دوای تێپەڕینی پێنج ساڵ لە قەتڵی فرووهەرەکانو پوویەندەو موختاریو، لەبەر ڕووناکایی ڕەفتارو کردەوەی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی لەو ماوەیەدا دەتوانین بڵێین هەموو هەوڵی دەسەڵاتدارانو بەڕێوەبەرانی ڕێژیم بە خاتەمییشەوە ئەوە بووە کە ١ـ مەسەلەی قەتڵە سیاسی‌یە زنجیرەیی‌یەکان لە مەرگی ئەو چەند کەسەدا سنووردار بکرێ. ٢ـ لانی کەمی ڕاستی‌یەکانی پێوەندیدار بەو چەند قەتڵە ئاشکرا بکرێنو تا ئەو جێگایەی دەکرێ ڕاستی‌یەکانیش بشێوێندرێن ٣ـ تاوانبارانی ئەسڵی کە پایەبەرزترین دەسەڵاتدارانی ئەو ڕێژیمەن، کەس بۆی نەبێ باسیان بکاو، چەند مۆرەیەکی دەرەجە چەندەمو خوارەوە مەحکووم بکرێنو سزا بدرێن ٤ـ ئەوانەی شێلگیرانە بۆ گەیشتنی هەق بە هەقدارو بەڕێوەچوونی عەداڵەتو لەمەش زیاتر ناساندنی تاوانبارانی ئەسڵیو ڕوونکردنەوەی هۆو هۆکارەکانی قەتڵو تاوانەکانی پێشوو، تێ‌دەکۆشن، بە توندی سزا بدرێنو دەمکوت بکرێن.

**خەڵك قەتڵە زنجیرەیی‌یەکان بە درێژەی تاوانو جینایەتەکانی پێشوو دەزاننو سەرچاوە ئەسڵی‌یەکەیان دۆزیوەتەوە**

ئەگەر دادگای میکونووس بە لێکۆڵینەوەی وردو ئازایانەی لە کاتی ڕاگەیشتن بە پەروەندەی تیرۆری دوکتور شەرەفکەندیو هاوڕێیانی‌دا، زۆر لە ڕاستی‌یەکانی پێوەندیدار بە چۆنیەتیی کارکردنی ماشێنی تیرۆری کۆماری ئیسلامیی ئاشکرا کرد، ڕۆژنامەنووسە ئازاو بوێرەکانو وەکیلە نەترسو ئەرکناسەکانی نێوخۆی وڵاتیش لە دوای قەتڵە زنجیرەیی‌یەکانی پاییزی ساڵی ١٣٧٧وە، بە قیمەتی لە مەترسی هاویشتنی خۆیان توانیویانە زۆر لایەنی دیکە لە بارەی کارو هەڵسووڕانی دامودەزگا سەرکوتکەرو جینایەتکارەکانی ئەو ڕێژیمە، لەقاو بدەن. گرنگترین ڕاستی کە بە باشی دەرکەوتوە ئەوەیە نێوەڕۆکی دژی ئینسانیو ناتەبا لەگەڵ ئازادیو مافەکانی مرۆڤی کۆماری ئیسلامیو سیستەمی دەسەڵاتدارەتی‌یەکەی ـ کە خەڵك بە کردەوە نە نەخشێکیان لە هەڵبژاردنی دەسەڵاتداراندا هەیەو نە دەتوانن لێیان بکۆڵنەوە ـ سەرچاوەی ئەو تاوانو جینایەتانەن. هەروەها لە هەر دوو ئەو هەوڵە پیرۆزانەدا کە بۆ ناساندنی ماشێنی تیرۆرو ئینسانکوشتنی کۆماری ئیسلامی‌دراون، ئەو ڕاستی‌یە دەرکەوتوە کە لە پشت هەموو ئەو جینایەتانەدا، ڕێبەرانو بەڕێوەبەرانی ڕێژیمو لە سەرووی هەموووانەوە وەلیی فەقیە، هەن. دەستووردەرانی ئەو تاوانانەو پشتیوانانی ڕاستەقینەی جینایەت خوڵقێنەکان هەروا جڵەوی دەسەڵاتیان بەدەستەو، ئەو هەڵبژاردنە جۆراوجۆرانەی لە ئێراندا بەڕێوە دەچن، تەئسیرێکیان لە سنووردارکردنی دەسەڵاتی ئەواندا نیە.

**کوشتاری مرۆڤەکان بە تاوانی ئازادیخوازی، تاوان دژی مرۆڤایەتی‌یەو جینایەتکاران نابێ بێ‌سزا بمێننەوە**

ئەوە کە شەریفترین کەسایەتی‌یەکانی ئێرانو یەك لەوان محەممەد جەعفەر پوویەندە کە چەند کتێبی بە نرخی لە بارەی مافەکانی مرۆڤەوە، وەرگێڕاوەتەوە سەر زمانی فارسی، لەبەرەبەری ڕۆژی جیهانیی مافی مرۆڤدا بە دڵتەزێنترین شێوە گیانیان لێ دەسێندرێ؛ ئەوە کە کەسایەتی‌یەکی بۆ دنیا ناسراوی وەك دوکتور قاسملوو، ئەو پێغەمبەرەی ئاشتی لەسەر مێزی وتووێژ لەلایەن کۆماری ئیسلامی‌یەوە تیرۆر دەکرێ؛ ئەوە کە لەبەرەبەری ڕۆژی جیهانیی ئازادیی چاپەمەنی‌دا، چەندین ڕۆژنامە لە ئێران بە یەك فەرمان دادەخرێن؛ ئەوە کە پارێزەرانی بنەماڵەی قوربانی‌یەکانی قەتڵە زنجیرەیی‌یەکانو خوێندکارانی سەرکوتکراوو شەڵاڵی خوێن دەخرێنە زیندانو هێرشکەرانو تاوانبارانو خوڵقێنەرانی جینایەتەکان بە ئازادی لە شەقامەکاندا دەخولێنەوەو پلەو پایەیان دەچێتە سەر؛ ئەوە کە هەڵبژێراوان بە دەنگی خەڵك لەسەر هەر ڕەخنەیەك کە لە دەسەڵاتدارەتیی دەگرن، موحاکەمە دەکرێنو ئەوانەی خەڵك بە ڕاشکاوی نەفرەتو بێزاریی خۆی بەوان نیشان داوە، هەروا خۆیان بەسەر چارەنووسی ئێرانی‌یەکاندا سەپاندوە؛ هەموویان نیشاندەری ئەو ڕاستی‌یەن کە مافو ئازادی‌یەکانی مرۆڤ لە ئێراندا گاڵتەیان پێ‌دەکرێو بە هیچ دادەنرێن.

بەسەرنجدان بەو ڕاستی‌یانەو بە وەبەرچاوگرتنی ئەوە کە تا کۆماری ئیسلامی لە ئێراندا لەسەر کاربێ، ئیمکانی دەست ڕاگەیشتنی خەڵکی ئێران بەو مافو ئازادی‌یانەیان کە لە بەیاننامەی جیهانیی مافی مرۆڤدا هاتوون نیە، پشتیوانیی مرۆڤایەتیی پێشکەوتنخواز لە خەباتی خەڵکی ئێران بۆ کۆتایی هێنان بە تەمەنی کۆماری ئیسلامیو هاودەنگی لەگەڵ ئەوان بۆ ناسینی بەڕێوەبەرانی ئەو ڕێژیمە وەك جینایەتکارو دوژمنی مرۆڤو مرۆڤایەتی، ئەرکێکی ئینسانی، پیرۆزو پێویستە. پشتیوانیی جیهانی‌یەکان لەم داوایەی خەڵکی ئێران، خزمەتە بە خەڵکێك کە شایانی ئەوەن دەستیان بە مافو ئازادی‌یە بنەڕەتی‌یەکانی خۆیان ڕابگا.

❊ ❊ ❊

## نووسراوەیەك و چەند قسەیەك

لەم ڕۆژانەی دوایی‌دا، بابەتێك لەژێر سەردێڕی "سێ کوچکەی نەحس"، بە قەڵەمی کەسێك بە ناوی "مەسعوود باستانی"و بە زمانی فارسی لەسەر یەکێك لە سایتەکان بڵاوکرابۆوە کە لەودا، بەڕواڵەت لایەنگری لە چەند هێزی کوردستانیو یەك لەوان حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کرابووو، دڵسۆزیی بۆ نیشان درابوو. بەڵام لە بەرامبەردا چەند هێزی کوردستانیی دیکەی دابووە بەر ڕەخنەو تەشەرو بە شێوەیەکی توند هێرشی کردبوونە سەر.

لەو پێوەندی‌یەدا پێویستە بڵێین کە ئەو جۆرە نووسراوانە کە بۆنی چەند بەرەکیو ناکۆکی‌سازکردنیان لە نێوان هێزە کوردستانی‌یەکاندا لێ دێ، هەرگیز ناتوانن بە قازانجی مەسەلەی ڕەوای کورد تەواو بن، ئەویش لە کاتێکدا کە کورد لە هەموو

پارچەکانی کوردستان پێویستی‌یەکی زیاتری بە تەباییو برایەتی هەیەو هێزە سیاسی‌یەکانی کوردستانی ئێرانیش، پێویستیی لێك نزیکبوونەوەی زیاترو هاوکاری‌یەکی پتەوترو بەرینتریان هەست پێ کردوەو لەبەردان هەنگاوی جیددیو پێویست بۆ ئەو مەبەستە بنێن.

ئاشکرایە نووسینو بڵاوکردنەوەی شتی لەو بابەتە، نەك یارمەتی بە چوونە پێشی هیچ چەشنە ڕەوتێکی تەبایی نادا، بەڵکوو دەبێتە هۆی دردۆنگیو ناکۆکی‌سازکردن لە نێوان ئەو هێزانەدا. جیا لەوە حیزبی دێموکرات خۆی خاوەنی هەڵوێستو سیاسەتی تایبەت بە خۆیەتیو توانای دیفاع لە خۆکردنیشی هەیەو لەهەر کاتو هەلومەرجێکیشدا ڕاوبۆچوونی خۆی سەبارەت بە هەر مەسەلەیەك دەربڕیوەو

دەری‌دەبڕێ. بۆیە ئەوانەی حەز لە تەباییو یەکڕیزیی هێزە سیاسی‌یەکانی کوردستان دەکەن، حەقە لە جیاتی بڵاوکردنەوەی بابەتی لەو جۆرەو کولاندنەوەی برینە کۆنەکان، یارمەتی بە سەرکەوتنی ئەو ڕەوتە بدەن کە بۆ تەباییو برایەتیو یەکڕیزیو یەکدەنگیی کورد لە گۆڕێ دایە.

ئێمە وێڕای ئەوەی هەر جۆرە پێوەندی‌یەکی نووسەری ئەم بابەتە بە حیزبی دێموکراتەوە ڕەت دەکەینەوە، داوا لە هەموو ئەوانە کە دڵیان بۆ کوردو بەرژەوەندی‌یەکانی کورد لێ دەدا، دەکەین لە نووسینو بڵاوکردنەوەکانیاندا زیاتر هەست بە بەرپرسایەتی بکەنو هەوڵی خۆیان بۆ تەبایی کوردو یەکڕیزیی هێزە سیاسی‌یەکانی تەرخان بکەن. کارێك کە کورد لە هەر کاتێکی دیکە پێویستیی پێ هەیەو بۆ سەرخستنیشی چاوەڕوانی لە هەموو دڵسۆزان هەیە.

**حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران**

١٣٨٢/٩/٢

# بڕووخێ ڕێژیمی کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامیی ئێران

# لە ١٦ی سەرماوەزدا، لە بیری سەرەتایەکی دیکەدا بین

عەولا بەهرامی

دەبێ دیسان لە زانستگەوە دەست پێ بکەینەوە، دەبێ دیسان لە زانستگەوەو بە بیروبۆچوونی پێشکەوتنخوازانەو بڕوای پتەوی خوێندکارەوە بەرەورووی کۆنەپەرستی‌و دیکتاتۆری بینەوە. ئەو راستی‌یەکی حاشاهەڵنەگرە. چونکە ئەزموونەکانی بزووتنەوەی دێموکراسیخوازیی ئێران، کە جووڵانەوەی خوێندکاری وەك دینامۆکەی دێتە ئەژمار، نیشانی داوە کە ئەوە گوتاری عەقڵانیی سەرچاوەگرتوو لە زانستگەیە کە دەتوانێ لە کۆتایی‌دا پاشەکشە بە کۆنەپەرستی بکاو شکستی بدا. هەر لەم کاتەدا ئەوە ئەو راستی‌یەش بووە کە رێبەرانی رێژیمی دەسەڵاتدار هەر لە سەرتاوە هەستیان پێ کردو بە پێی ئەو یەکەمین هێرشە دڕندانەو دژی فەرهەنگی‌یانەکانی خۆیان بردە سەر زانستگەو زانستگەیی‌یەکان. کارێك کە بووە هۆی دیارنەمانی مێژوویی ئەو جووڵانەوەیە لە ساڵەکانی دەیەی یەکەم‌و نیوەی یەکەمی دەیەی دووهەمی دەسەڵاتدارەتیی ئیسلامی لە ئێراندا.

ئێستاو لەم قۆناغە هەستیارەدا کە لەودا لە ئاکامی شکستی سەرشۆڕانەی سیاسەتە دژی فەرهەنگی‌یەکان‌و سیاسەتی لە خەوکردن‌و لارێکردنی کۆمەڵانی خەڵك، قووڵبوونەوەی قەیرانە کۆمەڵایەتی‌و ئابووری‌یەکان، چوونە سەری رۆژ لەرۆژ زیاتری زانیاری‌و وریایی سیاسیی خەڵك‌و. . . کەلێنی نێوان کۆمەڵگەو دەسەڵاتدارەتیی سەرەڕۆ، زیاتر لە هەر کاتێکی دیکە گەورەتر بۆتەوە، بوونی رەوتێکی رادیکاڵ‌و لێبڕاو کە بتوانێ پێشەنگی بزاوتی دێموکراسیخوازانەی خەڵك وەئەستۆ بگرێ، بۆتە پێویستی‌یەکی نکۆڵی لێ‌نەکراو. جووڵانەوەی خوێندکاری، ئەو رەوتەیە. ئەم جووڵانەوەیە ئێستا بە شکڵێکی روونتر لەبەردەم ئەرك‌و پێئەسپێردراوە مێژوویی‌یەکانی‌دا راوەستاوە. بەڵێ زانستگەو جووڵانەوەی خوێندکاری بەرەو ئەوە دەچن ئامادەبوونی مێژوویی خۆیان بە شێوازێکی بەرچاوترو شیاوتر بسەلمێنن.

بە ئاوڕێکی کورت لە وەزعییەتی جووڵانەوەی خوێندکاری‌و ئەتۆمۆسفێری سیاسیی زاڵ بەسەر زانستگەکانی وڵاتدا، دەتوانین بەو ئاکامە بگەین کە جووڵانەوەی خوێندکاری خەریکە بە سڕینەوەی تۆزی رابردووو دارشتنەوەی سەرلەنوێی میتۆدە رەسەنە خەباتکارانەکان، ئەم جارەیان بە شێوازێکی نوێ‌و جیاواز لە رابردوو لە گۆڕەپانی سیاسیی وڵاتدا ئامادە بێ‌و بەم شێوەیە وێڕای دۆزینەوەی رەسەنایەتیی مێژوویی‌و هێزی‌و ناسینەوەی ئەرکەکانی، لە سەروەرزێکی نوێدا داکۆکی لە بایەخ‌و ئیدئالە سیاسی‌و فەرهەنگی‌یەکانی بکاو هەروەها لە پەنا چاوەڕوانی‌یەکاندا بە خۆشی‌یەوە وا دێتە بەرچاو کە جووڵانەوەی خوێندکاری بە کەڵکوەرگرتن لە ئەزموونە خەباتکارانەکانی خۆی‌و کۆمەڵگە لە ساڵانی رابردوودا، بە لێبڕاوی‌و روونیی زیاترو بەبێ ترس لە دەزگای سەرکوتی دەسەڵاتدارەتیی سەرەڕۆ، ئامادەیی چالاکانەی خۆی لە بوارە جۆراوجۆرەکانی ژیانی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگەدا بسەلمێنێ. بە چەشنێك کە هەم بتوانێ لانی زۆری پتانسیەلە مرۆیی‌و مەعنەوی‌یەکان کۆ بکاتەوەو هەم پێش بەلارێکردنی خوێندکاران‌و بەکارهێنانی ئەوان بۆ مەبەستەکانی تاقم‌و دەستەکانی نێو دەسەڵات بگرێ.

لە شازدەی سەرماوەزدا شیاوەو چاوەڕوانی دەکرێ بیر لە سەرەتایەکی دیکە بۆ خەباتی خوێندکاران بکرێتەوە. سەرەتایەك کە لەودا جووڵانەوەی خوێندکاری وێڕای بڕواهێنانی تەواو بە ئەرك‌و بڕواو باوەڕە عەقڵانی‌یەکانی‌و بە پێی رێوشوێنەکانی گوتاری ئاڵوگۆڕخوازانە، مۆدێرن‌و رەخنەگرانەی خۆی‌و بە وەلانانی شوێنەوارەکانی گوتارەکانی کۆنەپەرستی‌و کونسێرواتیزم، جارێکی دیکەو ئەمجارە بە هەموو هێزو تواناوە لە ریزی پێشەوەی بزووتنەوەی دێموکراسیخوازیی خەڵکی ئێراندا جێی خۆی بگرێتەوە. چونکە هەروەك لە رابردوودا بینراوە، ملدان بە ویستی دەسەڵاتدارەتی‌و تاقمەکانی نێو ئەو، ئاکامێکی بێجگە لە وەدواخستنی پرۆسەی گۆڕانکاری‌یە سیاسی، فەرهەنگی‌و کۆمەڵایەتی‌یەکان‌و بەفیڕۆدانی تواناو وزەکانی خوێندکارانی لێ ناکەوێتەوە. لە سەرەتای نوێدا دەبێ هەڵکردن لەگەڵ‌و قایل‌بوون بە بازاڕگەرمی‌یەکانی کۆنەپەرستی‌و رەوتە لارێکەرەکان‌و لە سەرووی ئەوانەوە رەوتی بەناو ریفۆرمخواز کۆتایی پێ بهێنرێ. بە واتایەکی دیکە بزووتنەوەی خوێندکاری پێویستە رێگاو حیسانی خۆی لەم رەوتانە جیا کاتەوە.

١٦ی سەرماوەز وەك رۆژێك کە خاوەنی سەنگی مەعنەوی‌و شۆڕشگێرانەی تایبەت بە خۆیەتی لە مێژووی خەباتی سیاسیی ئێران‌و خوێندکارانی ئێراندا، دەتوانێ وەك هێماو نیشانەیەك بۆ سەرەتایەکی دیکەو بازدانێکی دیکە لە پێناو ساخکردنەوەی ناسنامەی بزووتنەوە گوڕپێدانی خەباتی ئازادیخوازانەی خەڵکی وڵات، چاوی لێ بکرێ.



لەم سەردێڕە نوێیەدا چاوەڕوانی دەکرێ خوێندکارانی نوێخوازو ئازادیخواز لە دەوری پلاتفۆرمێکی هاوبەش کە هێڵە گشتی‌یەکانی دەربڕی پێداویستی‌یەکانی ئێستاو داهاتووی کۆمەڵگەی ئێران بێ، کۆببنەوە. بە چەشنێك کە هەموو توانایی‌یەکانی جووڵانەوە لە رێگای قەرەبووکردنەوەی دواکەوتوویی‌و ئەو زیانانەی کۆنەپەرستی لە کۆمەڵگەی داوە، بەکار بهێنرێ.

سەرەنجام بە روانینێکی قووڵ لە گۆڕانکاری‌یەکانی ناوچەو جیهان، ئەو راستی‌یە زیاتر خۆی دەنوێنێ کە پێویستە هەرچی زووترو بە یەکگرتوویی‌و یەکیەتیی هێزی زیاترەوە، هەنگاوەکانی بزووتنەوە بەرەو ئامانجە هاوبەشەکانی کۆمەڵگەو هەلومەرجی داهاتوو پتەوترو خێراتر کەین. چونکە لەم دەرفەتە مێژوویی‌یەدا کە لەلایەك هۆکارە دەرەکی‌و نێوخۆیی‌یەکان زیاتر لەهەر کاتێکی دیکە لەگەڵ ئامانجەکانی بزووتنەوەی دێموکراسیخوازی لە تەبایی‌و هاوئاهەنگی‌دان‌و لەلایەکی دیکەشەوە کۆنەپەرستیی دەسەڵاتدار لە گێژاوی قەیرانە خۆخۆڵقێنەکانی خۆی‌دا گیری خواردوە، کەمتەرخەمی و کات کوشتن، کردەوەی نەبەخشراوو داکۆکی لێ‌نەکراون. کەواتە دەبێ بیر لە سەرەتایەکی دیکە بەبێ رێژیمی ئیسلامی بکەینەوە. . . .

---

## مەحکوومکردنی کۆماری ئیسلامی سەبارەت بە پێشێلکردنی مافی مرۆڤ

کۆمیسیۆنی مافی مرۆڤی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ژنێڤ، لە ساڵی ١٩٨٠وە تا ساڵی ٢٠٠١ی زایینی، بڕیارنامەی جۆراوجۆری لە بواری پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی‌دا پەسند کردوە کە کۆبوونەوەی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانیش ئەو بڕیارنامەیەیان پەسند کردوەو رێژیمی ئێرانی وەك پێشێلکاری مافی مرۆڤ لە هەموو بوارەکان‌داو بە جیهان ناساند. بەڵام ساڵی رابردوو پێشنووسی بڕیاری پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لەلایەن رێژیمەوە لە ژنێڤ پەسند نەکرا کە چاوەدێرانی ئەو بوارە، هۆکاری ئەوەیان لە هاوتەریبی بەرژەوەندی‌یەکان‌و سازانی هێندێ لە وڵاتانی ئەندامی کۆمیسیۆنی مافی مرۆڤ لەگەڵ کۆماری ئیسلامی بینی.

ماوەیەك لەوەپێش کۆمیسیۆنی مافی مرۆڤی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان پێشنووسی ئەو بڕیارنامەیەی کە لەلایەن دەوڵەتی کاناداوە بەمەبەستی مەحکوومکردنی ئێران سەبارەت بە پێشێلکردنی مافی مرۆڤ پێشکێش کرابووو پەسند کرد. ئەو بڕیارنامەیە بە ٧٣ دەنگی موافیق‌و ٤٩ دەنگی موخالیف‌و ٥٠ دەنگی بێ‌لایەن پەسند کرا. پشتیوانانی کانادا بۆ ئەو بڕیارنامەیە بریتی بوون لە: وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، کۆماری چك، ئیسلەند، ئیرلەند، هولەند، پرتۆغاڵ، سوئێد، ئاندوراو میکرۆنزی. ئەوە لە حاڵێك دایە کە رووسیە، چین، هیندو وڵاتانی ئیسلامی دژی بڕیارنامەکە بوون. پێویستە بگوترێ کە ئەو بڕیارنامەیە لە نێوەڕاستی مانگی دیسامبری داهاتوودا، لە کۆبوونەوەی گشتیی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا، دەنگی بۆ دەدرێ.

بڕیارنامەی ناوبراو هەروەك پێشوو، بە ئیعدامگەلی ئاشکراو بڕینی ئەندام، دەرکردنی بڕیاری سەرەڕۆیانە دژی جیابیرانی سیاسی، سەرکوتکردنی ئازادیی چاپەمەنی‌و کردەوەگەلی رێکخراو دژی ژنان‌و کچان، هەم لە یاساداو هەم لە کردەوەدا، شکەنجەو جیاوازی‌دانانی ئاشکرای دینی لە دژی کەمایەتی‌یەکانی بەهایی‌و مەسیحی‌و کەلیمی‌و موسڵمانانی سوننی‌و بەکارهێنانی توندوتیژی دژی نارازییان‌و بزووتنەوە خوێندکاری‌یەکان ئاماژە دەکا.

بەدوای پەسندکردنی ئەو بڕیارنامەیە لەلایەن کۆمیسیۆنی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە، حەمیدرەزا ئاسفی، وتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ئێران رۆژی یەکشەممە، ٢٣ی نوامبر ئەو بڕیارنامەیەی بەبێ بایەخ داناو رەدی کردەوە. پێشتریش نوێنەری ئێران لە کۆمیسیۆنی مافی مرۆڤی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، گوتبووی ئەو بڕیارنامەیە دەستێوەردانە لە کاروباری نێوخۆیی ئێران. هەروەها ئاسفی گوتی: ئەو بڕیارنامەیە چەواشەکردنی راستی‌یەکان‌و گۆڕانکاری‌یەکانی ئێرانە بۆ هێندێ مەبەستی گەڵاڵەکراو.

لە دوو دەیەی رابردوودا، حکوومەتی کۆماری ئیسلامی لەلایەن کۆمیسیۆنی مافی مرۆڤی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە، ٢١ جار بەبۆنەی پێشێلکردنی بەردەوامی مافی مرۆڤ بە شێوەیەکی بەربڵاوو سیستماتیك مەحکووم کراوە، جیا لە دەیان جاری دیکە کە لەلایەن وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا، رێکخراوی جیهانیی دژە ئەشکەنجەو ئۆرگانە ناودەوڵەتی‌یەکان بەو بۆنەوە مەحکووم کراوە. سەیر ئەوەیە کە هەمیشە دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی ئەو جۆرە مەحکوومییەتانە بە دەستێوەردان لە کاروباری نێوخۆیی ئێران دادەنێن‌و بەردەوام هەوڵ دەدەن بە بیانووی جۆراوجۆری مەزهەبی‌و. . . پاساوی قانوونی بۆ پێشێلکردنی مافی مرۆڤ بێننەوە. ئەوە لە حاڵێك‌دایە کە بەجیهانیبوونی مافی مرۆڤ بەو مانایە کە لە هیچ وڵاتێك‌دا هیچ چەشنە یاساو رێساو ئایین‌نامەیەك نابێ بە جۆرێك تەنزیم بکرێ کە لەگەڵ بەندەکانی بەیاننامەی جیهانیی مافی مرۆڤدا دژایەتی هەبێ. بەڵام لە یاسای کۆماری ئیسلامی‌دا هەڵاواردنی ژنان، کەمایەتی‌یە مەزهەبی‌یەکان، جیابیران‌و موخالیفانی سیاسی، یەکجار بەرچاوو ئاشکرایە. لەلایەکی دیکەوە کۆماری ئیسلامی هەمیشە بە قسە مەحکووم کراوەو هەرگیز بە کردەوە لەلایەن بنیاتە نێودەوڵەتی‌یەکانەوە ناچار بە رەچاوکردن‌و پاپەندبوونی بە پاراستنی مافی مرۆڤ لەو وڵاتەدا نەکراوە. بە سەرنجدان بە رووداوەکانی ئەم دوایانەی ناوچەو دەرەنجامەکانی ئەو پرۆسەیە کە پشتیوانیکردن لە مافی مرۆڤ‌و گەیشتن بە ئازادی‌یە مەدەنی‌یەکان، چاوەڕوانی ئەوە دەکرێ کە مەحکوومکردنی ئێران بەهۆی پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە ناوەڕاستی مانگی دیسامبر لە کۆبوونەوەی گشتیی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا، کۆمەڵگای نێونەتەوەیی چی‌دیکە وەك چاولێکەرێك هەڵسوکەوت نەکاو بۆ پێشگرتن لە پێشێلکردنی بەردەوامی مافی مرۆڤ لە ئێراندا هەنگاوی بە کردەوەو جیددی هەڵبنێتەوە، بەڵکوو تا رادەیەك بتوانن لەو بوارەدا پێش بە خراپتربوونی بارودۆخەکە بگرن.

❊ ❊ ❊

---

## وەرزی سەرماو گرفتی سووتەمەنی

ئاشکرایە کە وڵاتی ئێران یەکێك لەو وڵاتانەیە کە خاوەنی نەوتێکی زۆرو لەگەڵ ئەوەشدا سامانێکی گەورەی گازی سروشتیی هەیەو ماوەی چەند ساڵێکە باس لە پرۆژەی ئاوەدانکردنەوەی وڵات بە تایبەت گازرەسانی لە لایەن رێژیمەوە دەکرێ. بە پێی تەرحی پێنج ساڵەی سێهەم دەبێ دەوڵەت گازرەسانی لە تەواوی خاکی ئێراندا تەواو بکا، بەڵام نەك ئەو تەرحەیان بۆ تەواو نەبوە بەڵکوو لە هێندێك شارو ناوچەدا خەڵك بە راکێشانی لوولەی گاز بە جێگای ئەوە لە دەست گیروگرفتی کەمیی سووتەمەنی خەلاس بن، گیروگرفتیان لەو پێوەندی‌یەدا زیاتر بووە. ئەگەر جاران بە هەر جۆرێك بوو لەگەڵ سووتەمەنیی نەوت راهاتبوون ئێستا ئەویشیان لە دەست چوە. بۆ روونکردنەوەی ئەو مەسەلەیە دەتوانین شاری مەهاباد وەك نموونە ئاماژە پێ‌بکەین کە لە سایەی تەرحی پێنج ساڵەی سێهەمدا لەگەڵ گیروگرفتی لەو بابەتە بەرەوروویە.

مەهاباد شارێکی کوێستانی‌یەو هەر بۆیە سەرماوسۆڵ زۆر زوو رووی تێ‌دەکاو خەڵکی ئەو شارە زیاتر نیازیان بە سووتەمەنی دەبێ، بەڵام لەو کاتەوە لوولەی گاز گەیشتۆتە ناوشارو بە گەڕەکەکانی‌دا بڵاوبۆتەوە، خەڵکی گرفتێکی دیکەیان لە لایەن شیرکەتی گازرەسانی‌یەوە بۆ دروست بوە کە ئەویش بەمجۆرەیە: هەر ماڵێك کە خوازیاری راکێشانی لوولەی گاز بێ شیرکەتی گازرەسانی داوای " مدرك پایان كار شهرداری" لێ دەکاو ئەو خانووانەی لە ساڵەکانی پێش ٥٧ تا ٦٦ دروست کراون، شارەداری تەنیا عەوارزی لێ وەردەگرتن بەڵام ئێستا دوای پەسندکرانی ئەو بڕیارە لە شووراکان‌دا، دەبێ بەڵگەی تەواوبوونی کار لە لایەن شارەداری‌یەوە بدرێ بە خاوەنی ئەو خانووانە. ئێستا ئەو خانووانە کە بەڵگەی تەواوبوونی کاریان لە لایەن شارەداری‌یەوە پێ‌نەدراوە ئەگەر بیانهەوێ "پایان کار" وەربگرن گرفتی "مازاد تراکم"یان هەیە کە دەوڵەت حەقی ئەو "مازاد تراکم"ەیان لێ وەردەگرێ‌و زۆربەی خەڵکیش توانای دانی ئەو رادە پووڵەیان نیە. لەئاکامدا شیرکەتی نەوتیش هەر کۆڵانێك لوولەی گازی پێدا رۆیشتبێ نەوتی پێ‌نادا. لێرەدایە کە چەند پرسیارێك دروست دەبێ:

١ـ کەسێك کە لە ساڵانی رابردوودا بە هەزار کوێرەوەری خانوویەکی چووکی پێکەوە ناوە لەگەڵ ئەو یاسا تازەیە چۆن هەڵسوکەوت بکاو چۆن گرفتی خۆی چارەسەر بکا؟

٢ـ ساڵانی رابردوو کە گاز نەبوو بە هەر جۆرێك بوو نەوت گیردەکەوت، ئێستا بە قسەی کاربەدەستان سێ چوارەمی شاری مەهاباد لوولەکەشیی گاز کراوە، بەڵام نەوت گیر ناکەوێ‌و دەڵێن کەمیی نەوتمان هەیە، بۆشکەی ٢٠٠ لیتریی لە لایەن شیرکەتی نەوتەوە بە ٨٠٠٠ تمەنە. بەڵام هەر لەو کاتەدا لە بازاڕی ئازاد بە ئاشکرا کڕین‌و فرۆشتنی پێ‌دەکرێ.

ئەگەر گرفتی سووتەمەنی لە فەسڵی سەرمادا لە شارێکی وەك مەهاباد بەم جۆرە بێ کە هەیە روونە کە لە ناوچە دوورە دەستەکان‌و زیاتر شاخاویی‌یەکاندا کە گەیشتنی نەوت بۆ ئەو جۆرە شوێنانە لەگەڵ زۆر کەندوکۆسپی دیکە بەرەوروویە، چۆنە و خەڵك بە دەست ئەو وەزعەوە چ دەچێژن.

❊ ❊ ❊

# تێکۆشان لە دەرەوەی وڵات

## ئوسترالیا:

### دیداری هەیئەتی حیزب لەگەڵ جوی سکالزی پارلمانتێری ئوسترالیایی

رۆژی ٢٠٠٣/١١/١٧ لە لایەن کومیتەی ئادلایدەوە هاورێیان زاهید کەریمیو محەممەد هاشمی چاویان بە بەرێز Joe scaizi ئەندامی پارلمان، لە حیزبی لیبرال (حیزبی دەسەڵاتدار) کەوت. لەو دانیشتنەدا کە دوو سەعاتو نیوی خایاند، کێشەی کورد بە گشتیو مەسەلەی کورد لە ئێران بە تایبەتی هاتە بەرباسو لێکۆڵینەوە. هەروەها دەقی نامەی بەرێز سکرتێری گشتیی حیزب بۆ کووفی عەنان بە زمانی ئینگلیسی درایە بەرێز Joeو لە سەر گرینگیی چارەنووسی ئەو تێکۆشەرانە بۆ حیزبو گەلی کورد لە ئێرانو بنەماڵەی ئەو عەزیزانە تەئکید کرا.

بەرێز Joe بەڵێنیدا کە ئەم مەسەلە لە کۆبوونەوەی پارلماندا بخاتەبەر باس. هەروەك قەراریان داوە، لەداهاتوودا چاوپێکەوتنەکانیان بەردەوام بن.

***

## سوئێد:

### دیداری نوێنەر حیزب لەگەڵ "ئێریك ئولەنماك" پارلماتێری سوئێدی

رۆژی پێنج شەممە، رێکەوتی ٢٠ی نوامبری ٢٠٠٣، هاورێ حەسەن قارەمانی نوێنەری حیزب لە وڵاتی سوئێد، لەگەڵ ئاغای ئەریك ئەندامی پارلمان لە حیزبی گەل، چاوپێکەوتنی رەسمی پێك هێنا. لەو دیدارەدا هاورێ حەسەن قارەمانی رێزو سوپاسو پێزانینی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانی پێشکێش بەئاغای ئەریك ئولەنماك لە حیزبی گەل کرد بۆ پشتیوانی کردن لەو پێشنیارانە بۆ پارلمانی سوئێد کە لە کۆبوونەوەی پارلمان لە ساڵی ٢٠٠٤دا باسی لەسەر دەکرێو بڕیاری لەسەر دەدرێ، لەمەڕ ئازادیو مافەکانی گەلی کورد لە ئێراندا.

ئاغای ئەریك ئولەنماك لەو چاوپێکەوتنەدا، بەڵێنی دا وەك دۆستی گەلی کورد لە کۆبوونەوەی پارلمانی سوئێددا بۆ پشتیوانی زیاتر لە خەباتی رەوای گەلی کورد لە کوردستانی ئێران پتر تێ بکۆشێ. لەو دیدارە گەرمو دۆستانەدا، لەگەڵ ئاغای ئەریك، باسی پتەوکردنی دۆستایەتیی زیاتری نێوان حیزبی گەلو حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانو چاوپێکەوتنی زیاتر لە داهاتوودا کرا.

شایانی باسە لە ساڵی ٢٠٠٤دا سەرۆکی حیزبی گەل ئاغای لارش لیون بوری، ئاغای ئەریكو چەند کەس لە ئەندامانی سەرکردایەتیی حیزبی گەل، سەردانی کوردستانی عێراق دەکەن. کاك حەسەن قارەمانی خۆشحاڵیی خۆی لە سەردانی ئەوان بۆ کوردستانی عێراق دەربڕیو بە ئاغای ئەریکی راگەیاند، رێبەرایەتیی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە کاتی سەردانی ئێوە لەو سەفەرەدا بۆ کوردستان بە پێی بەرنامەو دیداری ئێوە میوانداریتان دەکا.

**

### بەڕێوەچوونی کۆنفرانسی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران ـ سوئێد

کاتژمێر ١٢ی نیوەڕۆی رۆژی شەمو ٢٠٠٣/١٢/٢٢، یەکەمین کۆنفرانسی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە بەشداریی زیاتر لە ٩٠ کەس لە ئەندامانی ئەو یەکیەتی‌یە کە لە شارەکانی دوورو نزیکی شوێنی کۆنفرانسەکە ڕا هاتبوون، لە شاری "ویسترۆس" بەڕێوەچوو.

کۆنفرانسەکە بە سروودی نەتەوایەتیی "ئەی رەقیب"و دەقیقەیەك بێدەنگی بۆ رێزگرتن لە یادی شەهیدانی رێگای ئازادی دەستی پێ کردو دواتر خاتوو ئەسرین ئیسماعیلی بەرپرسی کۆمیتەی ژنانی "ویسترۆس" وەك کۆمیتەی خانەخوێ دەسپێکی کۆنفرانسەکەی راگەیاند. دوای پەسندکردنی دەستووری کاری کۆنفرانسو تەئیدی دیوانە پێشنیاری‌یەکان کۆنفڕانسەکە بە شێوەی خوارەوە بەڕێوە چوو:

١ـ خوێندنەوەی وتارێك لەسەر گرنگیی ئەو یەکیەتی‌یەو خەباتی ژنان لەلایەن خاتوو شکۆفە قوبادی

٢ـ پەیامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە لایەن کاك رەحیم محەممەدزادە

٣ـ پەیامی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی لەلایەن خاتوو شلێر حەسەنپوور

٤ـ وتاری هاورێ خالید عەزیزی، ئەندامی کۆمیتەی ئورووپای حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

٥ـ پەیامی یەکیەتیی کوردان لەلایەن بەرپرسی ئەو کومیتەیەوە، کاك عەلی فەتحی

٦ـ پەیامی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستان لە سوئێد، لەلایەن خاتوو سۆزان فەتحی

شایانی باسە بەشی دووهەمی کۆنفڕانسەکە بۆ باس لەسەر پێڕەوو پرۆگرامی یەکیەتیی ژنان تەرخان کرابوو.

لە دوا بەشی کارەکانی کۆنفرانسدا ژمارەیەکی بەرچاو لە بەشدارانی کۆنفرانس خۆیان کاندیدای ئەندامەتیی کۆمیتەی بەڕێوەبەری کردو هەیئەتی بەڕێوەبەری لە رێگای دەنگدانی تەواو ئازادانەو دێموکراتیکەوە، هەڵبژێردرا.

کۆنفرانسەکەش بە پەسندکردنی بڕیارنامەی کۆنفرانس کۆتایی پێ هات.

***

## ئینگلستان:

### خۆپیشاندان بە پشتیوانی لە نامەی سکرتێری گشتیی حیزب



سەعات٢ی دوای نیوەروی رۆژی ٢٤ ی نوامبری ٢٠٠٣ ی زایینی، خۆپێشاندانێك لە لایەن نیزیك بە ١٠٠ کەس لە کوردەکانی دانیشتووی ئینگلستان بە مەبەستی پشتیوانی لە نامەی بەرێز سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بۆ بەرێز "کوفی عنان" سکرتێری گشتیی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان وپشتگیریلە خوێندکارانی ئێران بە رێوە چوو.

لەو خوپێشاندانەدا بە دروشمەکانی: قاسملوو شەرفکەندی رێگاتان درێژەی هەیە. داوا لە رێکخراوە مرۆڤدۆستەکان دەکەین بۆ ررون کردنەوەی چارەنووسی ٦ تێکۆشەری حیزبی دێموکرات هەوڵ بدەن. بژی دێموکرات، بژی ئازادی، زیندانی‌یە سیاسی‌یەکان دەبێ ئازاد بکرێن. دێموکرات وشیارە، لە تیروریزم بێزارە و... لەلایەن بە شدارانی خۆپێشاندانەکەوە دەگووترانەوە. لە درێژەی خۆپیشاندانەکەدا هاورێ مەولوود سوارە، نوێنەری حیزب لە ئینگلستان وتووێژێکی لەگەڵ رادیوی کوردی لە ئینگلستان کردو لەودا مەبەست لەوخۆپێشاندانەی روون کردەوە .

لەو خۆپیشاندانەدا نامەی سکرتێری گشتیی حیزب بۆ کووفی عنان، نامەی دەفتەری نوێنەرایەتی حیزب لە سەر پەناخوازانی ئەلتاشو هەواڵی خۆپێشاندانی خەڵکی سەردشتو نامەی هێزە کوردستانی‌یەکان لەنێو خەڵکدا بڵاوکرایەوە.

هەر لە پێوەندی لەگەڵ وەزعی کورد لە ئێراندا رۆژی ٢٥ی نوامبر نامەیەك لەلایەن بەڕیزان جیرمی کۆربن، ئەندامی پارلمان وکیتفینز ئەندامی لیبر پارتیو ئیحسان قادرپور، لەلایەن هێزە کوردستانی‌یەکانەوە بۆ باڵوێزخانەی ریژیم لە ئینگلستان روانە کرا.

**دەقی نامەکە:**

**کومیتەی هابەشی**
**لقی هێزە کوردستانی‌یەکان لە بریتانیا**
**مورتەزا سەرمەدی سەفیری باڵوێزخانەی**
**کۆماری ئیسلامیی ئێران**

**لندن SW7 1Pt**

**٢٥ نوامبری ٢٠٠٣**

بیست وپێنج ساڵ پاش دامەزراندنی کۆماری ئیسلامی، ئێستاش ئەندامانی ئۆپۆزیسیون هەر لە زیندان دانو ئەشکەنجە دەدرێنو ئیعدام دەکرێن . تەنانەت ئەوانەش کە خۆیان گەیاندۆتە دەرەوەی وڵات هێشتا هەرمەترسیان لە سەرە. لە ماوەی ٢٣ ساڵی رابردوودا دەستو پیوندەکانی ریژیم سەدان کەس لە نەیارانیان کە لە دەرەوەی وڵات نیشتەجێ بوون، کوشتوە. هەرچەند ئەومرۆڤکوژیانەی لە وڵاتانی ئوروپاییدا ئەنجام دراون، زۆرجار دەوڵەتەکانی ئەو وڵاتانە لە ئاست دەربرینی ڕاشکاوانەی هەر چەشنە ئیعترازێك دەستەوەستان ماونەتەوە.

دوای دادگایی کردنی بکوژانی دوکتور سادق شەرفکەندیو هاوڕێیانی کە لە سپتامبری ١٩٩٢دا تیرۆر کران، حوکمی دەرکراو لە ١٠ی ئاوریلی ١٩٩٧دا لەلایەن دادگای بێرلینەوە ئەو راستی‌یەی سەلماند کە پایەبەرزترین دەسەلاتدارانی کۆماری ئیسلامی بەرپرسی تیرۆری موخالیفانی ئەورێژیمەن.

بە دوای کوژرانی ٣ کورد بە دەستوری کۆماری ئیسلامی، هەولی ئەودوایانەی کوردەکان لە مانگی رابردوودا بە مەبەستی راکێشانی سەرەنج بۆ سەر ئەو بارودۆخە لەلایەن ئەو ریژیمەوە بە توندترین شێوە وەلاّم درایەوە .

ئێمە لە ئاست هەر جۆرە کردەوەیەکی هێرشبەرانە بە دژی هەر کەس یا گروپێکی کوردی نیگەرانی وپەرۆشیی خۆمان دەردەبرین. هیواداریـن دەوڵەتی ئێران بە بێ خۆخافلاّندن لەو دەرفەتە کەڵك وەرگرێو ئەو مەسەلەیە لەگەڵ نوێنەرانی گەلی کورد بێنێتە بەرباسو کۆتایی بەکوشتنو بەکارهێنانی وتوندوتیژی بە دژی کوردەکان بێنێ.

لەوەی کە مەسەلەی کوردەکان لە نێوەرۆکی خویدا مەسەلەیەکی سیاسی‌یە، داوا لە دەوڵەتی ئێران دەکەین ئەو راستی‌یە بسەلمێنی کە ئەو مەسەلەیە دەبێ لە رێگەی ئاشتی‌یەوە چارە سەر بکرێ.

جیرمی کوربین نوێنەری پارلمان

"ئیحسان قادر" پوورنوێنەری لقەکانی حیزبە کوردیەکان لە ئینگلستان

کیشاوینس ئیسلینگتون نوێنەری پارتی کرێکاران

***

## دیداری هەیئەتی حیزب لەگەڵ رێکخراوی کوردستانی حزبی کمونیستی ئێران (کۆمەڵە)



**رۆژی سێشەمە ١١ی سەرماوەزی ١٣٨٢ی هەتاوی، هەیئەتێکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، پێکهاتوو لە بەرێزان، باباعەلی مێهرپەروەر، مستەفا هیجری، مستەفا مەولوودی ئەندامانی دەفتەری سیاسیو، عوسمان رەحیمیو سەیدرەزا درووودگەر ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندیو، محەمەدسالحی قادری، ئەندامی جێگری کۆمیتەی ناوەندی، سەردانی رێکخراوی کوردستانیی حیزبی کومۆنیستی ئێرانی کرد.**

**شایانی باسە کە ئەو هەیئەتە لەلایەن هەیئەتێکی پایەبەرزی کۆمەڵەوە کە پێکهاتبوو لە بەرێزان: سەید برایم عەلیزادە سکرتێری کۆمەڵەو محەمەدئەمینی حیسامی، رەشید رزاقی، سروە ناسری، عوسمان رەمەزانی، حەسەن رەحمانپەناو رەئووف پەرستار، ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی‌یەوە بە گەرمی پێشوازی لێ‌کرا.**

**لەو چاوپێکەوتنە دۆستانەیەدا، کە زیاتر لە ٥ سەعاتی خایاند، سەبارەت بە بارودۆخی سیاسیی عێراق پاش هێرشی ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی بۆ سەر ئەو وڵاتەو کاردانەوەی لە سەر بارودۆخی رۆژهەڵاتی نێوەراستو ئێرانو کوردستان، بە تێروتەسەلی ئاڵوگۆڕی بیروڕا کرا. هەروەها تەوەرەیەکی دیکەی باسەکان، پێکهاتبوو لە هەوڵدان بۆ پێکهێنانی بوارێکی لەبارتر بۆ هاوکاریو لێکنزیکبوونەوەی هەرچی زیاتری هێزە سیاسی‌یە ئێرانیو کوردستانی‌یەکان.**

***

## درێژەی لاپەڕەی ١

درێژەی لاپەڕەی ١

### دیسان جینایەتی کۆماری ئیسلامی لە سەردەشت

و بە دارو بە بەرد هێرش دەکەنە سەر پاسەوانەکانو خوازیاری موحاکەمە کردنی بەڕێوەبەرانی ئەم کردەوە جینایەتکارانەیە دەبن. ئەوان زۆر راشکاوانەو بوێرانە چەندین کاتژمێر لە بەر دەرگای پادگان دەمێننەوەو دەیانەوێ بە هەر شێوەیەك بێت پێش بە دووپات بوونەوی ئەم جۆرە جینایەتانە بێنن. لە رووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ بەکرێگیراوانی رێژیمدا خەڵکی وەزاڵەهاتوو هێرش دەکەنە سەر فەرماندەرێکی پۆلیس بە ناوی "میکائیل" خەڵکی شاهیندێژو برینداری دەکەن.

## کازم دارابیی تیرۆریست، دەیەویست لە زیندان رابکا!

**بە پێی هەواڵێك کە رۆژی ٢٨ی خەزەڵوەری ١٣٨٢ی هەتاوی (١٩ی نوامبری ٢٠٠٣)ی زایینی لە رۆژنامەی بیرلینەر تساتیونگ Berlinevt tsatung ی ئاڵمانی‌دا بڵاوبۆتەوە، تیرۆریست کازم دارابی پلانێکی بۆ راکردن لە زیندان دارشتوە، بەڵام بە هۆی ئاشکرا بوونی پلانەکەی لە بێرلینەوە بۆ زیندانێك لە دریسدن (Dresden) راگوێزدراوە.**

**بە ئاشکرا بوونی ئەو پلانە کاتێك پۆلیس ژووری ناوبراوی لە زینداندا پشکنی، تەلەفونێکی دەستیی لە نێو شتومەکەکانی‌دا دۆزیەوە بەڵام تا ئێستاش روون نیە کە کازم دارابی لەکەیەوە ئەو تەلەفۆنەی لە ئیختیاردابوەو لەگەڵ کێ لە پێوەندی‌دا بوە. هەر بە پێی نووسراوەی ئەو رۆژنامەیە، رێکخراوی "حماس"، هەوڵی داوە کە ئەو تیرۆریستە رزگار بکاو لە درێژەی وتەکانی‌دا دەڵێ کە دەفتەری "صدراعظم" لە نامەیەکدا بۆ رێکخراوی پەنابەرانی ئێرانی نووسیویەتی "بەربوونی پێش وەختی ئەو تیرۆریستانەی کارەساتی میکونووسیان خولقاند لە بنەڕەت دا غەیرە مومکین نیە"و ناراستەوخۆ ئەو هەواڵە تەئیید دەکا کە ئاڵمان لە وتووێژەکانی نێوان حیزبوڵڵا کە لە لایەن ئێرانەوە پشتگیری لێ دەکرێو ئیسرائیل‌دا رۆڵی نێوبژیوانی دەگێرێ.**

***

# ٢٥ی نوامبر،
# ساڵڕۆژی سڕینەوەی توندوتیژی دژی ژنان

خەدیجە مەعزوور

توندوتیژی مەسەلەیەکی جیهانی‌یە. ئەم دیاردەیە لە گشت ولاّتانی جیهان، تەنانەت لەو ولاّتانەدا کە دێموکراسی‌و عەداڵەت قسەی یەکەم دەکەن، بە شێوەی نهێنی‌و ئاشکرا ئەنجام دەدرێ. ئەم دیاردەیە شتێکی تازە نیە کە بەرۆکی هەموو مرۆڤەکانی گرتبێتەوە، بەڵکوو ئەم دیاردەیە لە دێر زەمانەوە بووە، بەلاّم لە سەدەی بیست‌و یەکدا بە شێوەیەکی نوێ لە جیهاندا پەلوپۆی هاویشتوە. هەروەك کووفی عەنان، سکرتێری گشتیی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان دەڵێ: "توندوتیژی دژی ژنان‌و کچان لە ناوچە جۆراوجۆرەکانی جیهاندا بۆتە گیروگرفتێکی گەورە بۆ مرۆڤ."

رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان رۆژی ٢٥ی نوامبری بە رۆژی جیهانیی سڕینەوەی توندوتیژی دژی ژنان ناودێر کردوە. کۆری گشتیی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ساڵی ١٩٩٣ی زایینیدا بەیاننامەی "لابردنی توندوتیژی" لە دژی ژنانی پەسند کرد. لەم بەیاننامەیەدا توندوتیژی بەم جۆرە پێناسە کراوە: "هەر جۆرە هەڵسوکەوتێکی توندوتیژ لەسەر بناغەی جنسییەت کە ببێتە هۆی زەبرلێدانی جیسمی‌و جینسی‌و رەوانی‌و ئەزییەت‌و ئازاری ژنان، یا هەر چەشنە هەڕەشەیەك بە مەبەستی بە ئەنجام گەیاندنی کردەوەی ناحەز کە ئاکامەکەی بە ناچاری‌و یا دڵخواز ببێتە هۆی بێبەشبوون لە ئازادی لە کۆمەڵ‌و ژیانی تایبەتی‌دا."

هەروەك ئاماژەی پێ کرا، مەسەلەی

توندوتیژی نواندن بەرامبەر بە مرۆڤ‌و بەتایبەت ژنان، تەنیا تایبەتی ولاّتێك‌و ناوچەیەك لە جیهاندا نیە. ئەم دیاردەیە لە سەرانسەری جیهان، لە پێشکەوتووترین ولاّتداو لەلایەن مرۆڤە خوێندەوارەکانیشەوە لەسەر ژن بەڕێوە دەچێ. بە گوێرەی سندووقی حەشیمەتی سەربە رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، لەهەر سێ ژن لە سەرانسەری جیهاندا ژنێك لەلایەن ئەندامانی بنەماڵە وەك مێرد، برا، یا یەکێك لە خزم‌و کەسانی‌یەوە دەکەوێتە بەر توندوتیژی. دیارە هۆی سەرەکی ئەم توندوتیژیيانە بە دژی ژنان، زاڵبوونی فەرهەنگی پیاوسالاری‌یە. لەڕاستی‌دا فەرهەنگی پیاوسالاری لەگەڵ توندوتیژی‌دا پێوەندی‌یەکی نەپچڕاوی هەیە.

توندوتیژی بە شێوەی جۆراوجۆر "جەستەیی ـ دەروونی" دژی مرۆڤ بەگشتی‌و ژنان‌و منداڵان بە تایبەتی بەڕێوە دەچێ. ئەم توندوتیژیيانە لەم رێگایانەوە دەکرێن: ئاپارتایدی جینسی، بەشوودانی کچانی کەم تەمەن، کڕین‌و فرۆشتنی منداڵان بەتایبەت کچان، دابونەریتی دزێو، ئایین، فەرهەنگی دواکەوتووانە، قانوونی پڕ لە ناتەبایی‌و بێ‌عەداڵەتی بە دژی ژنان، حاکمبوونی دەسەڵاتێکی کۆنەپەرست‌و دواکەوتوو.



ئەو دیاردەو فەرهەنگە دواکەوتوە لەسەر یەك نەتەنیا ژنان لە دواکەوتوویی‌دا دەهێڵێتەوە، بەڵکوو بواریش بۆ توندوتیژی دژی ژنان خۆش دەکەن. لەم بوارەدا دەتوانین ئێران بە نموونە بێنینەوە کە کۆمەڵێکی پیاوسالارو رێژیمێکی دواکەوتووەو قانوونێك نیە کە بتوانێ داکۆکی لە ژنان لە بەرامبەر نواندنی توندوتیژی لە کۆمەڵ‌و بنەماڵەدا بکا. تەنانەت لە قەوارەی حقووقیی قانوونی ئەساسیی ئێراندا ئەوە وەبەرچاو ناکەوێ کە بەگشتی توندوتیژی کونترۆڵ بکا، بەڵکوو بە پێچەوانە لەو قانوونە ئەساسی‌یەدا، لەبارەی سزاداندا زۆر خاڵ بەرچاو دەکەون کە مرۆڤ هان دەدەن توندوتیژی بنوێنێ، وەك پیاو دەتوانێ لە ژن بدا، خوێن بەهای ژن نیوەی پیاوە، لە میراتدا نیوەی پێ دەبڕێ، لە شاهیدیداندا بە نیوە بە حیساب دێ، بەشوودانی کچ لە تەمەنی ٩ ساڵە‌و

سەرجەم ئەم خاڵانەو گەلێك خاڵی دیکە، گەورەیی پیاو بەسەر ژندا دەسەلمێنێ‌و لە ئاکامدا دەبنە هۆی بەهێزکردنی فەرهەنگی پیاوسالاری‌و لە نیهایەتدا توندوتیژی نواندن. لەڕاستی‌دا هەر جموجوڵێکی ژن پێچەوانەی مەیلی پیاو بێ، لەگەڵ دژکردەوەی پیاودا رووبەڕوو دەبێ.

فەرهەنگی پیاوسالاری بە ئاشکراو راشکاوی لە نێو دەزگاو نیهادە دەوڵەتی‌یەکان‌و کۆمەڵ‌و بنەماڵەو بەگشتی لە هەموو بوارەکانی کۆمەلایەتی، سیاسی، ئابووری‌و فەرهەنگی‌دا، ریشەی داکوتاوەو پەلوپۆی هاویشتوە. هەروەك ئاماژە کرا، کۆماری ئیسلامی‌و قانوونەکەی پەرەپێدەرو بەهێزکەری فەرهەنگی پیاوسالاری‌و فەرهەنگە دزێوەکانی دیکەی دژی ژنن. هەرچەند مانگ لەمەوبەر دووبارە گەلاّڵەی "لابردنی هەرچەشنە فەرق‌و جیاوازیدانانێك بەرامبەر بە ژنان" لە مەجلیسی شوورای ئیسلامی‌دا هاتە بەرباس، سەرەنجام پاش قسەو باسێکی زۆر لەسەر ئەو گەلاّڵەیە، نوێنەرانی مەجلیس بە وەبەرچاوگرتنی هێندێك مەرج، ئەم گەلاّڵەیەیان پەسند کرد، بەلاّم شوورای نیگەهبان ئەم گەلاّڵەیەی بەتوندی رەد کردەوە. ئەوە بۆ خۆی نیشاندەری بێ‌باوەڕیی دەسەلاّتبەدەستانی کۆماری ئیسلامی بە ژن‌و کێشەکانیەتی‌و هەرجۆرە بێ‌بەشی‌و توندوتیژی‌یەك بە نیسبەت ژنان بە شتێکی رەواو سروشتی دەزانن.

لەو نێوەدا ئەرکی ژنانە کە نابێ ئەو دیاردە دژی ئینسانیانە بەنیسبەت خۆیان بەشێکی رەواو سروشتی بزانن‌و لە بەرامبەری‌دا بێدەنگ بن. بەڵکوو دەبێ وەك هەموو ژنان لە سەرانسەری جیهاندا، لە بەرامبەر ئەم دیاردانەدا هەڵوێست بگرن‌و بە لێبڕاوی بەربەرەکانێیان لەگەل بکەن. ئەم بەربەرکانێ‌و هەڵوێست گرتنانەش لە رێگای پێکهێنانی رێکخراوو کۆڕو کۆبوونەوەو بوێری نیشاندان لە بەرامبەر بێ‌عەداڵەتی‌یەکاندا خۆی دەنوێنێ. لەڕاستی‌دا فاکتەری سەرەکی بۆ پەرەپێدانی توندوتیژی‌و خاشەبڕکردنی توندوتیژی لە کۆمەڵ‌و بنەماڵەدا دەگەڕێتەوە سەر خودی ژنان کە چەندە لە بەرامبەر توندوتیژی‌دا هەڵوێست دەگرن‌و خەبات بۆ نەهێشتنی دەکەن. ئەگەر ژنان چاوەڕوانی یارمەتیی ئەم‌وئەو لەم پێناوەدا بن، ئەوە لە خەباتی خۆیاندا بە ئاکام ناگەن‌و نابێ هەرگیز وابیر بکەنەوە کە ئەم دیاردەیە لە خۆڕا بنەبڕ دەبێ. کە وایە ژنان دەبێ سەرنجێکی جیددی بە ئامووزش‌و عاملاندنی دروستی کۆرپەکانیان بدەن. ئیزن نەدەن فەرهەنگی پیاوسالاری لە دەرونیاندا نەهادینە بێ‌و لەگەڵی گەورە بن. ئەگەر توندوتیژییش لەنێو بنەماڵەدا هاتەپێش، دەستەوەستان نەبن‌و زۆر بوێرانە لە بەرامبەری‌دا راوەستن‌و لە خۆیان دیفاع بکەن تا ئەم هەستە لە دەروونی منداڵەکانیان کە ئامادەی وەرگرتنین پێك نەیە. کاتێك منداڵ (کچ‌و کوڕ) لەگەڵ ئەم دیاردەیە نامۆ بن، ئەوە دەبێ هیوادار بین کە کۆمەڵ‌و بنەماڵە پڕ لە تەبایی بۆ ژن‌و پیاو دەبێ‌و توندوتیژی مانای نەمێنێ.

❋❋❋

## بەڕێوەچوونی ڕێوڕەسمی
# پێنجەمین ساڵڤەگەڕی قەتڵی فرووهەرەکان



رۆژی یەکشەممە، ٢ی سەرماوەزی ساڵی ١٣٨٢ی هەتاوی، رێوڕەسمی پێنجەمین ساڵوەگەڕی قەتڵی فرووهەرەکان بە دوو رۆژ وەدواکەوتنەوە، لە حوسێنی‌یەی ئیرشاد لە شاری تاراندا بەڕێوە چوو. سەعات ١ی دوانیوەڕۆ بە هەزاران کەس لە شەقامی شەریعەتی‌و دەوروبەری حوسینی‌یەی ئیرشاد بە مەبەستی بەشداری کردن لەو یادکردنەوەیەدا کۆبوونەوە کە لە نێویاندا، لە ژن‌و پیاوو مێرمنداڵی ١٠ ساڵە تا بە تەمەنداچووی ٨٠ ساڵە دەبینران. هەروەها ژمارەیەکی بەرچاو لە کەسایەتی‌یە سیاسی، فەرهەنگی‌یەکان، مامۆستایانی زانستگە، وەکیلەکانی دادگوستەری‌و نوێنەرانی حیزبەکانی جبهەی میللی، نەهزەتی ئازادی، جەمعییەتی موسڵمانانی موباریزو پان ئیرانیستەکان لەو رێوڕەسمەدا بەشدار بوون.

رێوڕەسمەکە سەعات ٢ی پاش نیوەڕۆ، دەستی پێ‌کردو سەرەتا ئاغای موحسینی کەدیوەر بە بۆنەی پێنجەمین ساڵوەگەڕی قەتڵی داریووش‌و پەروانەی فرووهەر قسەی کرد. ناوبراو لە قسەکانی‌دا لە پێوەندی لەگەڵ ئەمنییەتی میللی‌دا، بە درێژی دواو پێداگرتن لەسەر لێکۆڵینەوە لە قەتڵە زنجیرەیی‌یەکانی بە پێویستی‌یەکی تەواو زانی.

پاشان ئاغای نەمازی، لە حیزبی میللەتی ئێران، لەو پێوەندی‌یەدا بۆ بەشداران قسەی کردو بەدوای ئەودا پەیامی "کانوونی نووسەران"و "کانوونی دیفاع لە قوربانی‌یەکانی قەتڵە زنجیرەیی‌یەکان" خوێندرایەوە.

بەدوای خوێندنەوەی ئەو پەیامەدا، پەیامی حیزبی میللەتی ئێران بە بۆنەی پێنجەمین ساڵوەگەڕی قەتڵی فرووهەرەکان لەلایەن موهەندیس شاەحوسینی‌یەوە خوێندرایەوە. لەو پەیامەدا کە لە هێندێ جێی لە شێعری کوردی کەڵك وەرگیرابوو، راگەیاندرا کە حیزبی میللەتی ئێران، هەر لە سەرەتاوە باوەڕی بە دوو جیناحی رێژیم نەبووو ئێستا باوەڕی بە هیچیان نیەو پێویستە یەکیەتی‌یەکی تەواو لە نێوان هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆندا پێك بێ.

ئینجا ئاغای دوکتور عەلی ئەکبەری موعینفەڕ، سەرەڕای بەتەمەن بوونی وتارێکی بەپێزی پێشکەش کرد. کە پێشوازی‌یەکی زۆری لێ کرا. ناوبراو لە قسەکانی دا گوتی هەر بە پێی یاسا ئەو رێژیمە رێژیمێکی چەوسێنەرە، ئەوانە بە ناوی خوداوە هاتنە سەرکار، بەلاّم خوداو پێغەمبەریان لەبەر چاوی خەڵك خست، هەروەها گوتی ئەو رێژیمە لەگەڵ خەڵك سالاری لە ناتەبایی دایەو پێویستە لە تەواوییەتی خۆیدا لە نێو بچێ. لە پێوەندی لەگەڵ هەڵبژاردنیش‌دا ئاماژەی بەوەی کرد کە: "بەشداری لە هەڵبژاردندا کارێکی بێهودەو بێ سوودە، لە جێگایان بۆیە هەڵبژاردن دەکەن تا زۆرینە حکوومەت بکاو دەسەلاّت بەدەستەوە بگرێ، بەلاّم لێرە زۆرینە دەچەوسێتەوەو بێ‌بەزەیی‌یانە سەرکوت دەکرێ". ناوبراو لە درێژەی قسەکانی‌و لە پێوەندی لەگەڵ قەتڵە زنجیرەیی‌یەکاندا گوتی: "پێتان وانەبێ قەتڵەکان هەر ئەوەندەن، چونکە تەنیا ئەوەی خۆیان ئیعترافیان پێ‌کردوە ١٣٥ مەوریدە".



مراسم یادبود فروهرها

بەدوای قسەکانی ئاغای موعینی‌فەڕدا، خاتوو پەرەستوو، کچی فرووهەرەکان قسەی کرد. ئەو لە قسەکانی‌دا کە زۆر بەسۆزەوە دەی‌کردن، باسی لە کەسایەتیی بابی‌و ئەو دیفاعەی کرد کە لە ئازادیی دەکردو لە پێناویشی‌دا، زیندانی کێشاو ئازاری چێشت. هەروەها لە شێوەی قەتڵەکەو رەفتاری نائینسانانەو نامرۆڤانەی قاتڵەکان دواوو لەو پێوەندی‌یەدا ئەوەندە بەسۆزو عاتیفەوە دەدوا کە زۆربەی بەشداران دەگریان‌و بە نیشانەی پشتیوانی دروشمیان دەداو ئەو دروشمانەشیان دووپات دەکردەوە: ریفراندۆم ریفراندۆم، زیندانی‌یە سیاسی‌یەکان دەبێ ئازاد بکرێن، مردن بۆ کۆماری ستەم، خەڵکی ئێران لە زیندانێك بە پانوبەرینی ئێران، دەبێ ئازاد بکرێن.

دیارە هەر لە پێش دەست پێ‌کردنی رێوڕەسمەکەو لە کاتی بەڕێوەچوونیشی‌دا رێژیم هێزێکی زۆری خزاندبوە شوێنی رێوڕەسمەکەو لە رێگای دامودەزگا سەرکوتکەرەکانی‌یەوە وێنەو فیلمی لەو کۆبوونەوەیە هەڵگرت. لە کۆتایی رێوڕەسمەکە بۆ پاراستنی گیانی ئەوانەی لەو کۆبوونەوەیەدا قسەیان کردو هەروەها بۆ پاراستنی ئەمنییەتی گیانی رێبەرانی حیزبی میللەتی ئێران لاوانی بەشدار لەو کۆبوونەوەیەدا ئاڵقەیەکی ئەمنییەتییان لە دەوری بەرپرسان پێك هێنا. بە پێی هەواڵی گەیشتوو ئەو رێوڕەسمە بەبێ هیچ رووداوێکی ناخۆشی بەرچاو کۆتایی پێ‌هات.

❋❋❋

# بزووتنەوەی میللی ـ دێموکراتیکی کوردستان و بەجیهانیبوونی دێموکراسی

عیرفان ڕەهنموون

ڕووداوی یازدەی سێپتامبر بە سەرنجدان بەو ئاکامانەی لێی کەوتۆتەوەو لێی دەکەونەوە، ڕووداوێك بوو کە مێژووی جیهانی بە تەواوی ڕەهەندەکانی‌یەوە خستۆتە قۆناغێکی نوێوە. گرنگیی ئەم ڕووداوە بەڕادەیەك بوو کە گوزارەی "جیهانی بەر لە ١١ی سێپتامبرو جیهانی دوای ١١ی سێپتامبر"ی هێنایە نێو ئەدەبیاتی سیاسی‌یەوە. ئەم دوو سەردەمە لە سۆنگەی پێشبڕکێ‌و پێوەندی‌یە زاڵە نێونەتەوەیی‌یەکانەوە، جیاوازی‌یەکی بنەڕەتی‌و بەرچاویان بەیەکەوە هەیە. لەبەر ئەوە دەتوانین بڵێین کە سەردەمی پێش یازدەی سێپتامبر ـ بەتایبەت لە دەیەی نەوەدی سەدەی بیستەمدا ـ پێشبڕکێ‌و پێوەندی‌یە زاڵە نێونەتەوەیی‌یەکان زیاتر سەرمایەگوزاریی ڕاستەوخۆ، خوسووسی‌سازیی ئابووری‌و ئازادسازیی بازرگانی‌و. . . دەگرتەوە. بەڵام هەروەك بە ئاشکرا دەی‌بینین، ئەم پێشبڕکێ‌یانە لە دەیەی یەکەمی سەدەی بیست‌و یەکەمدا ـ واتە یەکەم دەیەی دوای یازدەی سێپتامبر ـ زیاتر سیاسین‌و بە دەوری وتەزاکانی مافەکانی مرۆڤ، دێموکراسی، دژایەتیی بناژۆیی ئیسلامی‌و تیرۆریزمی نێونەتەوەیی‌دا دەسووڕێنەوە. لەم سۆنگەیەوە دەکرێ ڕووداوی یازدەی سێپتامبر وەك دەستپێکی سەرنجدانی بنەڕەتی بە ڕەهەندە سیاسی‌یەکانی بەجیهانیبوون هەڵسەنگێندرێ.

ڕاڤەکارە سیاسی‌یەکان لەسەر ئەو باوەڕەن، چونکە بەجیهانیبوونی ئابووری چەندین ساڵ بەرلە بەجیهانیبوونی سیاسەت (دێموکراسی) دەستی پێ کردوە، پێکهاتنی ئەم جیاوازیی فازەی نێوان بەجیهانیبوونی ئابووری‌و سیاسەت بۆتە هۆی زێدەبوونی بەرخۆدانی تیرۆریزمی نێونەتەوەیی لە بەرامبەر بەجیهانیبووندا. هەربەو هۆیە، ڕۆژئاوا بەگشتی‌و وڵاتە یەکگرتووەکانی ئامریکا لە نیزامی نێونەتەوەیی دوای یازدەی سێپتامبردا، دەخوازن ئەم کەلێن‌و بۆشایی‌یە کە بەجیهانیبوون سەرچاوەکەیەتی، پڕ بکەنەوە. لە سەردەمی بە جیهانیبوونی سیاسەتدا وتەزاگەلێك بەدی دەکرێن کە ناتوانرێ سنوورو چوارچێوەیەکی دیاریکراویان بۆ دەستنیشان بکرێ. وتەزاگەلێ وەك ئاسایش‌و تەناهی‌و شوناس، چیدی بەسنوورە بەڕەسمی ناسراوەکانی ڕابردوو سنووربەند ناکرێن. ڕووداوی یازدەی سێپتامبر بووە هۆی ئەوە کە وتەزای ئاسایشی نەتەوەیی ماناو واتایەکی نوێ بەخۆوە بگرێ‌و ئیستراتیژیی ئاسایشی نەتەوەیی ئامریکا دوای ئەم ڕووداوە ئاڵوگۆڕێکی قووڵ‌و ڕیشەیی تێدا پێك بێ.

بەرلە ڕووداوی یازدەی سێپتامبر، سەرەتا هەڕەشەکان بەشێوەیەکی ئۆبژکتیڤ، بەرچاو دەرهەست دەردەکەوتن‌و دواتر هەڕەشەکان پێناسە دەکران‌و بۆ کونترۆڵکردن‌و بەرپەرچدانەوەیان هەنگاو هەڵدەهێنرایەوە. بەڵام لە ئیستراتیژیی نوێی ئاسایشی نەتەوەیی ئامریکا ـ لە بەراورد لە تەك سەردەمی پێش ڕووداوی یازدەی سێپتامبردا ـ چیتر دەرفەت بە هەڕەشەکان نادرێ کە شێوازێکی ئۆبژکتیڤ‌و دەرهەست بەخۆوە بگرن. هەنووکە پێش ئەوە هەڕەشەکان مەترسی

> **. . .دامەزرانی عێراقێکی دێموکراتیک کە تێیدا گەلی کورد لە کوردستانی عێراق بە بەشێکی بەرچاو لە مافی دیاریکردنی چارەنووسی خۆی گەیشتبێ، دەبێ بە نموونەیەکی ئۆبژکتیڤ، دەرهەست‌و بەرچاو بۆ گەلی کورد لە کوردستانی ئێران‌و هەروەك سەرمەشقێکی واقیعی‌و بەنرخ لێی دەڕوانرێ.**

لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی ئامریکا دروست بکەن‌و بچنە قۆناغی کردەوەوە، پێناسەو تاوتوێ دەکرێن‌و پێش ڕوودانیان لە بەرامبەریاندا هەڵوێست دەگیرێ‌و بەرپەرچ دەدرێنەوە. ئەم ئیستراتیژی‌یە نوێیەی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئامریکا کە بە "ئاشتیی هەمیشەیی" ناوزەد کراوە، لە چوارچێوەی خەبات بە دژی تیرۆریزمی نێونەتەوەیی‌دا چۆتە قۆناغی کردەوەوەو لەسەر کۆمەڵێ چالاکیی دیپلۆماتیك، سەربازی، یاسایی‌و هێرشی کاتی‌و پێکهاتەشکێن داڕێژراوە.

بەشێوەکی گشتی دەکرێ بێژین ئەو شێوازەی کە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئامریکا لە ژێر ناوی خەبات دژی تیرۆریزمی نێونەتەوەیی‌دا گرتوویەتە بەر، گۆڕانکاری‌یەکی قووڵە لە سیاسەتە دەرەکی‌یەکانی ئەو وڵاتەداو ئەو وەرچەرخانە، گۆڕانکاری‌یەکی بنەڕەتی لە سیمای سیاسیی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا پێك دێنێ. لەم ڕووەوە ئەوەی کە پێشتر بە شێوەیەکی تەمومژاوی ناوی دوکتورینی نەزمی نوێی جیهانیی بەسەردا بڕابوو، ئێستا لە کردەوەدا چۆتە فازێکی نوێی ئەکتیڤەوە. ئەوەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە سیاسەتڤانانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئامریکا لە وتەو پێناسەکانی خۆیاندا، تیرۆریستان بە کۆمەڵێ خەڵکی بێ‌وڵات‌و بێ ناسنامە لە قەڵەم دەدەن‌و بە پێی بڕیارنامەکانی کۆمەڵەی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان، خۆیان بە بەرپرسیار دەزانن کە لە هەر ناوچەیەکی جیهاندا شوێنپێیان هەڵگرن‌و گورزی گران‌و گورچکبڕیان تێ بسرەوێنن.

لەژێر تیشکی ئەو ڕاڤەکاری‌یەی کە باس کرا، بۆمان دەردەکەوێ کە مافی بڕیاردانی چارەنووسی نەتەوەی کورد پێش ئەوەی پرسێکی ئابووری بێ، پرسێکە خاوەن نێوەڕۆکێکی سیاسی‌و هەر ئەم سیاسی‌بوونەی دۆزی کوردو کوردستان دەبێتە هۆی ئەوە کە ئەو پرسە ببێتە یەکێك لە پرسە سەرەکی‌و جێگای مشتومڕەکانی دوای سەردەمی یازدەی سێپتامبرو، هەر لە ئێستاوە ڕەوتی ڕوو لە پێشی ئەو پرسە لە دڵی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا بە شێوەیەکی دەرهەست خۆی دەنوێنێ.

بەجیهانیبوونی سیاسەت (بە مانای پەرەسەندنی ڕۆژ لە ڕۆژ زیاتری دێموکراسی) پرۆسەیەکە کە لە ساتەوەختی ڕووخانی دیواری بێرلین‌و هەڵکردنی شنەبای ئازادی‌و دێموکراسی بەرەو ڕۆژهەڵاتی ئورووپا دەستی پێ کردو دوای ڕووداوی ١١ی سێپتامبری ٢٠٠١ بە خێرایی‌یەکی سەرسووڕهێنەرەوە بەرەو ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بۆتەوە. ئەم پرۆسەیە سەرەتا توانی ڕێژیمە کۆنەپەرست‌و فاشیستی‌یەکانی تاڵیبانی ئەفغانستان‌و حیزبی بەعسی عێراق وەك بەربەستگەلێکی جیددی لە ڕیشەڕا هەڵکێشێ‌و لە وڵاتی عێراقدا بگیرسێتەوە. گەیشتنی شەپۆلەکانی بەجیهانیبوونی سیاسەت بە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، بە تایبەت بە قووڵایی وڵاتی عێراق، بۆتە هۆی ئەوە کە گەمیەی بزووتنەوەی میللی ـ دێموکراتیکی کوردستان بکەوێتە سەر ئاوو پرسی کورد بگۆڕدێ بۆ پرسێکی جیددی جیهانی. هەنووکە پرسی کوردو کوردستان بەهۆی بەجیهانیبوونی سیاسەتەوە لە پرسێك بە ڕەهەندە خۆجێیی‌و ناوچەیی‌کانەوە هاتۆتە دەرو گۆڕدراوە بە پرسێکی جیهانی‌و هەمەلایەن. دامەزرانی عێراقێکی دێموکراتیك کە تێیدا گەلی کورد لە کوردستانی عێراق بە بەشێکی بەرچاو لە مافی دیاریکردنی چارەنووسی خۆی گەیشتبێ، دەبێ بە نموونەیەکی ئۆبژکتیڤ، دەرهەست‌و بەرچاو بۆ گەلی کورد لە کوردستانی ئێران‌و هەروەك سەرمەشقێکی واقیعی‌و بەنرخ لێی دەڕوانرێ.

ڕێژیمی سەرەڕۆی کۆماری ئیسلامیی ئێران، ڕێژیمێکە کە هەم لە بەرامبەر بەجیهانیبوونی ئابووری‌و هەم لە بەرامبەر بەجیهانیبوونی سیاسەت (دێموکراسی)دا، ملە جەڕەیەتی‌و ملیان بۆ ڕاناکێشێ. ئەو ڕێژیمە ئەگەر تەنانەت دەروازەکانی خۆی بە ڕووی بە جیهانیبوونی ئابووری‌دا بخاتە سەر پشت، بەسەرنجدان بە ماهییەتی سەرەڕۆیانەو دژی ئازادیی خۆی، بە هیچ کلۆجێ بچووکترین ڕۆچنە بۆ شەپۆلەکانی بەجیهانیبوونی سیاسەت ئاوەڵا ناکا.

لەم سۆنگەیەوە دوای چەسپانی ڕێژەیی ئاشتی‌و تەناهی لە عێراق‌و دوای بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنێکی ئازادو دێموکراتیك لەو وڵاتەدا، ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لەو بە دەگمەن وڵاتانە دەبێ کە بە پێچەوانەی ئاراستەی ئاوەوە مەلە دەکاو لە داهاتوویەکی نە زۆر دووردا دەکەوێتە زۆرانبازیی ڕاستەوخۆ لە تەك دێموکراسی‌و جیهانی شارستانی‌و پێشکەوتوودا. لەوەها ڕەوتێکدا، بزووتنەوەی میللی ـ دێموکراتیکی گەلی کورد لە کوردستانی ئێراندا وەك بزووتنەوەی میللی ـ دێموکراتیکی گەلی کورد لە کوردستانی عێراق، لە بزووتنەوەیەك بە کاراکتەری خۆجێیی‌و ناوچەیی‌یەوە دەگۆڕدرێ بۆ بزووتنەوەیەکی فرە ڕەهەندترو کاریگەرترو بە وزەو پۆتانسیەلێکی زێدەترەوە بۆ دیاریکردنی چارەنووسی گەلی کورد لە کوردستانی ئێراندا، هەنگاو هەڵدێنێتەوە.

بزووتنەوەی میللی ـ دێموکراتیکی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران، بە ڕێبەرایەتیی حیزبی خۆشەویست‌و پێشڕەوی خۆی ـ حیزبی دێموکراتی کوردستان ـ بە سەرنجدان بە ماهییەتە دێموکراتی‌یەکەی‌و باوەڕی قووڵی بە ئازادی، دێموکراسی، پلۆرالیزم‌و یاساو ڕێسا گشتگیرەکانی مافی مرۆڤ، لە خۆی رادەبینێ کە خەبات‌و تێکۆشان لە تەك واقعییەتە نوێکانی ناوچەو جیهاندا، هەوئاهەنگ بکاو نە تەنیا لە سەر ئاستی کوردستاندا، بەڵکوو وەك هێزێکی دێموکراسیخوازو پێشکەوتوو لە سەرانسەری وڵاتیشدا بەرپرسایەتی‌یە مێژوویی‌یەکانی بە ئەنجام بگەیەنێ.

❊❊❊

# شۆڕش یا ریفۆرم؟ ئایا ڕێگایەکی سێهەم هەیە؟

کەریم پەرویزی

دووچەمکی "شۆڕش" و "ریفۆرم" لەو چەمکانەن کە بوونەتە هۆی مشتومڕێکی چڕوپڕ. لەوبارەیەوە کتێب‌و وتارگەلێکی زۆر نوسراون‌و لێکۆڵینەوەو توێژینەوەی زۆر سەبارەت بەوهۆکارانەی کەلەو دوو بوارەدا کاریگەرییان هەیە، ئەنجام دراون. هەروەها باس‌ومشتومڕی زۆریش لەسەر خاڵە بەهێزەکانی هەرکام لەوان ئەنجام دراوەو قۆتابخانەی جۆراوجۆری سیاسی لەسەر ئەم بناغەیە بەدی هاتون. بەشێکی بەرچاو لەباسەکانی سەدەکای ١٩و٢٠ تایبەت بوو بە پرسیاری "شۆڕش یان ریفۆرم؟".

لایەنگرانی شۆڕش لەسەر ئەو باوەڕە بوون کە سیستەمی مەوجوود(کۆمەڵایەتی‌و سیاسی) بەچەشنێ ڕەگی داکوتاوە کە لەبەرامبەر هەر گۆڕانێکدا دژکردەوە لەخۆی پیشان دەدا. لە لایەکی دیکەوە ئەگەر لایەنگرانی سیستم یان وەزعی مەوجود، لەژێر تەوژمێکی بەهێزدا مل بۆ ئاڵوگۆڕ یان ریفۆرم ڕاکێشن، ئەم ئاڵوگۆڕانە لە بەشەگچکەکاندا دەبێ‌و ئەوان تا جێگایەك ڕێگای پێ‌دەدەن کە فەلسەفەی وجوودیان نەخاتە ژێرپرسیارەوە. واتە پارێزەرانی وەزعی مەوجود تەنیا تا قۆناغێ‌کە مانەوەیان نەکەوێتە مەترسی‌یەوە، مل بۆ ئاڵوگۆڕو ریفۆرم ڕادەکێشن. بەزاندنی ئەم قۆناغە، لەلایەنی ئەوانەوە بەرپەرچ دەدرێتەوەو هەوڵدەدەن ڕێگای هەرچەشنە گۆڕانێك بەربەست بکەن‌و هێزە گۆڕانخوازەکان سەرکوت بکەن یان لەپەلوپۆی بخەن.

لایەنگرانی ریفۆرم‌و ئاڵوگۆڕەگچکەکان ، بە نموونە هێنانەوە لەمێژوو، بەو ئەنجامگیری‌یە دەگەن کە جگە لە گۆڕانی قۆناغ بەقۆناغ‌و بەرەبەرە، ڕێگایەکی دیکە نیە، چونکە هەرشۆڕشێك لەمێژوودا جگە لە خوێنڕێژی‌و توندوتیژی‌و زەبروزەنگ شتێکی‌دیکەی لێ‌شین نەبۆتەوەو سیستمێکی سەرکوتکەرتر لە سیستمی پێشوو جڵەوی دەسەڵاتی گرتۆتە دەست.

هەروەك لە سەرەوە ئاماژەی پێ‌کرا، باس سەبارەت بە شۆڕش‌و ریفۆرم، بەشێکی بەرچاو لە مشتومڕە سیاسی‌و ڕووناکبیری‌یەکانی پێکهێناوەو بەپێی


شۆڕش لە گورجستان

لایەنگری لە هەرکام لەوانەش قوتابخانەی فیکری‌و سیاسی‌و حیزبی‌سیاسی دامەزراون. لێرەدا بوار نیە کە بچینە ناو ئەو باسە پەلوپۆدارەوە، بۆیە تەنیا ئاماژەکردن بە دووخاڵ بەپێویست دەزانین:

یەکەم، لە پێوەندی لەگەڵ سیستەمە سیاسی‌یە توتالیتاریستی‌یەکاندا، وتەی لایەنگرانی شۆڕش لە ڕاستی‌یەوە نزیکترە، چونکە دیکتاتۆرەکان لەژێر فشارو بەمەبەستی خەڵەتاندنی خەڵك ڕێگا بۆ گۆڕانی‌گچکەو نمایشی خۆش دەکەن‌و هەرکاتێ کە لایەنگرانی گۆڕان ویستویانە سنوورەکان ببەزێنن لەگەڵ سەرکوتی توندوتیژدا ڕووبەڕوو بوونەتەوە. نموونەی عەینی‌و بەرچاو لە سەردەمی ئێستادا کۆماری ئیسلامی‌یە کە لە بەرامبەر ویستی ریفۆرمخوازانی نێودەسەڵاتدا، بە توندی وەڵامی داوەتەوەو تەنانەت بەزەییشی بە دامەزرێنەرانی سیستەمە سەرکوتکەرەکەی خۆیشی‌دا نەهاتۆتەوە.

بەڵام ئەم بۆچوونەی لایەنگرانی شۆڕش لە پێوەندی لەگەڵ سیستەمە دیموکراتیکەکاندا ناتەنایە. چونکە لەم جۆرە سیستەمەدا بەهۆی نەرم‌بوونی ناوکی‌هێز، هەندێ‌جار ئاڵوگۆڕ لە قۆناغێکدا بەچەشنێ چۆتەپێشەوە کە دوای ماوەیەك، دەرەنجامەکانی ئەم ریفۆرمە هاوسەنگی شۆڕشێکی بێ‌ئەملاوئەولا بووە.

دووهەم، لایەنگرانی ریفۆرم بە نموونە هێنانەوە لە مێژووی‌کۆن دەیانەوێ ئەوە بسەلمێنن کە هەر شۆڕشێك بەناچاری بەرەو توندوتیژی‌و زەبروزەنگ هەنگاو دەنێ. ئەوە لە حاڵێکدایە کە لەم چەند ساڵەی ڕابردوودا شاهیدی کۆمەڵە ڕووداوێکی سیاسی‌ـ کۆمەڵایەتی لە چەندین وڵاتدا بووین کە پێچەوانەی وەها بۆچونێك بوون. شۆڕشە جەماوەری‌یەکان کە لە چەند وڵاتدا، بۆ نموونە لە وڵاتانی ئورووپای ڕۆژهەڵات وەك ڕۆمانی، چك، یوگوسلاوی‌و. . . ڕوویاندا، هەموویان بەبێ توندوتیژی‌و خوێنرشتن هەرەسیان بە دیکتاتۆری هێنا. دوایین نموونەی لەو بابەتە کە لە سەدەی ٢١و ماوەیەك لەمەوبەر ڕووی‌دا، شۆڕشی گورجستان بوو.


ادوارد شوارد نادزە

ڕۆژی ٢ی نوامبری ٢٠٠٣، هەڵبژاردنی پارلمان لە گورجستاندا بەڕێوەچوو. هاوکات لەگەڵ ڕاگەیاندنی ئەنجامی هەڵبژاردنەکەو سەرکەوتنی لایەنگرانی سەرکۆمار، بەرهەڵستکاران، شواردنادزەیان بەوە تاوانبارکرد کە لە هەڵبژاردندا گزی کردوە. وڵاتانی ئورووپایی‌و هەروەها ئەمریکا بە پشتیوانی‌کردن لە حیزبە بەرهەڵستکارەکان، ڕایانگەیاند کە بە گومانن لە ئاکامی هەڵبژادنەکە. حیزبە بەرهەڵستکارەکان داوایان لە لایەنگرانی خۆیان کرد کە خۆپیشاندان وەڕێ‌خەن‌و میخائیل‌ساکاشویلی‌ـ مافناس کە لە ئەمریکا خوێندوویەتی‌و ڕێبەرایەتی‌کردنی هێزە بەرهەڵستکارەکانی لە ئەستۆ بوو ـ ڕای‌گەیاند کە تا هەڵوەشانەوەی ئاکامەکانی هەڵبژاردن درێژە بە ڕێپێوانە ئیعترازی‌یەکان دەدا.

دوای درێژەکێشانی ڕێپێوانەکان بە ماوەی سێ هەفتەو لە ڕۆژی کرانەوەی پارلمانی نوێ‌دا، بەرهەڵستکاران ڕژانە نێو پارلمان‌و ڕێگایان بە ئیدوارد شواردنادزە نەدا وتارەکەی کۆتایی بێنێ، دواتر خەڵك ڕژانە نێو تەلاری سەرکۆماری‌و شوێنە دەوڵەتی‌یەکانی دیکەو دەستیان بە سەردا گرتن. نێوبژیوانیی ڕووسیە لە نێوان ساکاشویلی‌و شواردنادزەدا ئاکامێکی لێ‌نەکەوتەوەو سەرکۆمار هەڕەشەی سەرکوتی لە بەرهەڵستکاران کرد. کاتێ ئەرتەش ڕای‌گەیاند کە لەو ڕووداوانەدا، بێ‌لایەن دەبێ، ئیدواردشواردنادزەی دیکتاتۆرـ بە وتەی ساکاشویلی میهرەبان ـ دەستی لە کار کێشایەوە.

"شۆڕشی مەخمەڵی"ی‌گورجستان بەبێ توندوتیژی‌و بێ‌ئەوەی خوێن لە کەپۆی کەسێ بپژێ، سەرکەوتنی بەدەست هێنا تا بە هەموان بسەلمێنێ کە سەردەمی ئەمڕۆ جێگای دیکتاتۆرەکان نیەو دەتوانێ شۆڕش بەبێ خوێنرشتن سەرکەوتن بەدەست بێنێ.

بەڵام ئەوەی کە لەم نێوەدا، جێگای سەرنجە، هەڵوێستی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی‌یە سەبارەت بە ڕووداوەکانی گورجستان. ئاسێفی، وتەبێژی وەزارەتی دەرەوە ڕای‌گەیاند کە کۆماری ئیسلامی پشتیوانی لە ویستە دیموکراتیکەکانی خەڵکی گورجستان دەکا!! کەسێ نەبوو کە بە ئاغای ئاسێفی بڵێ، "بانێکەو دوو هەوا".

❊❊❊

# ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستو ڕەوتی دێموکراتیزاسیۆن

## تێڕوانینێك لە قسەکانی جۆرج بووش، سەرکۆماری ئەمریکا لە بریتانیا

رامبۆد لوتف‌پووری



هەرچەند کە پرۆسەی دیمۆکراسیو سەرهەڵدانی کۆمەڵگای دیمۆکراتیك لە ئورووپادا، مێژینەیەکی زۆری هەیەو دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی یونانی کۆن. بەڵام بە شێوەیەکی مۆدێرنو گونجاو لەگەڵ کۆمەڵگا گەلی ئینسانیی ئورووپادا، بەرهەمی شۆڕشەکانی فەرانسەو ئینگلیسە. ئەگەرچی چۆنیەتیی بە ئاکام گەیشتنی پرۆسەکە لەم دوو وڵاتەدا لێك جیاوازن، بەڵام بەرهەمێکیان لێ کەوتەوە کە ئەویش کۆمەڵگایەکی دێموکراتیکە کە ڕێز بۆ ئازادی، بەرابەریی قانوونیو مافی تاکەکانو نەتەوەکانو . . . دادەنێ. ئەم ڕەوتە هێدی هێدی تەشەنەی کردە وڵاتانی دیکەی ئورووپاییو ئەمریکاییش، گەرچی لە چەند قۆناغێکی تایبەتدا هێندێك کۆسپو تەگەرەی هاتۆتە ڕێو لە هێندێك شوێندا بۆ ماوەیەك تووشی گرفتو کێشە بووە، بەڵام وەك بزاڤێکی بەهێزو ڕەوتێکی بێگەڕانەوە ئەو قۆناغانەی تێپەڕاندووەو تەنانەت سنووری ئورووپاو ئەمریکایشی بەزاندووەو کەمو زۆر زۆربەی وڵاتانی دنیای گرتۆتەوە. بۆ وێنە هێندێك دەسەڵاتی وەك ئیمپراتۆری عوسمانیو ژاپۆن لە ئاسیاو نازیسمو کۆمۆنیزم لە ئورووپا کە بۆ ماوەیەك توانییان پێش بە گەشەو پەرەسەندنی دیمۆکراسی بگرن. پاش ماوەیەك هەرەسیان هێناو کۆمەڵگای ئەم وڵاتانە ئامێزیان بۆ دێموکراسی کردۆتەوە.

ڕەوتی جیهانیی دیمۆکراتیزاسیۆنو جیهانگیربوونی پرۆسەی دیمۆکراسی کە پاش کۆتاییهاتنی شەڕی سارد پەرەی سەندو گەشەیەکی بەرچاوی کرد، لەم دواییانە داو دوای ڕووداوەکانی ١١ی سێپتامبر گەیشتۆتە قۆناغێکی چارەنووسسازو وڵاتانی دیمۆکراتیكو بەهێزی دنیا وەك ئەمریکاو بریتانیا بەشێوەیەکی پراگماتیكو بە کردەوە هەنگاویان بۆ هەڵگرتوە.

ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست یەکێك لە ناوچە ئیستراتژیکەکانی جیهانە کە هێشتا نەیتوانیوە لەگەڵ ئەم ڕەوتە بکەوێو خۆی لەگەڵ بگونجێنێ، کە ئەمەش دوو هۆکاری ناوەکیو دەرەکی هەیە؛ هۆکارە ناوەکییەکەی دەگەڕێتەوە بۆ کەلتووری ڕۆژهەڵاتیی ئەم ناوچەیە کە ڕامانێکی ئاسمانی (بان مرۆڤی) زاڵە بەسەریدا، بە چەشنێك کە ئەم ڕامانە سەرچاوەی دەسەڵاتو سەروەریی دەباتەوە سەر هێزە ئاسمانییەکانو فاکتەرە ئایینییەکان. بە پێی ئەم ئەندێشەیە، دەسەڵاتدار، ڕەوایی دەسەڵاتەکەی لە فاکتەرە ئایینییەکانو ئاسمانییەکانەوە وەردەگرێو ئینتیمای بەو سەرچاوانە هەیە.

بەڵام لە جیهانی ڕۆژئاوادا بواری گەشەی دیمۆکراسی بەهۆی زەوینیبوونی رامانو فەلسەفەکانییەوە، زۆر باشترو تەیارتر بووە. لە ئەندێشەی ڕۆژئاواییدا، دەسەڵات ڕەوایی خۆی لە فاکتەرە ئینسانیو زەوینییەکانەوە وەردەگرێو لای ئەو پێوەری ئاکارو کرداری شیاو، عەقڵانییەتو زانستی ئینسانییە، نەك سەرچاوە ئاسمانیو ئایینییەکان.

ئەگەرچی ئەم کێشەیە بەربەستێکی گەورەیە لە ڕەوتی دیمۆکراتیزاسیۆنی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا، بەڵام ئەزموونو تاقیکردنەوەکانی ئورووپا ئەوەی سەلماندوە کە دەکرێ ئەم کۆسپانەش تەخت بکرێنو، کۆمەڵگا بەرەو دیمۆکراسیو ئازادی هەنگاو بنێ. هەرچەند مەسیحییەت وەکوو ئایین، سەرچاوەیەکی ڕۆژهەڵاتی هەیە، بەڵام لە ڕاستیدا لە کۆمەڵگای ئورووپاییدا گەشەی کردو پەرەی ئەستاند، بۆیە دەکرێ وەکوو ئایینێکی ڕۆژئاوایی بخرێتە بەرباس.

یەکێك لە لقەکانی ئەم ئایینە کە پرۆتستانە، بە نێوەرۆکێکی پێشکەوتووانەوە پێك هات کە لەگەڵ هێندێك چەمکی مۆدێرن وەکوو دێموکراسی یەك دەگرێتەوەو هیچ دژایەتییەکی لەگەڵدا نیەو تەنانەت بواریشی بۆ دەرەخسێنێ، بۆیە دیمۆکراسی لە وڵاتێکی وەك بریتانیادا بە سانایی گەشەی کردو پەرەی ئەستاند. بەڵام لقێکی دیکەی ئەم ئایینە، واتە کاتۆلیك بە پێچەوانەی پرۆتستان. دێموکراسیو گەڕانەوەی دەسەڵات بۆ ویستو خواستی ئینسانەکانی پێ ڕەوا نەبووو ئەم ڕەوتەو ئەو ڕووناکبیرانەی کە بانگەشەی دیمۆکراسیو ڕەواییدەسەڵاتی چەمکە زەوینیو ئینسانییەکانیان دەکرد، بە نەیارو ناحەزی کلیسا دەزانی. نموونەی هەرە بەرچاوی ئەم ڕاستییە، ڕەوتی دێموکراتیزەبوونی فەرانسەیە کە لە پاش شەڕو شۆڕشێکی خوێناویدا بەدی هات. بەڵام گرنگ ئەوەیە کە ئەم ڕەوتە بە هەر نرخێك کە بووبێ سەری گرتو، ئێستەش فەرانسە یەکێك لە گەورەترین وڵاتانی دیمۆکراتەو وەك لانکی دیمۆکراسی باسی لێ دەکرێ.

هۆکاری دەرەکی ئەم کێشەیەش کە پتر تایبەتە بە سەردەمی شەڕی ساردو دنیای دوو جەمسەرییەوە، بەربەرەکانێی جیهانی سەرمایەداریو جیهانی سوسیالیستی بوو کە هەرکامیان هەوڵیان دەدا دەسەڵاتێکی ناوەندیی بەهێزو دیکتاتۆر لەم وڵاتانەدا بێتە سەرکار کە وابەستەو گوێڕایەڵی ئەوان بێو ڕێگا بە دزەی ئەندێشەو ڕامانی لایەنی بەرانبەر نەدا. بەڵام پاش ڕووخانی یەکێتیی سۆڤییەتو پاشەکشەی ڕامانو تیۆری مارکسیزم، بواری ئەم بەربەرەکانێیەش نەماو کۆتایی پێ هات. بۆیە لە بارودۆخی پاش ڕووخانی سۆڤییەتدا وردە وردە هەست بە گرنگیی پەرەسەندنی دیمۆکراسی لە وڵاتانی ئەم ناوچەیەو کۆتاییهێنان بە دەسەڵاتە سەرەڕۆکانیان کرا. بەتایبەت پاش کارەساتی ١١ی سێپتامبر کە خاڵی وەرچەرخانی ئاڵوگۆڕەکانی جیهانو بەتایبەت ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بوو. وڵاتە گەورەکانی جیهان بەتایبەت ئەمریکا هەستیان بەوە کرد کە ڕادیکالیزمی ئیدئۆلۆژیکی، بەتایبەت ڕادیکالیزمی ئیسلامی، مەترسییەکی گەورەیە بۆ سەر مرۆڤو دەسکەوتو بەرهەمەکانی وەك: دیمۆکراسی، ئازادی، ئاشتیو ئاسایشو. . . بۆیە بە شێوەیەکی ئەکتیڤو شێلگیرانە گەڵاڵەی دێموکراتیزەکردنی ناوچەکەیان دارشتو بەڕێوەیان برد. وەك بووش وتی: "ئەگەر ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست هەروا بەو چەشنەی کە ئازادی تێدا گەشە ناکا بمێنێتەوە، بەردەوام شوێنێك دەبێ بۆ ناردنی دواکەوتوویی و دەمارگرژی، هەربەو جۆرە کە ئێمە لە وێرانەکانی دوو بورجی نیویۆرکدا دیتمان کە هیچ مەودایەکی جۆگرافیایی ناتوانێ گیانو شێوازی ژیانمان بپارێزێ."



لەلایەکی دیکەشەوە پێویستیی هەبوونی دیمۆکراسیو ئازادی لەم سەردەمەدا کە سەردەمی بەجیهانیبوونو ئابووریی جیهانییەو لەم گوندە جیهانییەدا کە بەرژەوەندیو چارەنووسی هەموو وڵاتانی دنیا پێکەوە گرێ دراون، هەست دەکرێ، بۆیە دابەزاندنی ئازادیو دیمۆکراسی لە وڵاتانی جیهانی سێهەمدا، نەتەنیا بەرهەمی سیاسیو ئاسایشیی هەیە، بەڵکوو قازانجو مەبەستە ئابوورییەکانی هەردوولاش دەستەبەر دەکا.

ئێستا دیمۆکراسی بۆتە بزووتنەوەیەکی جیهانیو لە پێکهێنانی دنیایەکی نوێو نەزمێکی تازەدا، ڕۆڵی سەرەکیو بەرچاوی هەیە. لەم نەزمە نوێیەدا جێگایەك بۆ دەسەڵاتە دیکتاتۆرو سەرەڕۆکان بەرچاو ناکەوێ، بۆیە ناچارن یا مل بۆ ئاڵوگۆڕە دیمۆکراتیکەکان ڕابکێشنو دانیان پێدا بنێن یا ئەوەی کە دەبێ خۆیان بۆ چارەنووسێکی وەك چارەنووسی تاڵەبان یا حیزبی بەعس ئامادە بکەن.

قسەکانی ئەم دواییانەی بووش لە لەندەندا، هەڵگری ئەم ڕاستییەنو پەیامێکی ئێجگار گرنگیان تێدا هەبوو کە ئەویش بێگەڕانەوەبوونی ڕەوتی دیمۆکراتیزاسیۆنو سووربوونی ئەمریکاو بریتانیایە لە بەئاکام گەیاندنیدا.

بووش لە قسەکانیدا ئاماژەی بەوە کرد کە: "خەڵکی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستو موسڵمانەکان شیاوی ئازادینو پتر لە نیوەی موسڵمانانی جیهان لە وڵاتانی دێموکراتیکدا دەژینو هیچ چەشنە کێشەیەکیان لەگەڵی نیە. هەروەها ئەوەی ڕاگەیاند کە ئیسلام هیچ دژایەتییەکی لەگەڵ دێموکراسیدا نیە." وەك پێشتر باسمان کرد، ئەزموونی فەرانسە نموونەیەکی زۆر باشی ئەم ڕاستییەیە، ڕەنگە ئایینێك نێوەرۆکێکی ئازادتری هەبێو باشتر بتوانێ خۆی لەگەڵ ئاڵوگۆڕی دیمۆکراتیکدا بگونجێنێ (وەك پرۆتستان)، یا ئایینێکی دیکە درەنگتر دان بە دێموکراسیدا بنێ (وەك کاتۆلیك). بەڵام لە ئاکامداو بە جیاکردنەوەی دین لە سیاسەتو دابەزاندنی سیستمێکی سیکۆلار، پرۆسەی دیمۆکراسیزاسیۆن لە هەردووکیاندا سەقامگیر دەبێو دەچێتە نێو کەلتووری خەڵکەوە. سەبارەت بە ئیسلامیش ڕەنگە نەختێك درەنگتر دیمۆکراسی وەربگرێو چەشنە بەرخۆدانێکی لە وەرگرتنیدا هەبێ، بەڵام ئێستا لە هێندێك وڵاتانی ئیسلامیدا دەبینین کە دینو سیاسەت لێك جیا کراونەتەوەو دێموکراسی خەریکە جێگیرو نیهادینە دەبێ.

بووش لە بەشێکی دیکەی قسەکانیدا باسی ئەوەی کرد کە "ئەمریکاو بریتانیا ئەرکێکی گەورەیان لە جیهاندا لەسەر شانە کە گرنگتر لە باڵانسی دەسەڵاتو دابینکردنی قازانجەکانە. ئێمە بەدوای پێشخستنی ئازادیو ئەو ئاشتییە داین کە لەگەڵیدا دێ. نەتەوە ئازادەکان دەبێ بۆ پێشگرتن لە دەمارگرژیو ئاژاوەگێڕی، ئامادەی کەڵك وەرگرتن لە هێزی دەسەڵات بن." هەروەها باسی شۆڕشێکی دیمۆکراتیکی کرد کە زۆربەی جیهانی گرتۆتەوە.

ئەوەی کە جۆرج بووش بۆ نەتەوە ئازادەکانی جیهان بەتایبەت ئەمریکاو بریتانیا بە ئەرکی دادەنێو باسی دەکا، هێندێك لە قسەکانی "ئالێکسی دۆتۆکوڤیل"، کۆمەڵناسی فەرانسەوی وەبیر دەهێنێتەوە کە سەبارەت بە شۆڕشو نەتەوەی فەرانسە ئەڵێ: "هێندێك ئەرك هەیە کە تەنیا نەتەوەی فەرانسە توانای بە ئاکام گەیاندنیانی هەیە، هێندێك بڕیار هەیە کە تەنیا نەتەوەی فەرانسە دەتوانێ بیدا، تەنیا ئەم نەتەوەیەیە کە دەتوانێ ڕۆژێك بەدوای قازانجی هاوبەشی مرۆڤایەتیدا بچێو لە پێناویدا شەڕ بکا." لەم قسانە وادەردەکەوێ کە گەشەی دیمۆکراسیوبەختەوەریی کۆمەڵگای ئینسانی یەکێك لە ئاواتە مێژینەکانی ئەم کۆمەڵگایەو ڕووناکبیرانیەتی. لەو سەردەمەدا پێی دەچوو فەرانسە ببێ بە پێشەنگو سەرقافڵەی ڕەوتی دیمۆکراسیو دیمۆکراتیزاسیۆن لە جیهاندا، بەڵام ئێستا ئەو چاوەڕوانییە لە ئەمریکاو بریتانیا زیاترە.

جۆرج بووش لە بەشێکی دیکەی قسەکانیدا، ڕاشکاوانە جەخت لەسەر سووربوونی دەوڵەتەکانی ئەمریکاو بریتانیا بۆ بە ئاکام گەیاندنی ئەم پرۆسەیەو هەروەها بێگەڕانەوەبوونی ڕەوتەکە دەکاو دەڵێ: "ئێمە بەردەوام لە خەباتدا دەبین دژ بە نەیارانی ریفۆرمو ئاڵوگۆڕو لە بەرانبەر هاودەستانی تیرۆردا رادەوەستینو ئەرکەکانمان سەبارەت بە دیمۆکراسی لە ئەفغانستانو عێراقدا بە ئاکام دەگەیەنین. ئێمە بە خۆڕاییو بێ‌هۆ ئەم هەموو ڕێگایە نەهاتوینەتە دڵی عێراقەوەو نرخێگی گیانیی کەمان بۆ ئازادکردنی ٢٥ میلیۆن کەس نەداوە کە ئێستا لە بەرانبەر تاقمێکی بکوژو مرۆڤ کوژدا پاشەکشە بکەین."

لەم قسانەو کردەوەکانی ئەم چەند ساڵەی ئەمریکاو بریتانیادا دەردەکەوێ کە بەهەر هۆو مەبەستێك بێ، لەسەر پرۆسەی دێموکراتیزەکردنی جیهان، بەتایبەت ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست سوورنو شێلگیرانە پێی لەسەر دادەگرن. لەڕاستیدا لە سەردەمی جیهانیبوونو ئابووریی جیهانیدا، بەرژەوەندیی وڵاتەکان پێکەوە گرێ دراون، لەم قۆناغە نوێیەدا، بوونی وڵاتی هەژار، چەوساوەو نادیمۆکرات لە بەرژەوەندیی وڵاتانی گەورەو پێشکەوتووی جیهاندا نیە، بۆیە ئەگەر لایەنی ئینسانیو مرۆڤدۆستانەکەشی لەبەرچاو نەگرین، دیسانەوە بە پێی قازانجی ئابووریو سیاسیش، دیمۆکراتیزەکردنی وڵاتانی جیهانی سێهەمو پەرەدان بە دیمۆکراسی لە بەرژەوەندیی جیهانی ڕۆژئاوا، بە تایبەت ئەمریکاو بریتانیا دایە.

پاش کارەساتی ١١ی سێپتامبر کە خاڵی وەرچەرخانی ئاڵوگۆڕەکانی جیهانو بەتایبەت ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بوو. وڵاتە گەورەکانی جیهان بەتایبەت ئەمریکا هەستیان بەوە کرد کە ڕادیکالیزمی ئیدئۆلۆژیکی، بەتایبەت ڕادیکالیزمی ئیسلامی، مەترسییەکی گەورەیە بۆ سەر مرۆڤو دەسکەوتو بەرهەمەکانی وەك: دیمۆکراسی، ئازادی، ئاشتیو ئاسایشو. . . بۆیە بە شێوەیەکی ئەکتیڤو شێلگیرانە گەڵاڵەی دێموکراتیزەکردنی ناوچەکەیان دارشتو بەڕێوەیان برد.

ژێدەر:

١ـ بەشێك لە قسەکان بووش لە لەندن ـ سایت usinfo.state.gov

٢ـ مراحل اساسی سیر اندیشه در جامعەشناسی ـ ریمون آرون، ترجمه باقر پرهام

***

# کۆماری ئیسلامی نۆزده ساڵ لەگەڵ دنیادا درۆی کرد

ئەحمەد شێرزاد نوێنەری ئیسفەهان له مەجلیس:

**. . .ئەمرۆ روخساری ئێمەیان گۆڕیوه به رێژیمێکی توندوتیژ، سەرکوتکەرو دابڕاو له خەڵك، پشتئەستوور به هێزی نیزامیو ئامرازی سەرکوت، رێژیمێك که به هەر وتەیەکی رەخنەگرانه، روو گرژ دەکاو رۆژ بەرۆژ بازنەی هێڵه سوورەکانی بەرینتر دەبنەوه.**

له سەرەتای مانگی سەرماوەزو له کۆبوونەوەیەکی نوێنەرانی مەجلیسی شوورای ئیسلامیدا، "ئەحمەدی شێرزاد" نوێنەری شاری ئیسفەهان له قسەکانی پێش دەستووری خۆیدا، به شێوەیەك هێرشی کرده سەر رێژیمو کارو کردەوەو سیاسەتەکانی، که دەکرێ بڵێین کەم وێنه بوون. ئەو رەخنانەی که لەلایەن ناوبراوەوه بەرەورووی رێژیمو کاربەدەسته ئەسڵییەکانی کرانەوه، نه تەنیا هێندێ کەموکوڕی ناوچەیەكو چەند خاڵێکی تایبەتییان نەدەگرتەوه، بەڵکوو سیاسەتو رەفتارەکانی رێژیمیان بەگشتی ئەنگاوتبووو له بواری جۆراوجۆردا هێرشیان کرابووه سەر.

نوێنەری ئیسفەهان له قسەکانیدا گوتی: "خۆمان به رێبەری مەعنەویی جیهانی ئیسلام دەزانیو، دەمانگوت کۆمەڵانی چەوساوه چاوی هیوایان بڕیوەته ئێمه، پشتیوانی له چەوساوانی جیهان دەکەین، هەڵگری [بایەخه] ئەخلاقیو ئینسانییەکانین له کۆمەڵگا بێبەزەییو توندو تیژی لێدراوی ئەمڕۆدا، له جیاتی چەکه قڕکەرو دژه مرۆییەکان، پشتمان به باوەڕو فیداکاریی لاوەکانمان بەستوه، دەمانگوت رێژیمێکین که هێزو دەسەڵاتەکەمان له دڵی خەڵکەوه سەرچاوەی گرتوه، به جێگای دروشمی بریقەدار، له کاریگەریی وته مەعنەوییەکان کەڵك وەردەگرین، له حکوومەتی مەدا مەودایەك لەنێوان رێبەرانو خەڵکدا نیەو هاوپێوەندیی نێوان دەسەڵاتو خەڵك گەرەنتیی پووچەڵبوونەوەی هەموو پیلانەکانه، دەمانگوت رێبازێکی نوێمان بۆ مرۆڤایەتی بەدیاری هێناوه. بەڵام ئەمڕۆ روخساری ئێمەیان گۆڕیوه به رێژیمێکی توندوتیژ، سەرکوتکەرو دابڕاو له خەڵك، پشتئەستوور به هێزی نیزامیو ئامرازی سەرکوت، رێژیمێك که به هەر وتەیەکی رەخنەگرانه، روو گرژ دەکاو رۆژ بەرۆژ بازنەی هێڵه سوورەکانی بەرینتر دەبنەوه. حکوومەتێك که له ژێرەوه رەفتارێکی ناتەبای لەگەڵ ئیددیعاکانیدا هەیەو به شوێن چەکه کۆکوژو ئەو ئامرازانەدا دەگەڕێ که هەڕەشه له مرۆڤایەتی دەکەن. ئەم رێژیمه وا دەنوێنێ که لۆژیکی دیالۆگ لەگەڵ جیهاندا نازانێو تەنیا زمانی هەڕەشه دەناسێ، لەگەڵ توندوتیژترین گرووپه تیرۆریستییەکاندا له پێوەندی دایەو شوێنپێی له زۆربەی زۆری رووداوه تیرۆریستییەکاندا هەیەو ئایین لای ئەو چ نیه جگه له ئامرازی سەرکوت.

رێژیمێکیان له ئێمه دروست کردوه که درۆ دەکاو به بەڵێنییەکانی خۆی له بەرامبەر کۆمەڵگای جیهانیدا، پابەند نیه. چەند رۆژ لەمەوبەر مانشێتی برێ له رۆژنامەکانی ئورووپا ئەمه بوو: "کۆماری ئیسلامی نۆزده ساڵ لەگەڵ جیهاندا درۆی کرد". دەکرێ تەواوی ئەم پروپاگەندانه به میدیا زایۆنییەکان نیسبەت بدرێن، دەتوانرێ وەك هەمیشه ئەوانه به پیلانەکانی ئیستکباری جیهانی له قەڵەم بدرێنو باس له ستەملێکراویی کۆماری ئیسلامی بکرێ.

دەکرێ وەك جاران خۆمان به تەوەری چالاکییەکانی جیهان دابنێینو تەواوی ئەم تۆمەتانه بدرێنه پاڵ دوژمنکارییەکانی دوژمنەوه. بەڵام نوکتەیەکی فره ساده لەم نێوەدا هەیه، ئەوان شوێن پێو کلکی کەڵەشێرو بەڵگەیان به دەستەوەیه که ئیددیعاکانی ئەوان وەڕاست دەگێڕێ، ئەم بەڵگانه له نێوخۆدا رەنگ نادەنەوه.

خەڵکی ئێمه بەروونی نازانن که میدیاکانی جیهان چ تۆمەتو کەموکوڕییەك وەپاڵ کۆماری ئیسلامی دەدەنو بۆ سەلماندنی ئەم چەشنه تۆمەتانه، چ بەڵگەیەکیان هەیه. بەڵام هەر چۆنێ بێ، لەم مانگانەی دواییدا ئەو دوژمنه سەرسەختانەی شۆڕشو ئەو میدیا ئیستکبارىو زایۆنییانه، به شێوەیەکی کەم وێنه توانیویانه سەرنجی رای گشتیی جیهان بۆ لای ئیددیعا هەمیشەییەکانیان راکێشن. ئەوان ئەمڕۆ ژێستێکی حەقخوازانەتریان له بەراورد لەگەڵ رابردوودا گرتوه. ئەمه واقعییەتێکی تفتو تاڵه، بەڵام واقعییەته. کارێکمان کردوه که ئەمریکاییەکان سەرفرازتر له جاران بێژن، سەیر کەن، ئەوەی ئێمه سەبارەت به رێژیمی کۆماری ئیسلامی دەمانگوت، وەڕاست گەڕا. کاری دوژمن، دوژمنایەتی کردنه، کاتێك پێوەندییەکانی خۆمان لەتەك رێژیمێکدا که خاوەنی هەموو چەشنه ئامرازێکی سیاسی، نیزامی، تکنیکی، فەرهەنگیو تەبلیغییه، لەسەر بناغەی دوژمنایەتی هەڵدەچنینو پێناسەی دەکەین، دەبێ لێمان روون بێ که لەم مشتومڕەدا، حەڵوا نابەشنەوه. چوونه ناو وەها مشتومڕێکەوه وریاییو زیرەکیشی پێویسته، تەنیا خۆبەزلزانی چارەساز نیه.

له هاوکێشەیەکدا که لەسەر بناغەی دوژمنی لەتەك ئیستیکبارو زایۆنیزمدا رێك دەخرێ، دەبێ چاوەڕوانی هەر چەشنه

> **رێژیمێکیان له ئێمه دروست کردوه که درۆ دەکاو به بەڵێنییەکانی خۆی له بەرامبەر کۆمەڵگای جیهانیدا، پابەند نیه. چەند رۆژ لەمەوبەر مانشێتی برێ له رۆژنامەکانی ئورووپا ئەمه بوو: "کۆماری ئیسلامی نۆزده ساڵ لەگەڵ جیهاندا درۆی کرد".**

پڕوپاگەندەیەکی خراپیش له دوژمن بکرێ. گرنگ ئەوەیه ئێمه وەك لایەنێکی کێشەکه، چەنده خۆراکی تەبلیغاتیو بەڵگەو شاهیدی بۆ دابین دەکەین. ئەمڕۆ کۆمەڵێ کەس به دڵفراوانییەوه بەرپرسی چێکردنی بەڵگەی تەبلیغاتین بۆ ئیستیکبار. ئەو کاتەی به سەرخۆشی هاتنه گۆڕەپانەوه، هەموانیان به پیلانگێڕی تاوانبار دەکرد، خوێندکاران، رووناکبیرانو رۆژنامەڤانانیان له زیندانەکان دەپەستاوت، زەهرا کازمییان له زینداندا کوشت، چەندین هەفتەو مانگ بەسەر زیندانییەکانی سلوولی ئینفرادیدا فەرمانڕەوایەتییان کرد، دەبوا وەها رۆژێکیان پێشبینی کردبا که به دەستی خۆیان بەڵگەی نمایشی رێژیمێکی سەرکوتکەر، پێشێلکەری مافەکانی مرۆڤ، دژی ئازادی رادەربڕینو نادێموکراتیکیان پێشکەش به میدیا ئیستیکبارىو زایۆنییەکان کردوه.

ئەو دەمەی ساویلکانه سەریان بەژێر بەفرەوه کردبوو،و پرۆژەگەلی بەرزەفڕانەو بێ ئاکامیان دادەڕشتنو، بیرکورتانەترینو نائاساییترین شێوازیان بۆ دەستڕاگەیشتن به تیکنولۆژیی ناوکی هەڵدەبژارد، نەیاندەزانی که ئەوەی دەیکەن، رۆژێ دەکەوێته پێش چاوی پسپۆڕانی جیهان، ئەو رۆژەی کەسایەتیی گەورەی پەنجا هەزار مەترییان له ژێر زەمیندا دەکێشا تا له چەند مەتری چوارگۆشەیدا چەند دەزگای سانتریفووژ دامەزرێنن، بیریان نەکردەوه که ئەگەر لەم بیرەوه تیکنۆلۆژی ئیستراتیژیك سەر دەر نەهێنێ، بێگومان خۆراکی تەبلیغاتی بۆ ئیستیکبار چێ دەکا؟

بەڵێ دەبوایه لەو کاتەدا، ئەو رۆژەیان له پێش چاو با که دژی ئێمه بنووسرێ که "کۆماری ئیسلامی نۆزده ساڵ لەگەڵ جیهاندا درۆی کردوه." ئایا سەرەڕای هەر چەشنه سەرکەوتنێك، ئەم زیانه گەوره مەعنەویو تەبلیغاتییه پاساو دەدرێتەوه؟"

ئەو قسانەی ئەحمەدی شێرزاد له مەجلیسو ئەو رەخنه توندانەی که بەرەورووی رێژیمی کردنەوه، له حاڵێکدا بەیان کران که سێ حەوتوو پێشتر خانمی "فاتیمەی حەقیقەتجوو"ش له قسەکانی خۆی له مەجلیسدا له دژی سیاسەتو رەفتارەکانی کۆماری ئیسلامی دوابوو، بەڵام قسەکانی "شێرزاد" هێندێ سنوریان بەزاندن که به شێوەیەکی ئاسایی وەك خەتی سوور دیاری کراونو بەزاندنیان ئاکامی چاوەڕوان نەکراوو رووبەڕووبوونەوەی توندی لێ دەکرێ. هەربۆیه، ئەو کات که "شێرزاد" له حاڵی قسەکردندا بوو، دروشمی مەرگ بۆ مونافقو. . . لەلایەن بەشێك له نوێنەرانی مەجلیس دژی ناوبراو بەرز بۆوەو دواتریش رۆژنامەی "کەیهان"، بڵاوکراوەی بەستراوه به قۆڵی موحافیزەکار، له راپۆرتێکی خۆیداو له ژێر سەردێڕی "خائین لەسەر داری ئیعدام"دا قسەکانی یەك یەکی دیکه له نوێنەرانی سەربه قۆڵی موحافیزەکاری چاپ کردبوو که دەڵێ: "ئەگەر رەوتی قووڵبوونەوەی دژایەتی لەگەڵ رێژیم هەروا بڕواته پێش، سەیر نیه که خەڵك لەبەر دەرگای مەجلیس کۆ ببنەوەو ژمارەیەك له نوێنەرانی خائین!! له دار بدەن." هەروەها ئەو رۆژنامەیه نووسیی که؛ "ئەگەر هێندێك کەس خەیاڵی بەزاندنی خەته سوورەکان له کەڵلەیان بدا، دەبێ بزانن به توندی رەفتاریان لەگەڵ دەکرێ."

❋ ❋ ❋

# کەڕوبی چ چاوەڕوانییەکی له نوێنەرانی مەجلیس هەیه؟



له سەرەتای ئەم مانگەدا، نوێنەری شاری ئیسفەهان له مەجلیس، له قسەکانی پێش دەستووری مەجلیسدا هێندێ رەخنەی بەرەورووی رێژیم کردنەوه که هەر ئەو کات له لایەن چەند نوێنەرێکی سەر به قۆڵی موحافیزەکارەوه هێرشی کرایه سەرو دواتریش هێرش کرایه سەر دەفتەری کاریو له لایەن قوڵەچۆماغەکانی رێژیمەوه هەڕەشەی مەرگی لێ کرا.

ئەوه که دژکردەوەیەکی لەو بابەته له لایەن قۆڵی موحافیزەکارەوه بەرانبەر به نوێنەرێك یان هەر کەسێکی رەخنەگری دیکه نیشان بدرێ له ئێرانی ژێر دەسەڵاتی دیکتاتۆریو تەواوخوازیی قۆڵی موحافیزەکاردا، شتێکی ئاساییو رۆژانەیه. خەڵك باش لەوه ئاگادارن که رێژیم چووکترین رەخنه به توندی وەڵام دەداتەوەو سەروکاری رەخنەگر لەگەڵ ئەشکەنجه، زیندانو تەنانەت بێسەروشوێن کردنه. بەڵام ئەوه که نوێنەرێکی مەجلیس بیهەوێ قسەی دڵی خۆیو بۆچوونی ئەوانەی که ئەو نوێنەرایەتیان دەکا، له مەجلیس بێنێته گۆڕێو له لایەن سەرۆکی مەجلیسەوه پێش به قسەکردنی بگیرێو به جۆرێك هەڕەشەی لێ بکا نیشانەیەکی دیکەیه له بەرینتربوونەوەی رەوتی سەرکوتو دەست بەدەمدا گرتنی ئەوانەش که پێشتر له پاڵوێنەی رێژیمەوه گوزەراونو تارادەیەك خۆیان به نوێنەری خەڵك له مەجلیس دەزانن.

کەرووبی له پێوەندی لەگەڵ قسەکانی نوێنەری ئیسفەهاندا به جۆرێك هەڵوێستی گرتو ناڕاستەوخۆ هەڕەشەی لەم نوێنەره کرد که دەرەتانی هێرشو هەڕەشەی بۆ قۆڵی موحافیزەکارو قوڵەچۆماغەکانیشی پێك هێنا.

ئەوەش له حاڵێکدایه که کەرووبی دەبێ پارێزەری مافی ئازادیی رادەربڕینی نوێنەران بێو ئەگەر کەسو لایەنەکانی دیکەش بیانهەوێ بیانوو بەم جۆره نوێنەرانه بگرن، لەسەریان وەجواب بێ.

قسەکانی کەرووبی له پێوەندی لەگەڵ قسەکانی نوێنەری ئیسفەهاندا، که به پێچەوانەی ئەرکی یاسایی سەرۆکی مەجلیس، بەڵام دڵخوازی قۆڵی موحافیزەکار بوون. چەند جار له تەلەویزیونی رێژیمو رۆژنامەکانی سەر به قۆڵی موحافیزەکار بڵاوکرانەوه، بێ ئەوەی که دەقی قسەکانی نوێنەری ئیسفەهان بخرێته بەرچاوی خەڵکی ئێران تا بزانرێ، داخوا خەڵك کامیان به حەقو به قسەی دڵی خۆی دەزانێو کامیان به قسەو رەفتاری یاساشکێنانەو دەمکوتکەرانه دادەنێ؟

کەرووبی رایگەیاند که نوێنەر نابێ رێژیمی کۆماری ئیسلامی بەرێته ژێر پرسیارو نابێ دەسکەوتەکانی ٢٥ ساڵەی ئەو رێژیمه لەبەرچاو ون بکا.

ئەو قسانه دەربڕی ئەو راستییەن که له روانگەی سەرۆکی مەجلیسو کەسانی هاوبیری له کۆماری ئیسلامیی ئێراندا، نوێنەرانی مەجلیس ئەگەر به رواڵەت هەڵبژێردراوی خەڵکن له کردەوەدا دەبێ پەسن بێژی رێژیم بنو هەر کام له ناوچه یان شارو شوێنی خۆیدا ئەرکی پاساو هێنانەوه بۆ کەموکووڕییەکانی رێژیمو سیاسەتو هەڵوێسته نادروستو رەفتاره سەرکوتکەرانەکانی رێژیمیان له سەر شان بێو لایەنگری له مافو ئازادییەکانی خەڵكو رەخنەگرتن له سیاسەتو هەڵوێستەکانی رێژیم به پێچەوانەی ئەم یاسا نەنووسراوەی کۆماری ئیسلامییەو هەڕەشەو ئاکامی خراپی لێ دەکەوێتەوه.

له وەزعێکی وادا، ئەوه چ نوێنەرێکی خەڵکه که ئەگەر زۆربەی هەرەزۆری خەڵکی ئێران چارەی ئەو رێژیمەیان نەوێو له ژێر دەسەڵاتو حاکمییەتی ئەودا ویستو داخوازەکانیان نەیەنه دی، دیسانیش هەر پێی هەڵلا بڵێنو نەتوانن رەخنەی لێ بگرنو کەموکووڕییەکانو پێشێلکرانی مافو ئازادییەکانیانو کوشتاری جیابیرانی لێ لەقاونەدەنو هەموو ئەو زوڵمو جینایەتو سیاسەته چەوتانەی به کاری لەبارو خەڵك پەسند بۆ بێته ئەژمار؟

کەرووبی ئەوەی به ناسوپاسو ئەمەگ نەناس بۆ نوێنەرانی مەجلیس به حیساب هێنا که دەسکەوتەکانی کۆماری ئیسلامی نابینینو پێیان شوکرانه بژێر نین. بەڵام کەرووبی خۆ لەوه دەبوێرێ که ئەم دەسکەوتانه کامانەنو ئەو خێرو خزمەتانه که رێژیمی کۆماری ئیسلامی بۆ خەڵکی به دیاری هێناونو پێی دەکا، چەندو چۆنن که خەڵك هەست به بوونیان ناکاو پێیان شوکرانه بژێر نیه؟

دیاره کەرووبی باش دەزانێ که ئەرکی سەرەکیی نوێنەرانی مەجلیسو ئەرکی سەرۆکی مەجلیس کامانەن، بەڵام لەوەش ئاگاداره که له کۆماری ئیسلامیی ئێراندا، نه نوێنەرانی مەجلیس به سەرۆکەکەیشیەوه دەسەڵاتێکیان هەیەو نه دەرەتانێك بۆ رەخنەگرتن لەگۆڕێ دایه، ئەوەی دەبێ بپارێزرێ نەك مافو ئازادییەکانی خەڵك، بەڵکوو مانەوەی رێژیم له سەر کورسیی دەسەڵاتەو ئەگەر ئەویش دەیهەوێ کورسیی خۆی له دەست نەدا، دەبێ بەمجۆره بدوێو بەم جۆرەش لەگەڵ نوێنەرێکی رەخنەگر هەڵسوکەوت بکا.

❋ ❋ ❋



# هەواڵە وەرزشییەکان

ئامادەکردن: ئەشکان

## شکستی تیمی پەروین لە شاری مەریوان

ڕۆژی ٢٠ی خەزەڵوەر یارییەکانی گەڕانەوە(برگشت)ی قۆناغی یەکەمی جامی حەزفیی فووتباڵی ئێران بەڕێوە چوو. لەم یارییانەدا تیمی بێهزیستیی مەریوان میوانداری لە تیمی ئازەربایجانیڕۆژئاوا کردو لە ئاکامدا ٢ـ١ ئەم یارییەی بردەوە. تیمی ئازەربایجان بە ڕاهێنەریی عەلیپەروین لە چەند یاریزانی بەناوبانگی فووتباڵ کەڵکی وەرگرتبوو، کەچی لە بەرامبەر مەریواندا تووشی شکست بوو. یاریی چوون(رفت)ی دوو تیم لە شاری تاران ٢ ـ٠ بە قازانجی ئازەربایجان بوو، هەر بۆیە، ئەم تیمە لەسەریەك ٣ ـ٢ سەرکەوتنی وەدەست هێنا.

## کێشهەڵگریی قارەمانیی جیهان و پلەی هەشتەمی باقری




یارییەکانی کێشهەڵگریی قارەمانیی جیهان کە لە شاری وەنکۆوێری کانادا دەستی پێکردبوو، ڕۆژی ٢ی سەرماوەز بە قارەمانیی چین کۆتایی پێهات. لەم یارییانەدا، ڕۆژی ٣٠ی خەزەڵوەر کوورش باقری کێشهەڵگری کرماشانیی تیمی ئێران لە کێشی ٩٤ کیلۆ، لە حەرەکەتی یەکجار بە هەڵگرتنی ١٧٥ کیلۆ، هەروەها لە حەرەکەتی دووجار بە هەڵگرتنی٢٠٧/٥ کیلۆ لەسەریەك بە هەڵگرتنی ٣٨٢/٥ کیلۆ پلەی هەشتەمی جیهانی وەدەستهێنا. پێویستە بگوترێ کوورش باقری لەبەر ئێشو ئازاری لاقەکانی نەیتوانی ئاستی هەمیشەیی خۆی دەربخا.

## بانگهێشتنی سێ کرماشانی بۆ تیمی زۆرانی گەورەساڵانی ئێران

ڕۆژی ٢١ی خەزەڵوەر لەلایەن فیدراسیۆنی زۆرانی ئێران بە مەبەستی پێكهێنانی تیمی زۆرانی ئازادی ئێران بۆ بەشداری لە یارییە سەرەتاییەکانی ئۆلەمپیكدا، سێ زۆرانەوانی کرماشانی بەناوەکانی: فەرەیدوون قەنبەری لە کێشی ٨٤ کیلۆ، خالەقیفەڕ و جەعفەردلێری هەر دوو لە کێشی ٩٦ کیلۆدا بۆ تیمی میللی دەعوەتکران.

## یارییەکانی زۆرانی قارەمانیی تازەپێگەیشتووانی ئاسیاو سەرکەوتنی دوو لاویکورد

یارییەکانی قارەمانیی زۆرانی ئازادی تازەپێگەیشتووانی(ژێر ١٧ ساڵ)ی ئاسیا کە لە تایوان دەستی پێکردبوو، ڕۆژی ٢٥ی خەزەڵوەر بە قارەمانیی ئێران کۆتایی پێهات. لەم یارییانەدا دوو لاوی کورد بەشداربوون. لە کێشی ٧٦ کیلۆدا،ئێحسان ئەمینی پلەی سێهەمو میداڵی برۆنزو لە کێشی ١٠٠ کیلۆدا، بیژەنی زەرینیفەر پلەی چوارەمی وەدەستهێنا. هەردووی ئەم لاوانە خەڵکی کرماشانن.

## بەشداریی دوو یاریزانی کورد لە تیمی کاراتەی ئێراندا

لەلایەن فیدراسیۆنی کاراتەی ئێرانەوە دوو یاریزانی کرماشانی بەناوەکانی سەعید نەسروڵاهی و موسلم زەینەدین بە مەبەستی ئەندامەتی لە تیمی کاراتەی ئێران بۆ بەشداری لە یارییەکانی قارەمانی ئاسیادا دەعوەتکران.

❊❊❊

## کەمتر خەمیی فیدراسیۆنی شاخەوانی، هۆی سەرەکیی کارەساتی "کاشێر برووەی پاکستان"



مێهدی بەدری

ڕۆژی سێشەمە ٢٠ی خەزەڵوەری ١٣٨٢، کاناڵی ١ی تەلەویزیۆنی ئێران فیلمێکی لەژێر ناوی "صعود از صعود" بڵاوکردەوە. داستانی ئەم فیلمە پێك هاتبوو لە هەوڵەکانی تیمی شاخەوانیی ئێران بەمەبەستی سەرکەوتن بەسەر لووتکەی ٨٠٦٨ متری "کاشێر برووەی ١ی پاکستان" (یازدەهەمین کێوی جیهان). بە داخەوە تیمی هێرش بۆسەر لووتکە کە پێك هاتبوو لە دوو شاخەوانی کورد بە ناوەکانی محەمەد هەوراز، خەڵکی نەغەدەو موقبیل هونەرپەژووە خەڵکی بوکان، لە بەرزایی ٧٩٠٠ مەتریدا تووشی ڕنوو بوونو بەهۆی ئەو کارەساتەوە، هەر دوو شاخەوانی ناوبراو بە توندی بریندار بوونو لە ئاکامدا دوای ٢٢ ڕۆژ (ڕۆژی ١٦ی خەرمانان) محەمەد هەوراز لە نەخۆشخانەی "شەفای ئیسلام ئابادی پاکستان" گیانی لە دەست دا.

ماوەیەك بە دوای مەرگی هەوراز، چەند کەس لە نوێنەرانی کوردی مەجلیسی ئێران داویان لە مەجلیس کرد تا لە سەر چونیەتیی ئەو ڕووداوە لێکۆڵینەوە بکرێو هۆیەکانی ئەو کارەساتە ڕوون بکرێتەوە. ئەو داوایە لە ڕاگەیەنەکانی ئێران(تەلەویزیۆن، گۆڤارو ڕۆژنامەکان)دا دەنگی دایەوەو هەر کەسو لایەنێك بە شێوەیەك باسی لەسەر کرد. مەبەستی ڕێژیم لە نیشاندانی ئەو فیلمە کەمکردنەوە لەو هەموو ڕەخنەو تووڕەییە بوو کە لە لایەن ئۆگرانی محەمەد هەورازەوە بەرامبەر بە ڕەفتاری بەرپرسانو دامو دەزگا جۆراوجۆرەکانی ڕێژیم لە پێوەندی لەگەڵ کارەساتی هەڵدێرانو مەرگی ئەو شاخەوانە کوردەدا، دەربڕابوو. هەوڵی فیلمەکە ئەوە بوو کە نیشان بدا هەوراز بە هۆی کارەساتی ڕنوو گیانی لە دەست داوەو هیچ دەستێکی دیکە لە پشت ئەو ڕووداوەوە نەبووە. بەڵام بە نیشاندرانی فیلمی "صعود از صعود"و هەروەها بڵاوبوونەوەی قسەکانی چەند هاوڕێیەکی هەوراز، کەمتر خەمییەکانی فیدراسیۆنی شاخەوانیی ئێران لەو پێوەندییەدا پتر دەرکەوت. پێش هەموو شتێك تەرخان نەکردنی بودجەی پێویست بۆ تیمی شاخەوانی کە محەمەد ئەندامی بوو، بۆتە هۆی وەدرەنگ کەوتنو درەنگ گەیشتنی ئەو تیمە بۆ پاکستان، بە جۆرێك کە شاخەوانانی ئێران لە کاتێکدا دەگەنە کاشێربرووەی ١، کە وەرزی شاخەوانی کۆتایی پێهاتبووو تەنانەت شاخەوانانی وڵاتانی دیکە لەو بەرزاییانەڕا دەگەڕانەوە. فیلمی "صعود از صعود" دەری خست کە هاوڕێیانی هەوراز هیچ چەشنە کەمتر خەمییەکیان لە خۆیان نیشان نەداوەو ئەوەی کە پێویست بووە بۆ دەرباز کردنی بریندارەکان جێبەجێیان کردوە. بەڵام فیدراسیۆنی شاخەوانی بە تەرخان نەکردنی بودجەی پێویستو ئیمکاناتی تەواوو هەروەها نەبوونی دوکتورێکی پسپور لەو تیمەدا هۆی سەرەکیی ئەو ڕووداوە بووە.

مەسەلەیەکی دیکە، کە جێگای باسو لێکۆڵینەوەیە، کەم ڕەنگ بوونی هەواڵی ئەو کارەساتەو مەرگی هەوراز لە ڕاگەیەنەکانی ڕێژیمی ئێراندا بوو. ئەوە لە حاڵێکدایە کە هەورازیش هەر وەك هەموو قارەمانێکی وەرزشیی ئێران شانازییەکی زۆری بەنەسیب ئێران کردوە. هەوراز بۆ یەکەم جار ئاڵای ئێرانی گەیاندە سەر بەرزترین لووتکەی جیهان (ئێوێرست)، چەندین میداڵی زێرو زێوی جیهانی بە دەست هێناوەو چوار لووتکەی بەرزی جیهان (سەرەوەی هەشت هەزار میتری)ی بەبێ کەڵك وەرگرتن لە ئۆکسیژن بڕیوە. لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردووش وەك باشترین شاخەوانی ئێران دیاری کرابوو. بەڵام ڕێکخراوی تەربییەت بەدەنیی ئێران لە بەرامبەر ئەو هەموو شانازییەی هەورازدا کە کەمتر لە شانازییەکانی، ڕەزازادە، دەبیر، دایی و هتد نینو زیاتریشن، ڕێزی ئەو قارەمانە میللییەی نەگرتوە . بەو شێوەیە کە ڕفیقەکانی هەوراز دەگێڕنەوە ناوبراو لە بەر ئەوەی لە تیمی شاخەوانیی ئێران وەلای نەنێن، مەجبوور بووە چەندین جار جلوبەرگی خۆی بگۆڕێو تا ئەو جێگایە کە بۆی بکرێ بیانوو نەداتە دەس بەڕێوەبەران. محەمەد هەوراز سەڕەرای بەشداری کردن لە کۆنکۆرو سەرکەوتنی لە ساڵەکانی ٧٠و٧١دا، بەڵام مەجالی خوێندنی لە زانستگای پێنەدراوەو ساڵەکانی دواتر بە هەزار تەقەلاو پەنابردن بۆ ئەملاوئەولا توانیویەتی درێژە بە خوێندن بدا. هەواڵی مەرگی هەوراز لە ڕاگەیەنەکانی ئێراندا زۆر گرنگی پێنەدرا. ئەوە لە حاڵێکدایە کە هەواڵی نەخۆشیی عابدزادەو پەروینو. . . هتد تا چەندین ڕۆژلە بەرنامەی هەواڵە وەرزشییەکانی ئێراندا، باسی لەسەر دەکرێ.

هێنانەوەی تەرمی هەوراز لە پاکستانەوە بۆ ئێران بە جۆرێك بوو کە شیاوی قارەمانێکی میللی نەبوو. بە فڕۆکەی هەڵگری موسافیرو دوای سێ ڕۆژان بووەو بە شەوو بەبێ بەڕێوەبردنی هیچ ڕێورەسمێکی تایبەتی بۆ شاری نەغەدە بەڕێ کراوە. لە هەموو ئابڕووبەرانەتر بۆ ڕێژیم ئەوە بوو کە بەدوای چەند ڕۆژ دوای مردنی ئەو شاخەوانەو لە بەر ڕەخنەو گلەیی دۆستانو دڵسۆزانی ئەو، خامەنەیی ڕێبەری ڕێژیم ناچار بوو پەیامی سەرەخۆشی بۆ بنەماڵەی هەوراز بنێرێ، کە دیارە بەو هۆیەوە کە لە کاتی خۆیدانەبوو، بایەخێکی ئەوتۆی نەبوو. ئەو هەموو کەمترخەمیو بێتەفاوەتییە، بە ئەنقەست بایەخنەدانی بەرپرسانو بەڕێوەبەرانی ڕێژیم لە ئاست کارەساتی هەڵدێرانو نزیکەی ١مانگ تلانەوە بە دەست مردنو چونیەتیی ڕەوانەکردنی تەرمەکەی بۆ نەغەدە، تەنیا لە بەر ئەوە بوو کە هەوراز کورد بووو شانازیی بە نەتەوەکەی خۆیەوە دەکردو نەتەوەکەشی شانازی پێوە دەکرد.

❊❊❊

## چوونەسەری ڕێژەی کچان لە خوێندنگەو زانکۆکانی ئێرانداو نیگەرانیی ڕێژیم

خەج

ئاشکرایە کە لە ماوەی پێنج شەش ساڵی ڕابردوودا، ژمارەی کچانی خوێندکار لە زانکۆ دەوڵەتییەکانو دەبیرستانەکانی ئێراندا لە ژمارەی کوڕانی سەرکەوتوو لە تاقیکارییەکاندا زیاتر بووەو گەیوەتە پلەیەکی بەرزتری ڕێژەیی. لەم چەندساڵەی دواییدا کچان توانیویانە، ٥٧٪ی ڕێژەی گشتیی خوێندکاران پێك بێنن. ڕادەی قبوولیی کچان لە زانکۆکانی وڵاتدا بۆتە هۆی ئەوە ڕێژەی کچانی خوێندکار لە زانکۆکان بچێتە سەر. هەرچەند لە سەر ڕێگای خوێندنی کچاندا هێندێك لەمپەرو کەندوکۆسپ هەبوون، بەتایبەت لە هەڵبژاردنی چەند لقێکی خوێندندا وەك لقەکانی قەزایی، بەڕێوەبەریی (مدیریت)و فەننی، بەڵام کچان سەرەڕای بوونی هەموو ئەم لەمپەرانە لە دەیەی ٧٠ی هەتاوی بەملاوە مەودای خوێندن لەگەڵ کوڕانیان لە لقە جۆراوجۆرەکانی خوێندندا کەم کردۆتەوەو بە شێوەیەکی بەرچاو گەشەیان کردوە.

بۆ وێنە بە گوێرەی ئاماری وەزارەتی علوومی کۆماری ئیسلامیی ئێران، ڕادەی کچان لە زانکۆکاندا بەم شێوەیە چۆتە سەر:

٢٨٪ لە ساڵی ١٣٥٧ی هەتاوی

٣٧٪ لە ساڵی ١٣٧٤

٤٩٪ لە ساڵی ١٣٨١ی هەتاوی

واتە لە ساڵی ١٣٥٧دا لە هەر سەدهەزار ژن، نزیکەی ٣١٢ کەسیان خوێندکاری کچ بوون، بەڵام لە ساڵی ١٣٨١دا ئەم ڕێژەیە گەیشتە نزیکەی ٢٢٥٠ کچ.

ڕێژەی ڕوو لە هەڵدانی قوتابیانی کچ لە قوتابخانەکانو خوێندکارانی کچ لە زانکۆکاندا، لەم چەند ساڵەی دواییدا بۆ دەسەڵاتبەدەستانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بۆتە مەسەلەیەکی نیگەرانیخوڵقێنو ئەوانی بەرەو ئەوە بردوە کە ڕێگاچارەیەك بۆ کەمکردنەوەو بەرگرتن لەم گەشەکردنە بدۆزنەوە. چونکە دەسەڵاتبەدەستە کۆنەپەرستەکان لە چوونەسەری ڕێژەی کچانی قوتابیو خوێندکار نیگەرانو گەشەکردنی کچان لە بواری خوێندنو پێگەیشتندا بە زیانی کۆمەڵو کۆمەڵگا دەزانن!!و وەك مەترسییەك بۆ سەر خێزانو بەتایبەت بۆسەر دامودەزگاکانیان لەقەڵەم داون!! هەر لەو پێوەندییەدا وەزارەتی لەشساغیو ئامووزشی پزیشکی بە پەلە دەست بەکار بووە تا بۆ پێشگرتن بەم دیاردەیە گەڵاڵەیەك ئامادە بکاو بە گوێرەی ئەم گەڵاڵەیە لە ڕادەی قبوولیی کچان لە لقە پزیشکییەکاندا تا ڕادەی ٥٠٪ کەم بکاتەوە.

هاتنەگۆڕی کێشەی پێشگرتن بەچوونەسەری ڕادەی قبوولیی کچان لە زانکۆکاندا، بوو بە هۆی ئەوە ڕووناکبیرانو تەنانەت نوێنەرانی ژنی مەجلیسی شووڕای ئیسلامی ناڕەزایەتیو دژایەتیی خۆیان لەو پێوەندییەدا دەربڕن. هەر ئەو دژایەتیکردنە بوو بە هۆی ئەوە تا ڕادەیەكو بە شێوەیەکی کاتی سەرپۆش لە سەر ئەم مەسەلەیە دابنێن، بەڵام ئەم بیرۆکەیە نەك وەڵام نەدراوە، بەڵکوو ژمارەیەك لە دەسەڵاتبەدەستان بەئاشکرا خەریکی دۆزینەوەی ڕێگایەکن بۆ کەمکردنەوەی ڕادەی قبوولیی کچان لە زانکۆکانی وڵات. ئەو ڕاستییە کە نە تەنیا لە سەرکەوتن بۆ خوێندن لە زانکۆکاندا لە کوڕان وەپێش کەوتوون، بەڵکوو لە قۆناغەکانی ڕاهنومایيو دەبیرستانیشدا لە کوڕان باشتر دەخوێننو ڕادەی ڕەدیو کەوتنیان کەمترە. ئامارە ئامووزشییەکان نیشان دەدەن کە کچان لە ساڵی ١٣٨٠ی هەتاویدا نزیکەی ٥٦٪ی دەرچوانی قۆناغی دەبیرستانو ٦١٪یش کە قۆناغی پێش دانیشگایان "بە سەرکەوتنەوە بڕیوەو مافی بەشداربوون لە تاقیکارییەکانی زانکۆیان وەدەست هێناوە. لەوەش گرنگتر گەشەکردنی کچان لە زۆربەی لقەکانی خوێندن کە تا ئێستاش لە ئێرانداو تەنانەت لە زۆر وڵاتی دیکەشدا، هەر "پیاوانە"ن، زۆر بەرچاوە، سەرکەوتنی کچان لە لقەکانی ڕیازیی فیزیكدا خۆی لە ٤٥٪ داوە. ئەوە لە کاتێك دایە کە لە ساڵی ١٣٦٣دا ئەم ڕێژەیە لە ١٥٪ تێنەدەپەڕی. هەروەها کچان لە لقەکانی علوومی تەجرووبیدا جێگایەکی بەرزیان وەدەست هێناوەو ٧٠٪ی خوێندکارانی ئەم لقەیان بەخۆیان تەرخان کردوە.

هەر بۆیە دەسەڵاتبدەستە کۆنەپەرستەکان لەو هەموو سەرکەوتنە بەرچاوەی کچان لە لقەکانی خوێندن چ لە قوتابخانەو چ لە زانکۆکانی وڵاتدا نیگەرانن، ئەوان دەزانن سەرکەوتن لە خوێندندا بە مانای چاووگوێ کرانەوەیەو بە مانای هەڵوێست گرتنە لە بەرامبەر کۆنەپەرستیو بە مانای هەوڵ دانە بۆ مافی بەرامبەرو لە هەموو بوارەکانی سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری، فەرهەنگیو هونەریو بنەماڵەییداو سەرئەنجام بەمانای چوونە سەرو گەشەکردنی ئاگاهیو زانیاریی ژنانو زاڵبوونیان بە سەر فەرهەنگی پیاوسالاری دایە. سیاسەتی پێشگرتنی دەسەڵاتبەدەستان بەم ڕەوتە بە مەبەستی ڕێگرتنە لە گەشەکردنی ژنانو هەروەها بۆ ئەوەیە زیاتر لە پێشوو لەگۆشەی ماڵەوە بخزێنو ببنە ژنی ماڵەوەو تەنیا ئەرکو وەزیفەی هاوسەرییو منداڵ بەخێوکردن بەڕێوە ببەن یا خۆیان بەشتی لاوەکییەوە خەریك کەن، نە بە دوای خوێندنو وشیاربوونەوەدا بن، بەڵام کۆماری ئیسلامیی ئێران لەم سیاسەتە چەوتو کۆنەپەرستانەیەی خۆیدا بە نیسبەت ژنان لەگەڵ شکستێکی گەورە بەرەوڕوو بووەو لە داهاتووشدا زیاتر لەو بوارەدا لەگەڵ ناکامی بەرەوڕوو دەبێ، چونکە ژنانو کچانی کۆمەڵ بڕیاریان داوە بۆ هەڵدانو گەشەکردن، خوێندەواربوونو پێگەیشتنو پاشگەز بوونەوەیان نیە. جا چ کۆماری ئیسلامی درێژە بەم هەڵاواردنە بداو چ لە ژێر فشاردا بێدەنگی لێبکا. بەتایبەت کە ئەم کارەی لەگەڵ بەیاننامەی مافی مرۆڤو بەیاننامەکانی یۆنسکۆ کە ئێرانیش مۆری کردوونو تەنانەت لەگەڵ قانوونی ئەساسیی خودی ئەم ڕێژیمەش دژایەتیی هەیە کە باس لە بەرامبەریی مافی ژنو پیاو لە بواری خوێندندا دەکا.

سەرچاوە:

سایتی "زنان ایران"

❊❊❊

**بۆ هاوکاریی زیاتری هێزە دێمۆکراتو پێشکەوتووەکانی ئێران تێبکۆشین**

# KURDISTAN

Organ of the Central Committee of Democratic Party of Iranian Kurdistan

No: 378 6 Dec 2003

بۆ خوێندنەوەی چاپەمەنیی و بڵاوکراوەکانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران و وەرگرتنی زانیاری

لەبارەی حیزب، بڕواننە ئەم ئادرەسانەی خوارەوە لەسەر ئینتێرنێت:

www.kurdistanmedia.com
e- mail:
kurdistanmedia@yahoo.com

http://www.pdk-iran.org
e- mail:
pdkiran@club-internet.fr


## "بە مەبەستی ڕونکردنەوی ڕاستییەکان"

"بە مەبەستی ڕونکردنەوی ڕاستییەکان" ناوی نامیلکەیەکە کە لە ٤٨ لاپەڕ پێك هاتوەو نێوەرۆکەکەی بریتییە لە وتوویژێك لەگەڵ سکرتێری گشتیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران هاوڕێی بەڕێز عەبدوڵڵا حەسەن زادە.

لەو وتوویژەدا، سکرتێری گشتیی حیزب وەڵامی کۆمەڵێك پرسیار دەداتەوە کە پێوەندییان بە وتوویژو باس و بابەتەکانی گۆڤاری "چشم انداز ایران"ەوە هەیە. چەند کەسێك لەوانەی لە ژمارەی تایبەتیی ئەو گۆڤارەدا، لە ڕووداوەکانی کوردستانی



ئێران و کێشەی نەتەوایەتیی گەلی کورد لە ئێران دواون، بەشێك لە ڕاستییەکانیان شێواندون. بەڕێز عەبدوڵڵا حەسەن زادە تیشکی خستۆتە سەو ئەو ڕووداوانەو ڕاستیی ئەوانی ڕوون کردوونەوە.

### بە بۆنەی ئازایەتیی ئەخلاقییەوە:

## "امیر انتظام" و "آغاجری"" خەڵاتی "یان کراسکی"یان وەرگرت





ڕۆژی ٢٥ی نوامبری ٢٠٠٣ لە بنکەی سەفارەتی لەهێستان لە واشنگتۆن ڕێورەسمێك بۆ بەخشینی خەڵاتی "یان کراسکی" بە موهەندیس عەبباسی ئەمیر ئینتیزام و دوکتور هاشم ئاغاجەری بەڕێوەچوو. لەو ڕێورەسمەدا نزیکەی ٧٥٠ کەس بەشدار بوون کە نزیکەی ٣٥ کەسیان ئێرانی بوون.

"بنیاتی ئازایەتیی ئەخلاقی" بنیاتێکی نادەوڵەتییەو سەفارەتی لەهێستان ئیمکاناتی خۆی بۆ بەڕێوەبردنی ئەو ڕێورەسمە خستبووە خزمەت ئەو بنیاتە. "سای راتێر" سەرۆکی بنیاتی ناوبراو ڕێورەسمەکەی بەڕێوە برد. "سای راتێر" گوتی ئەو بنیاتە ١٢ ساڵە دامەزراوە. کاتێك بۆ یەکەم جار ئەو خەڵاتە بە "یان کراسکی" خۆی، بەخشرا گوتبووی: "من شانازی بەو خەڵاتەوە دەکەم. بەڵام دەبێ لەبیرمان بێ کە هەزارانی دیکە هەن کە شایانی ئەو خەڵاتەن و ئێمە نابێ لەبیریان بکەین."

دواتر سەرۆکی ڕێکخراوی نێونەتەوەیی لێبووردن چووە پشت تریبوون و گوتی: لە ڕاستیدا هێندێك مرۆڤی زۆر ئاسایی هەن کە بە هۆی هێندێك تێکۆشانەوە، دەتوانن چیاکان بگوێزنەوە. "یان کراسکی" یەك لەوان بوو. ناوبراو پاشان باسی ئازایەتیی ئەخلاقی ئەمیر ئینتیزام وەك قەدیمیترین زیندانیی سیاسی ئێران و گەلاڵەی ساڵی ڕابردووی ناوبراو بۆ بەڕێوەچوونی ڕێفراندۆم لە ئێرانیدا کرد. پاشان چووە سەر باسی ئاغاجەری کە بە تاوانی ڕەخنە گرتن لە حکوومەت گیراوەو بە ئێعدام مەحکووم کراوە.

قەرار وابوو دوکتور سرووش وەك نوێنەری ئاغاجەری، بچێ و ئەو خەڵاتە وەربگرێ، بەڵام لەبەر سەختگیریی ئەمریکا لە ویزادان بە ئێرانییەکان، نەیتوانی بچێ و دوکتور جەماڵ ڕۆستەمی خەڵاتەکەی ئاغاجەریی وەرگرت. خەڵاتی ئەمیر ئینتیزامیش کچەکەی، ئیلهام وەریگرت. ئیلهام باسی ئەوەی کرد، کاتێك بابی چۆوە ئێران و گیرا، تەمەنی ١٠ ساڵ بوو. ئیلهام لەو ڕێورەسمەدا پەیامی باوکی خوێندەوە. لە بەشێکی ئەو پەیامەدا کە لەگەڵ چەپڵەو پێشوازیی گەرمی بەشداران بەرەوروو بوو، هاتبوو: "خەبات بۆ مافی مرۆڤ و دێمۆکراسی و نەهێشتنی سزای ئێعدام و کۆتایی هێنان بە جیاوازی بە دژی ژنان و ئایینەکانی دیکە، دەبێ درێژەی پێبدرێ. لەو ڕێورەسمەدا فیلمێك بۆ ماوەی پێنج دەقیقە لە ژیانی عەبباسی ئەمیر ئینتیزام پێشان درا.

سایتی: "ایران امروز"

## دوو جۆر ژیان، دوو جۆر مردن!

### بەر لە ماڵاوایی

ع. وریا

**چیاییەکانم! شاخە رووت و سەختەکانی خۆتان خۆش بوێ. شاخەکان کەمیان سامان پێبەخشیون، بەڵام ئەم شاخانە نەبن وڵاتەکەمان بۆ خۆمان نابێ. بە بێ وڵاتیش، چیایی بێکەس، سەربەستییان نابێ. بۆیان بجەنگن، بیانپارێزن، با شریقەی شیرتان لە گۆڕدا خەونی شیرینم پێ ببەخشێ".**

**داغستانی من، کتێبی دووهەم، وەسیەتنامەی شامیل، لاپەڕی ٤٣**

**لە ڕۆژگاری کۆندا جارێکیان قاسیدێك بە هەشتاوی خۆی کوتایە ناو دێیەکەوە. پیاوەکان هەموویان بۆ نوێژ چوو بوونە مزگەفت. سوارەکە بە پێڵاوەوە چووە ناومزگەفت. مەلا هاواری کرد: کوڕە هەی مسقۆف، بێمێشك، نازانی دەبێ پێڵاوت داکەنی ئینجا بێیتە ناو مزگەفت؟!"**

**ـ تۆزی پێڵاوم خاکی شیوو دۆڵی خۆمە، گەڵێ لە مافوورەکەی ئێوە بەنرخترە، ئێستاکە کەوتۆتە بەر هێرشی دوژمنێکەوە.**

**هەمان سەرچاوە، لاپەڕی ٥٠**

دەزانم ئەم جۆرە وتە جوانانە، بە گوێی زۆر کوردی نیشتمانپەروەرو ئۆگرو ئەویندای خاك و کەلتوورو پێناسە نەتەوایەتییەکانی کورد، ئاشنان. هەر دەڵێی قسەی سەرکردەیەکی خەباتی ڕزگاریخوازانەی گەلەکەمان و وتەی مامۆستایەکی قاڵبۆوەی نێو بۆتەی کوردایەتی و نیشتمانپەرستین.

ئەگەر پەڕبەپەڕی هەردوو بەرگی "داغستانی من"ی ڕەسووڵ هەمزە تۆف بخوێننەوە، سەدان نوکتەو سەربردەو پەندو وتەی هەڵێنجراو لە فۆلکلۆری داغستانییەکان دەبینن کە دەڵێی لە فۆلکلۆرو ئەدەبیاتی میللیی نەتەوەی کورد وەرگیراون. "ڕەسوول هەمزەتۆف" لە نووسراوە کورتەکانی سەر خەنجەرو لانك و گۆزەو تەنبوورو کێل و کەڵە شاخ و بەردی دەم ڕێگا، لە قسەی نەستەق و نوکتەو نەزیلەی دایك و باب و ژن و پیاوی بە ساڵدا چووی گوندەکەیان، هەوێنی کتێبێکی دوو بەرگیی وەرگرتوەو بەرهەمێکی بە نرخ و بێوێنەی لێ پێك هێناون. خۆی گوتەنی کتێبەکەی نە ڕۆمانە نە بیرەوەری، نە مێژووە، نە جوغرافیا، نە وتارە نە شانۆنامە، نە شێعرە نە پەخشان، هیچیان نیەو هەموویانە. مرۆڤ کە دەستی دایەو دەستی کرد بە خوێندنەوەی یەکەم لاپەڕی، ناتوانێ دەستی لێ هەڵبگرێ و هەتا کۆتایی، وازی لێ بێنێ.

ڕەسووڵ هەمزەتۆف لەم کتێبەیدا، ناسیونالیستێکی تۆخە، نەك هەر گەلی داغستان و فۆلکلورو مێژووەکەی، بەڵکوو دارو بەردو کانی و مەل و هەرچی لە گیاندارو بێگیان، ملکی ئەو گەل و سەرزەوییەن بە جوانترین وەسف و تەعبیر بە خوێنەر دەناسێنێ و لەبەر چاوی شیرینیان دەکا. بەڵام شانبەشانی بیرو هەستی نەتەوەپەرستی، بە ڕوونییش ئەم ڕاستییە لە کتێبەکەیدا دەخوێنییەوە کە ئەو خۆی بە هاووڵات (تبعە)ی نیشتمانێکی گەورەتر لە داغستان و ئەندامی کۆمەڵگەیەکی هەراوتر لە چیاییەکان، دەزانێ. هەست و بیرو قەڵەم و نووسینی ڕەسووڵ هەمزەتۆف نموونەیەکی زۆر باشن بۆ ئەوەی قبووڵ بکەین کە: دەکرێ مرۆڤێك هەر لەو کاتەدا کە نەتەوەکەی خۆی و نیشتمانەکەی تا ڕادەی پەرستن خۆش بوێ، مولکی هەوو مرۆڤایەتی بێ و کۆمەڵگەی جیهانی بە شانازییەوە، بە ئەندامێکی زۆر بە نرخی خۆی بزانێ. "داغستانی من"ی ڕەسووڵ هەمزەتۆف پێمان دەڵێ مرۆڤ بۆ ئەوەی ببێتە مولکی سەرجەم مرۆڤایەتی و هەموو جیهان، پێویست ناکا نەتەوەکەی خۆی فڕێ داو پشت بکاتە گەل و نیشتمان و پێناسە نەتەوایەتییەکانی. هەمزەتۆف فێرمان دەکا هەر لە جێدا ئەگەر بمانەوێ هەموو گەل و نەتەوەیەکمان خۆش بوێ و خەمخۆرو دڵسۆزی ئینسان و ئینسانەتی بین، دەبێ لە خۆشەویستیی دایك و باب و خوشك و براو دەرو جیران زێدو ماڵ و گوندو شاری خۆمان و ژینگەو نیشتمانی داپیرەکان و باپیرانمان ڕا دەست پێبکەین.

"ڕەسووڵ هەمزەتۆف" لە بەرەکەتی زەحمەتی شیاوی ئافەرینی مامۆستا عەزیز گەردی کە هەردوو بەرگی "داغستانی من"ی ئەو نووسەرە گەورەیەی لە نیوەی دووهەمی دەیەی ٧٠ی زایینیدا، کردن بە کوردی، بۆ زۆر لە خوێنەرانی کورد، ناوێکی ئاشنایە. منیش بۆ ناسینی قەڵەمی جوان و بیری بەرزو سەرنجی وردو پڕ لە وانەی نیشتمانپەرستی، گەلدۆستی و مرۆڤخۆشەویستیی ئەو نووسەرە، خۆم بە قەرزداری مامۆستای ئازیز عەزیز گەردی دەزانم و پاش تێپەڕینی نزیکەی ٢٠ ساڵ لە خوێندنەوەیان، هێشتا چێژو تامیانم لەبیر نەچوونەوە. ئەم ڕۆژانە کە هەواڵی مەرگی ڕەسووڵ هەمزەتۆفم خوێندەوە، بە بێ ئەمەگیم زانی نووسینی ئەمجارەی ئەم ستوونە بۆ یادکردنەوەی کەسێك تەرخان نەکەم کە کتێبەکەی ـ تا ئێستاش ـ بە یەکێك لە باشترینی ئەو کتێبانە دەزانم کە لە ژیانمدا خوێندومنەوە.

لەکاتێکدا بیرم لەو وشانە دەکردەوە کە یادی هەمزەتۆف و داعستانەکەی پێبنەخشێنم، هەواڵی مەرگی کەسێکی دیکەم بیست کە پێم وابوو، مەرگی ئەویش هەڵدەگرێ بەشێك لەو ستوونەی بۆ تەرخان کەم. ئەگەر ڕەسووڵ هەمزەتۆف لەبەر ئینسان بوون و پەرەپێدانی گیانی تەبایی و برایی نێوان میللەتان لەسەر بناغەی بەرابەری و ڕێز لێك گرتن و ئەو هەمووە سۆزو عاتیفەو هزرو بیرە بەرزو جوانانەی، لە ڕەوانە کردنی بۆ جیهانی ئەبەدییەتدا هەقە لەسەری بنووسرێ، مەرگی ئەو "ناودارو ناوبەدەرەوە"یەی دیکەش، بە هۆیەکی بە تەواوی ناتەبا و دژ لەگەڵ ئەم هۆیانە، شیاوی لەسەر نووسینە. ئەویش چەندین نەوەی دیکە لەبیری نابەنەوەو ناوی بۆ هەمیشە لە مێژوودا دەمێنێ، بەڵام نەك لەبەر ئینسان بوون و خزمەتکردن بە ئینسانەتی. بەڵکوو لەبەر نائینسان بوون و بێبەری بوون لە سۆزو بەزەیی و هەستی ئینسانی" سەبارەت بە بێگانە بوونی لەگەڵ هەموو خوو و خدەو تایبەتمەندییە ئینسانییەکان" بە بۆنەی دوژمنایەتیی بێسنووری لەگەڵ مرۆڤە دێموکرات و پێشکەوتنخوازەکان و نوقمبوونی لە جینایەت و خوێنڕێژیدا" لەبەر ئەوەی سەمبوڵ و ناسێنەری ڕاستەقینەو پڕبەپێستی دەسەڵات و سیستەمێکی سیاسی بوو کە جگە لە کوشتن و خوێنڕشتن و وێرانکردن و تاڵاودەرخواردانی مرۆڤەکان، هیچی دیکەی لەدەست نایە.

باسی "خەڵخاڵی" دەکەم، ئەو جانەوەرەی لە لایەن خومەینیی دڵڕەقتر لە خۆیەوە کرا بە "حاکم شرع"و مەئموورییەتی پێدرا بەبێ هیچ موحاکەمەو لێپرسینەوەیەك و تەنیاوتەنیا بە گوێرەی مەیل و زەوق و سەلیقەی خۆی، ئینسانەکان بە مەرگ مەحکووم بکاو گیانیان لێبستێنێ. باسی جەلادی خەڵکی کوردستان دەکەم کە بە دوای دەرچوونی فەرمانی جیهادی ڕێبەری ڕێژیمەکەی لە دژی گەلی کورد، هاتە کوردستان و لە هەر شارێك چەند سەعاتێك گیرسایەوە، بۆ ئەوەی حوکمی ئێعدامی کۆمەڵێك لاو و مێرمنداڵی بێدیفاع و بێتاوان کە هێندێکیان بریندار بوون و دەست و لاقیان لە گێچدا بوو، دەربکا. باسی جینایەتکارێك دەکەم کە بەو هاسانییەی ئەو مرۆڤەکانی لە بەرامبەر ڕەگباری ژ-٣ ی پاسداراندا ڕادەگرت، هیچ سەللاخێك مریشك بەو تەردەستییە ناکوژێتەوە.

"خەڵخاڵی" وەك دەسەڵاتدارو کاربەدەستە جینایەتکارەکانی بەرودوای خۆی، ئیدیعای دەکرد هەرچی کردوویەو دەیکا، بۆ "خودا"ی دەکا! "هەمزە تۆڤ" ئیدیعای لەو جۆرەی نەبوو، بەڵام پێی وابوو میللەتان، بە جیاوازیی ئایین و زمان و سەرزەوی و فەرهەنگەوە، جوانن و سەرەڕای ئەم جیاوازییانەو زۆرو کەمیی ژمارەیان، بەرابەرن و وەك یەك جێگای ڕێزن. زمان و قەڵەمەکەشی لە خزمەت ئەو جۆرە بیرکردنەوەیەدا بوون. "هەمزەتۆڤ" کە دەمرێ نەك هەر لە نێو نەتەوەو وڵاتەکەی خۆیدا، بەڵکوو لەوپەڕی دنیاوە بە ڕێزەوە ناوی دێنن و یادی بە خێر دەکەنەوە. خەڵخاڵییش کە ئەم دنیایە جێدێڵێ، لە پێشدا لە وڵاتەکەی خۆی و لەگەڵ هاونیشتمانانیدا، هەر مرۆڤێکی ڕاستەقینە لەهەر جێیەکی ئەو جیهانە، کە ناسیبێتی، تف و لەعنەتی بۆ دەنێرێ.

## بەهۆی پەرەگرتنی نەخۆشیی ئەیدزەوە
## ئێران خەریکە بەرەو کارەساتێکی کۆمەڵایەتی دەچێ!



مورتەزا خەیرابادی نوێنەری خەڵکی سەبزەوار لە مەجلیسی شووڕای ئیسلامی لە وتوویژ لەگەڵ هەواڵدەریی "ایسنا"دا گوتی: بە داخەوە بەرپرسانی وڵات تێگەیشتنێکی گونجاویان لە نەخۆشیی ئەیدز لە وڵاتدا نیەو ئەو نەخۆشییە وەك نەخۆشییە درمییەکانی دیکەی وڵات سەیر دەکەن. تێپەڕینی زەمان نیشانی داوە کە ئێمە لەبارەی پەرەگرتنی ئەیدزەوە خەریکین بەرەو کارەسات دەچین.

خەیرابادی گوتی: خەڵکمان لە نەخۆشیی ئەیدز ترساندوە. ئەوە لەچەند بارەوە جێگای مەترسییە. مەترسییەك ئەوەیە کە زۆربەی ئەوانەی تووشی ئەو نەخۆشییە دەبن بە هۆی ترسان لەو نەخۆشییە سەردانی ناوەندە دەرمانییەکان ناکەن و ئەوەندە لەو بارەوە خۆ دەبوێرن تا نەخۆشییەکە دەگاتە دوا قۆناغی خۆی. کاتێکیش گەیشتە ئەو قۆناغە، خزم و کەسوکارەکەی بە زۆری دەیبەن بۆ ناوەندە دەرمانییەکان.

ئەندامی کۆمیسیۆنی بەرنامەو بودجەی مەجلیس هەروەها گوتی: هەر ئێستا لە بواری نەخۆشیی ئەیدزدا لەگەڵ وەزعێکی پرمەترسی بەرەو ڕووین و بەداخەوە کارێکی بە کەڵکیش لەو بارەوە ئەنجام نەدراوە. ئەوەتا بە چاوی خۆمان دەبینین کە نەخۆشێکی گیرۆدەی ئەیدز دەبی پوولێکی زۆر بۆ دەواو دەرمان بدا. هۆیەکەی دیکەی خۆبواردنی نەخۆش لە چوون بۆ دوکتورو دەرمان وەرگرتن، لە سەرەوەبوونی نرخی دەرمان و دەست نەکەوتنی لە کاتی پێویست دایە.

بە قسەی خیرابادی، ئەو ئامارانەی بڵاو دەکرێنەوە نیشان دەدەن کە نزیکەی ٢٠ تا ٣٠ هەزار نەخۆشی گیرۆدەی ئەیدز لە ئێراندا هەن. هەر ئەم ئامارەش زۆر جێگای نیگەرانییە. چونکە ئەوە ئاماری ئەو کەسانەیە کە تا ئێستا بە هۆی جۆراوجۆرو یەك لەوان لە ڕێگای خوێندانەوە ئاشکرا بوون. واتە بۆ بەخشینی خوێن چوونەتە ناوەندەکانی ڕاگوێزتنی خوێن. بەو هۆیەوە کە ناوەندەکان ناچارن خوێنەکان تاقی بکەنەوە، لە ڕێگای تاقیکردنەوەی ئەو خوێنانە، ئەو ژمارە نەخۆشە ئاشکرا بوون. خەیرابادی گوتی ئەگەر هەنگاوی جیددی لە پێوەندی لەگەڵ ئەو نەخۆشییەدا هەڵنەگیرێ، لە داهاتوویەکی نە زۆر دووردا، ئێران بە هۆی ئەو نەخۆشییەوە لەگەڵ قەیرانێکی کۆمەڵایەتی بەرەو ڕوو دەبێ.

## پەیامی یەکەمین سکرتێری گشتیی ژنی ڕێکخراوی نێونەتەوەیی لێبووردن



### بەبۆنەی هەرەوەزی خەبات بۆ نەهێشتنی توندوتیژیبە دژی ژنان

توندوتیژی دژی ژنان و کچان یەکێك لە گیروگرفتە بەربڵاوەکانی سەر ڕێی مافی مرۆڤ لە سەردەمی ئێمە دایە. توندوتیژی دژی ژنان سنووره فەرهەنگی و مەزهەبی و سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان دەبڕێ، سەردەمی شەڕو سەردەمی ئاشتی ناناسێ، لە شوێنی کار، ژووری خەو و مەیدانی شەڕدا ڕوو دەدا.

لە "گوما" لە ڕۆژهەڵاتی کۆنگۆ، دەستدرێژی بۆ سەر ژنان بووە بە بەشێك لە ستراتیژیی نیزامی. لە ئینگلیستان لە هەر دەقیقەیەکدا، تەلەفۆنێك بە مەبەستی داوای یارمەتی لە بەرامبەر توندوتیژیی بنەماڵەییدا دەکرێ. لە ئەفریقای باشووردا، کچانیلاو لەگەڵ زۆرترین مەترسیی دەستدرێژی بەرەوروون. لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، هەر ساڵێك ٧٠٠ هەزار ژن دەستدرێژییان دکرێتە سەر، لە ڕووسیە، ساڵێ ١٤ هەزار ژن بە دەستی مێرد یا دۆستە کوڕەکانیان دەکوژرێن. لە سەرانسەری جیهاندا ١ میلیۆن و ٢٠٠ هەزار ژن خەتەنە کراون.

من وەك یەکەم سکرتێری گشتیی ژنی ڕێکخراوی نێونەتەوەیی لێبووردن، بەرەوپێشبردنی خەباتی گشتی بە دژی توندوتیژی لە ئاست ژنانم کردوە بە یەکێك لە ئامانجە تایبەتییەکانی خۆم. لە ڕۆژی جیهانیی ژن (٨ی مارس)ی ٢٠٠٤ی داهاتوودا ڕێکخراوی نێونەتەوەیی لێبووردن، هەوڵێکی گشتی لە ئاستی جیهانیدا بە دژی توندوتیژی بەرامبەر ژنان بەڕێوە دەبا. هیوادارم کە بە پشتیوانیی خەڵکی ئاسایی هەم ژنان و هەم پیاوان، ئێمە کۆتایی بەم پەڵەی شوورەییە لەسەر تەوێڵی مافی مرۆڤ بێنین.

**ئایرین کان**
**یەکەم سکرتێری گشتیی ژنی ڕێکخراوی نێونەتەوەیی لێبووردن**

## تێهەڵدانێکی جانانە بۆ "ئاغای جۆکی ئێران"
### سەبارەت بە سووکایەتی بە ئازەرییەکان

شەوی ٥ی سەرماوەز، لە ڕێورەسمێکی شاددا کە هاوکات لەگەڵ جێژنی ڕەمەزان لە سینەما فیردەوسیی تاران و بە بەشداریی نزیك بە هەزار بنیەر، بەڕێوەچوو، "حەمید ڕەزا ماهی سفەت" کە بە "ئاغای جۆکی ئێران" بە ناوبانگە، بە هۆی سووکایەتی بە تورکەکانی ئازەربایجان لەگەڵ ڕەخنەو نارەزایەتیی بەشداران و هێرش و پەلاماری سێ لاوی بە تەواوی تووڕە بەرەو ڕوو بوو.

کاتێك حەمید ڕەزا چووە سەر شانۆ، وەزعەکە بەرەبەرە گۆڕا. ناوبراو گوتی دەیەوێ لەم شەوەدا هێندێك لە جۆکە کۆنەکان بڵێتەوەو لەو پێوەندییەدا داوای ئیجازەی لە "هاونیشتمانانی ئازەری" کرد کە ئەوانیش نارەزامەندیی خۆیان دەربڕی، بەڵام ناوبراو گوتی: من ئەمشەو ئەو جۆکانە هەر دەڵێم، ئەو ئازەرییانەی پێیان خۆش نیە گوێیان لە جۆکەکانم بێ، دەتوانن لەکاتی گێڕانەوەی ئەو جۆکانەدا لە سالۆن بچنە دەرو بچن چایی بخۆنەوە". بەم قسانە هێندێك لە بەشداران تووڕەتر بوون. ناوبراو پاشان دەستی کرد بە گێڕانەوەی جۆکەکانی کە هێندێکیان گاڵتە کردن بە دانیشتووانی هێندێك شارو، هێندێك گەلی ئێران بوون. ئەو جۆکانەی ناوبراو لەبارەی قەزوینییەکان، شیرازییەکان، ڕەشتییەکان و یەزدییەکان گێڕانییەوە، لەو جۆکانە بوون کە لەنێو خوارترین توێژەکانی کۆمەڵ و لە ڕاستیدا لەنێو لۆمپێنەکاندا باون. . . بەڵام کاتێك "ماهی صفت" سێهەم جۆکی خۆی بێ وەبەرچاو گرتنی نارەزایەتیی دەربڕاو لەبارەی تورکەکان دەست پێ کرد، دەیان هێلکەو تەماتەی گنخاو لە باڵکۆنی سینەماکەوە، پێدادرا. ڕاست لەو کاتەدا سێ لاوی بە تەواوی تووڕە بە هێمنی خۆیان گەیاندە سەر شانۆو دەستیان کرد بە تێهەڵدانی "ئاغای جۆکی ئێران". یەکەم زللە کە وەبنانگوێی ئەو کابرایە کەوت، ئەوەندە توند بوو کە خستی.

بە دوای ئەم ڕووداوەدا، بەرنامەکە شێوا. چەند کەسێك هێرشیان کردە سەر ئەو سێ لاوە. بەشێك لە بینەرانیش بۆخۆیان پێك وەربوون. پێکهەڵپڕژان لە باڵکۆن و ڕێڕەوەکانی سینەما ٣٥ دەقیقەی خایاند.



ئەوە دووهەم ڕووداوی لەو چەشنە بوو کە لە دوو مانگی ڕابردوودا دەهاتنە پێش. لە مانگی خەزەڵوەریش لە کاتی بەڕێوەچوونی "جێژنی هێزە ئینتیزامییەکان" لە کەرەجدا کە ڕاستەوخۆ لەلایەن شەبەکەی تاران بڵاو دەبۆوە، دیسانەکە لەسەر سووکایەتی بە هاونیشتمانانی ئازەری، جۆکێرێکی ئیسفەهانی، لەلایەن لاوانی ئەندامی تیمی هەڵپەڕکێی ئازەربایجان، تێهەڵدانێکی باشی وەیکەوت.